# ستراتیژی نیشتیمانیی
# بۆ پەرەپێدانی ڕەوشی ئافرەتان
## لە هەرێمی کوردستاندا
# ٢٠١٦-٢٠٢٦

**ئامادەکردنی**

**ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان**

چاپی یەکەم ٢٠١٧

**ئەم ستراتیژە**

بەبڕیاری ژمارە ٩٨ی ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠١٦/١١/٢٢

پەسند کراوە.

| |
|---|
| ستراتیژی نیشتیمانیی بۆ پەرەپێدانی ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا ٢٠١٦-٢٠٢٦ |
| ئامادەکردنی: ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان |
| سەرپەرشتیاری چاپ: دلێر ئیبراهیم |
| چاپی یەکەم ٢٠١٧ |
| تیراژ ٥٠٠٠ دانە |
| چاپخانەی شەهاب – هەولێر |
| ژمارەی سپاردن: /٢٠١٧ – هەولێر – هەرێمی کوردستان – عێراق. |

# پێشەکی

ئەو گۆڕانکارییانەی کە جیهان و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتیش عێراق و هەریمی کوردستان، بەخۆیەوە بینی، کاریگەری زۆر و هەمەجۆری لەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی بەجێهێشتوە و گەلێك روبەرووبونەوەی تازەیان لەسەر دەوڵەت و گشت کۆمەڵگەدا سەپاندووە، لەوانەش بەتایبەتی پرسی بەشداریکردنی ئافرەتان لە پرۆسەی پەرەپێدان، وەك هاوڵاتییەكی تەواوی خاوەن ئەرك و ماف و بەشێوەکی یەکسان و بەبێ هیچ جیاکارییەك.

پاڵپشتیکردنی پێگەی ئافرەتان و بەدەستهێنانی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو دوو بابەتی پەیوەستن بە مەسەلەی مافەکانی مرڤەوە کە مەرجن بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێویستیشە کە بە شێوەیەکی جیا لە یەکتر لێیان نەڕوانرێت کە پرسگەلێکن تایبەت بە ئافرەت، بەلکو تاکە رێگایە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەك کە قابیلی بەردەوامیی بێت و دادپەروەر و پێشکەوتوو بێت، هەروەها دوو مەرجی سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ژینگەیی لە وڵاتدا.

زۆربەی دەستپێشخەریی و ڕاپۆرت و ستراتیژیەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لە پێویستی بەشداربوونی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی دەکەنەوە لە بەدیهێنانی پەرەسەندندا، وەك گەرەنتیەك بۆ بەدیهێنانی پەرەسەندنی بەردەوام بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە ، بەتایبەتی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی گەشەی ئابووری بەتەنیا بەس نیە بۆ باشکردنی ژیان و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان، پشتگوێخستنی ڕەهەندی مرۆڤایەتی پشکداریی لە دروستبوونی بارودۆخێکدا دەکات کە ڕەنگە ئاستی جیاوازییەکان و پەراوێزخستی کۆمەڵایەتی تیادا زیادبکات وەك بڵاوبوونەوەی شێوازەکانی جیاکاری، توندوتیژی ،کوشتن بە شێوەیەکی گشتی و لەوانەشە ئافرەت بە هۆی پێگەی لاوازی خۆی و

بارودۆخە کۆمەڵایەتییە دەرەکیەکانی تری سەر کۆمەڵگەی کوردستان زیاتر روبەڕوی ئەو دۆخە ببێتەوە.

لە ژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بنیادنانی سیستمێکی سیاسی دیموکراسی مەدەنی بەشداریکردنی ئافرەتان وەك هاوڵاتیەکی (کامڵ) تەواو لە پێویستییە خوازراوەکانە. لێرەوە بایەخی پەسندکردنی ستراتیژییەتێکی نیشتمانی گشتگیر دەردەکەوێت، کە تیایدا بتوانرێت مافەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە زامنبکات، ئەمەش بە پەیڕەوکردنی رێبازێکی گشتگیر و پەیوەست بە هەموو لایەنەکانی گەشەپێدان کە بریتیە لە: یەکسانی نێوان ژن وپیاو و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لەگەڵ بە ئاگابوون لە بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان.

باسکردنی سیما نەرێنییەکان لە کۆمەلگە و کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان، بە تایبەتیش ئەوانەی کە پەیوەستن بە چەوساندنەوە و داپڵۆسینی ئافرەتان و جیاکاری و توندوتیژی لەدژیاندا لەبازنەی کۆمەلگە و خێزان و شوێنی کار... هتد، لە یەکەمینەکانی ئەجەندای حکومەتی هەریمی کوردستاندایە، بۆ ئەم مەبەستەش پشتگیری لە دەستپێشخەرییە هاوبەشییەکەی نێوان چەندین لایەن پشتیوانیی لە ئامادەکردنی ستراتیژییەتێکی نیشتیمانی کرد بە ئامانجی پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی پێگە و ڕۆڵی ئافرەتی کوردستانی لە میانەی بەگەڕخستنی هەموو هەوڵەکان بۆ لابردنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ئافرەتانی کوردستانی بە مەبەستی زامنکردنی هەموو مافە مرۆڤایەتیەکانیان وجێبەجێکردنی هەموو ڕێوشوێنێك بۆ بەتواناکردنی بۆ ئەو کارە و بەدیهێنانی یەکسانی تەواو لە نێوان ئافرەت و پیاو لە کۆمەلگەی کوردستانیدا.

ئەم پلانە ستراتیژیە تەواوکارو هاوکارە بۆ گشت ئەو پلانە ستراتیژیانەی کە لەلایەن دامەزراوەکانی هەرێمەوە پەسەندکراون و لە داهاتوشدا پەسەنددەکرێن تایبەت بە پەرەسەندن و پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان لە گشت ئاستەکاندا.

# ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی و میتۆدی پلانە ستراتیژییەکە | |
| **چوارچێوەی گشتی و میتۆدی کارکردن** | |
| ١. ڕەوشی گشتی: | |
| ١-١ پێدراوە کۆمەڵگەیی - دیموگرافیەکان | |
| ١-٢ ڕەوشی سیاسی | |
| ١-٢-١ سیستمی سیاسی | |
| ١-٢-٢ بارودۆخی سیاسی گشتی و کاریگەری لەسەر... | |
| ١-٣ ڕەوشی کۆمەڵایەتی | |
| ٢. ڕێڕەو و میتۆد | |
| ١-١ خاڵی دەستپێکردن و باکگراوندی بنچینە... | |
| ١-٢ پرۆسەی ئامادەکردنی ستراتیژییەتەکە | |
| ٣. دیدگا | |
| ٣-١ باکگراوندی گشتیی | |
| ٣-٢ میتۆدی ستراتیژییەتەکە | |
| ٣-٣ هەلە ڕەخساوەکان بۆ سەرخستنی ستراتیژییەتەکە | |
| ٣-٤ ئەو کۆسپانەی ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی... | |
| بەشی دووەم: بوارە سەرەکییەکانی ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان و گرنگیپێدان | |
| ١- دەروازەی گشتی | |
| ناوەرۆك | |
| ١-٢ کۆششەکان بۆ بەتواناکردنی ئافرەتان لەسەر ئاستی هەرێمدا | |
| ٣-١ فێرکردن | |
| ٣-٢ تەندروستی گشتی و تەندروستی وەچەخستنەوە | |
| ٣-٣ بەشداریکرنی ئافرەتان و بەتواناکردنیان لە بواری ئابووریدا | |
| ٣-٤ بەشداریکردن لە بواری سیاسی و بڕیاردان‌دا | |

| | |
|---|---|
| ١.        بەرئەنجامەکان | |
| بەشی سێیەم: میکانیزمی دامەزراوەکان بۆ جێبەجێکردن،چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن | |
| ١.        میکـــانیزمە دامەزراوەییەکـــان لە پێنـــاو جێبەجێکـــردن، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن | |
| ١-١        ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان | |
| ١-٢        رۆڵی کەرتە حکومییەکان | |
| ١-٣        ڕۆڵی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان | |
| ١-٤        رۆڵی دەستە سەربەخۆکان | |
| ١-٥        ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی | |
| ١-٦        رۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن | |
| ٢.        میکانیزمەکانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن | |
| ٢-١        دابینکردنی زانیارییەکانی هێڵی سەرەکی | |
| ٢-٢        ژێرخانی دامەزراوەیی | |
| ٢-٣        دانانی سیستەمی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن | |
| ٢-٤        ئاماژەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە | |
| ٣.        میکانیزمەکانی هاوکاری و هەماهەنگی و جێبەجێکردن | |
| ٣-١        چوارچێوە ومەرجەکانی پێکهێنانی میکانیزمەکان | |
| ٣-٢        لێژنەی باڵای نیشتیمانیی بۆ پەرەسەندنی ئافرەتی کوردستانی و وەدیهێنانی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز: | |
| ٣-٣        لێژنەی جێبەجێکاری تواناسازی ئافرەتان وبەدیهێنانی یەکسانی | |
| ٣-٤        ئەندامبوون و ئەرکەکان | |

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی گشتی و
# میتۆدی پلانە ستراتیژییەکە

# چوارچێوەی گشتی و میتۆدی کارکردن

## ١. ڕەوشی گشتی:

### ١-١ پێدراوە کۆمەڵگەیی - دیموگرافیەکان

لە عێراقدا هەرێمی کوردستان، کیانێکی فیدراڵییە پایتەختەکەی هەولێرە و سنوورەکەشی لە خۆرهەڵاتەوە ئێران، و تورکیا لە باکور و سوریاش لە رۆژئاواوەیەتی. کۆی گشتی ڕووبەڕی هەرێمی کوردستان دەگاتە ٨٠,٠٠٠ کم دوجا. ژمارەی دانیشتوانەکەشی لە ساڵ ٢٠٠٩ دا گەیشتۆتە (٤,٦٩٨,٧٩٠) کەس و چاوەڕوانیش دەکرێت کە ژمارەی دانیشتوانەکەی بۆ ساڵی ٢٠١٦ بگاتە نزیکەی (٥,٦٠١,٢٢٧) کەس[١].

### ١-٢ ڕەوشی سیاسی

#### ١-٢-١ سیستمی سیاسی

سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا پشت بە فرەلایەنی سیاسی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، دەبەستێت. دەستووری عێراقی دان بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەنێت.

#### ١-٢-٢ بارودۆخی سیاسی گشتی و کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەدا

هەرێمی کوردستان دوای راپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ١٩٩٢ و پێکهێنانی حکومەت،

---

(١) ئەم زانیاریانە لە پرۆژەی پلانی گەشەکردنی هەرێمی کوردستان ٢٠١١-٢٠١٦ وەرگیراوە.

پێشـکەوتنێکی بەرچـاوی لە بـوارە جیاجیاکانـدا بەخـۆوە بینیـووە. لە ئەنجـامی هەوڵـی دەسـەڵاتە فەرمییەکـان و ڕێکخراوەکـانی کـۆمەڵی مەدەنی، کوردستان چووە قۆنـاغێی تـازەوە سـەبارەت بەو بـارودۆخەی کە پێشـووتر و ئازارەکـانی لە سیاسـەتە دوژمنکارییەکـانی ڕژێمـی پێشووی عێراق دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامی دابوو لە بەکارهێنانی دڕندانەترین جۆری سەرکوتکردن و ئاوارەکردن و دەرکردنـی زۆرەملـێ لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیاسەتی خاکی سـوتێنراو و وێرانکردنـی تەواوی ژێرخانی ئابووری و جینۆساید، بەتایبەتیش لە شاری هەڵەبـجە ٥٠٠٠ مرۆڤ بە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لەناوبران و زیـاتر لە ٥٠٠٠ مرۆڤی دیکەش بریندداربون و تووشی شێواندنی جەسـتەیی بوون. سەرباری لە ناوبردنی (١٨٢٠٠٠) مرۆڤ لە چوارچێـوەی پرۆسـە بەدناوەکـانی ئەنفالـدا, کە بـووە هـۆی دەرکەوتنـی چەنـدین کێشـەی کـۆمەڵایەتی کە ئافرەتـان قوربـانی یەکەمـی بـوون، سـەرباری کێشـە ئابوورییەکـان کە بـوونە هـۆی زیـادبوونی ڕێـژەی نەخوێنـدەواری و هەژاری و بێکاری و پیادەکردنی جیاکاری و توندوتیژی دژ بە ئافرەتان.

لە دوای هاتنی داعش بۆ ناوچەکە لە ناوەڕاستی سالی ٢٠١٤ و، جـارێکی دی کوردسـتانیان و خـاکی کوردسـتان روبەڕووی کاولکـاری کۆمەڵکوژی کەم وێـنە بـوونەوە سـەرەڕای ئەوە لە کۆتـایی ٢٠١٦ دا، ژمـارەی ئـاوارەی شـارەکانی تـری عێـراق و پەنـابەران لە هەرێمـی کوردستان، گەیشتە زیاتر لە ١،٨٠٠،٠٠٠ کەس.

## ٣-١ ڕەوشی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگەی کوردستانی، زیاتر کۆمەلگەیەکی نەریتی باوکسالاری موحافیزکـارە، سـیمای بونیـادی کـۆمەلگەیی بـریتیە لە، دابەشـکردنی رۆلی ژن و پیـاوە ئەرك و بەرپرسـیارەتیان لەسـەر بنەمـایەکی نەریتـی

لەسەر هەمان بنەما بەپێی گەورەو بچووکی تەمەن لەنێو هەمان کۆمەڵی پیاواندا وە لە کۆمەلە جیاجیاکانیشدا دەرهاویشتەی ئەم سیما نەریتییە کاریگەرە لەسەر رێکخستنی پەیوەندییەکان لە ناو و خێزان لە دەروەوەی خێزان لە چوارچێوەی دامەزراوە کۆمەلگەیەکان، هەروەها بە سوود وەرگرتن لە دەرفەت و داهاتەکان وە ئازادی بەکارهێنان بە دابەشکردنی دەسەڵات وە بڕیاردانیشەوە لە ناوەوە و دەرەوەی خێزاندا، ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتیە نەریتیە، ژنان دەخاتە ژێر باری هەندێك دابونەریتی کۆمەڵایەتی سەخت، وەك هاوسەرگیری پێش وەخت، هاوسەرگیری نێوان خزمان، ژن بە ژن، ئەم داب ونەریتیانەی کە چارەنوسی هاوسەرەکان پێکەوە گرێ دەدەن.

لەهەمان کات ژنان بەشێکی گەورە لەپەڕاوێزخراوەکانن بەتایبەتی ژنانی کەمایەتیە ئاینی و نەوتەوەیەکان وە کچانی گەنج و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان وە قوربانیانی ئەنفال وە تاوانەکانی دیکەی رژێمی پێشوو، لەم دوایەش قوربانیانی تاوانەکانی تیرۆرستانی داعش.

دیارە چارەسەری ئەم بابەتانە پێویستی بە پتەوکردنی چوارچێوەی یاسایی وە رێسا و رێوشوێنە پیادەکراوەکانی حکومەتە، لە پێناو دابینکردنی مافی بەشخوارو و پەراوێزخراوەکان لەرێگەی پشتگری پلانەکان و کارکردن بۆزیاتر تێگەیشتنی حکومەت لە پێداویستیەکانی ئەم توێژانەی ژنان.

## ٢. ڕێڕەو و میتۆد

### ٢-١ خاڵی دەستپێکردن و باکگراوندی بنچینە نیشتیمانی و نێودەوڵەتیە پشت پێ بەستراوەکانە لە داڕشتنی ئەم پلانە ستراتیژییەدا.

ئامادەکردنی ئەم پلانە ستراتیژییەبە پشتی بە ئەزموون و دەستکەوتە نیشتمانییەکان بەستووە، لەم چوارچێوەیەشدا دەبێت ئاماژە بە زۆرێک لە هەوڵ و کۆششی ماوەی ٢٥ ساڵی رابوردووی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدرێت و بەتایبەت ئەو رێکخراوانەی گرنگیانداوە بە پرس و کاروباری ئافرەتان و مافە مرۆییەکانیان لە کوردستان بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکان و ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەی کە کاردەکەن بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ژنان، هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ وە چەندین دەزگای حکومی پەیوەندیدار بە نەهێشتنی جیاکاری دژ بەژنان پێکهێنراوە.

ستراتیژییەتی نیشتمانی بە رونی پشت بە پرنسیپی پەرەپێدانی ئافرەتان لەروحی دەستووری عێراقییەوە دەبەستێ و وەریدەگرێت وەردەگیرێت کە وەك زۆرێك لە مادەکانی پەیوەندیدار بە پرەنسیپی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز بەرانبەر بە یاسا دەبەستن...هەروەها ئەم ستراتیژییەتە لە ئیرادەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ هەستانەوەی کۆمەڵگەی کوردستانی. هەروەها پەرەپێدان و پشتبەستنی ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ (پەرەپێدان)ی ئافرەتان لە کوردستاندا ئاکامێکی سروشتی و لۆجیکی پێکدەهێنێت لە بەندەکانی پرۆژەی دەستوور و سیاسەتی هەرێمی کوردستان بۆ بنیاتنانەوەی هەرێم لەسەر بنەماکانی دیموکراسی، مەدەنی و

ڕێزگرتن لە مافەکـانی مـرۆڤ و ئـازادییە گشـتییەکان و ڕەتکـردنەوەی هەمـــوو جۆرەکـــانی جیاکـــاری لە کـــۆمەڵگەدا ســـەرباری ئەمەنـــاش بـارودۆخی ئـابووری سـەخت بەهـۆی ڕوبەڕووبـونەوەی تیـرۆرو خەرجـی تـایبەت بەو بـوارە و پەککەوتنـی هەنـدێ چـالاکی ئـابووری، بەهـۆی شەڕی داسەپاو، بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بـودجەی گشتی عێراق و دابەزینی نرخی نەوت لەسـەر ئاسـتی جیهـان و هـاتنی ژمـارەیەکی زۆری ئـاوارە لە نـاوچە جیاجیاکـانی عێـراق و پەنـابەری دەرەکی.گشت ئەمانە کاریگەری سـەختیان هەبـووە لەسـەر بـارودۆخی گشتی خەلکی کوردستان و بەتایبەتی ئافرەتان هەبووە.

ئەم ســـتراتیژییەتە پشـــت بە بەڵگەنـــامەگەلێکی نیشـــتمانی دەبەسـتێت لەوانەش ڕەشنوسـی پلانـی گەشـەپێدانی سـتراتیژییەتی هەرێمـــی کوردســـتان (٢٠١٢-٢٠١٦) و ســـتراتیژییەتی نیشـــتمانی بەرەنگـاربوونەوەی تونـدوتیژیی دژ بە ژنـان، هەروەهـا سـتراتیژییەتی نیشتمانی بۆ کەمکـردنەوەی هەژاری (٢٠١٠-٢٠١٤) و سـتراتیژییەتی تەندروستی وەچەخستنەوە و دیـدگەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بۆ ساڵی (٢٠٢٠).

لە هەمانکاتـــــدا ئەم ســــــتراتیژییە پشـــــت بە پابەنـــــدییە نێودەوڵەتیەکانی عێراق دەبەستێت، بەو پێیەی ئەنـدامە لە ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتوەکانـــدا. لە نێـــوئەو پابەندیانەیـــدا، پەســـندکردنی جاڕنــامەی گەردوونــی مافەکــانی مــرۆڤ و ڕێکەوتننــامەو بەلێننــامە نێودەوڵەتیەکـانی دیـکەی تـایبەت بە مافەکـانی مـرۆڤ لە نێویانـدا ڕێکەوتننـامەی نەهێشـتنی هەمـوو جـۆرە جیاکـارییەك دژی ئـافرەت (سـیداو) و پلانـی کـۆنگرە نێودەوڵەتیەکـان لەو بـوارەدا، هەروەهـا ئامانجە نێودەوڵەتیەکانی هەزارەی سێیەم (٢٠٠٠_٢٠١٥) بۆ وڵاتانی تازە پەرەسەندو و ئامانجاکانی پەرەسـەندنی بەردەوام لەسـەر ئاسـتی

نێودەوڵەتی (٢٠١٥-٢٠٣٠) ، وا چاوەڕواندەکرێت ئەم ستراتیژیە، ئەو پابەندە نێودەوڵەتیە بەکردار پیادە بکات بۆ سنووردانان بۆ گشت شێوازەکانی جیاکاری کە رووبەروی ئافرەتان دەبنەوە.

## ٢-٢ پرۆسەی ئامادەکردنی ستراتیژییەتەکە

ئامادەکردنی ئەم ستراتیژییەتە هەوڵ و کۆششێکی زۆری خواستووە کە تیایدا هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان لە سەر گشت ئاستەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگا تەشریعی و دادوەری و کۆمەلگەی مەدەنی و ئەکادیمییەکان و هەروەها رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەشدارییان تێداکردووە و دەستەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەتواناکردنی ئافرەتان و یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز، هاوکاریان کردووە هەروەها سەنتەری ئافرەتانی عەرەب بۆ لێکۆلینەوە و راهێنان ناسراوبە (کەوسەر) هاوکاری سەرەکی بوون.

**ئامادەکردنی ئەم ستراتیژییەتەش بەم قۆناغانەدا تێپەڕیوە:**

- پێداچوونەوە و شیکردنەوەی ڕەوشی ئافرەتانی کوردستان بەگشتی وەك هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی بۆ بارودۆخ و تایبەتمەندیەکانی ژنان (لەژیانی تایبەتی و گشتیدا) و دەستنیشانکردنی پێگەکەی بە رەچاوکردنی ڕەهەندەکانی گەشەپێدان وجۆری کۆمەلایەتی و مافە مرۆییەکانی، لە ڕێگای ئەنجامدانی چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پێشوەخت.
- پێداچوونەوە بە چوارچێوە یاساییەکان و بەڵگەنامە و ڕاپۆرتە نیشتمانییە پەیوەندیدارەکان بە رۆڵی ئافرەتان لە گەشەپێدان وپێگەیان لە کۆمەڵگە و رادەی بەدەستهێنانی مافە مرۆییەکانی لە کۆمەڵگەدا.

- پێداچوونەوە بەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیانەی کە پەیوەندیـدارن بە هەڵسانەوە و (پەرەپێدان) ئافرەتان و بەتواناکردنیان.
- ســوود وەرگــرتن لە ئەزمــوونی دەوڵەتــانی دیــکە لە ڕێگــای پێداچوونەوەی ژمارەیەك ستراتیژییەتی تایبەتی هاوشێوە.
- ڕاوێژکــردن و هەمــاهەنگیکردن لەگەڵ دەســتە نیشــتمانی و نێــودەوڵەتییە پەیوەنیــدارەکان کە لە هەرێمــی کوردســتاندا کاردەکەن.
- بەســتنی کۆبــوونەوەی ڕاوێژکــاریی لەگەڵ هەمــوو هــاوبەش و چالاکوانەکـان هەر لە سـەرەتای کـارکردن لە سـتراتیژییەتەکە کە لەو ماوەیەدا توانرا لە مانگی نیسـانی ٢٠١٢ لە هەولێـر میتـۆد و هەنگاوەکانی کاری داهاتوو گەڵاڵە بکرێت.
- ئەنجامــدانی هەڵســەنگاندن و شــیکردنەوەی دامەزراوەیــی بــۆ وەزارتە پەیوەندیـدارەکان نمـوونەیەك لە ڕێکخراوەکـانی کـۆمەڵی مەدنی.
- پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی یەکەم لە لایەن جەنـد شـارەزایەکەوە لە سەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی.
- بەســتنی کۆبــوونەوەی ڕاوێژکــاری لە چوارچێــوەی پێــداچوونەوەی پرۆژەی ستراتیژییەتی بەرەوپێشـبردنی (پەرەپێـدان)ی ئافرەتـان لە هەرێمـی کوردسـتاندا، کە کۆمەڵێـك ژن و پیـاوی شـارەزا لەسـەر داوای ئەنجـومەنی بـاڵای کاروبـاری خانمـان و پشـتیوانی دەسـتەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێنـاو یەکسـانی نێـوان هەردوو ڕەگەز و بەتوانــــاکردنی ئافرەتــــان(un-women)، لەئامادەکردنیــــدا شــەونخونییان کــرد، ئەمەش بــۆ دڵنیــابوون لە ڕادەی توانســتی ئەنجـامە داڕێژراوەکـانی سـتراتیژییەتەکە لە گـۆڕین و باشـکردنی دۆخی ئافرەتان و بە پشتبەستن بە میتۆدی لایەنی کۆمەڵایەتی و

مافی مرۆڤ و کاریگەری لەسەر بنەمای ئەنجامەکان، کە ئەویش لە مانگی تەموزی ٢٠١٢ لە عەمان ئەنجامدرا.

- سیمینار و کۆبوونەوە راوێژکارییەکان لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتەکان، دەزگا حکومییە پەیوەندیدارەکان و زانکۆکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی و ئەو کەسایەتییانەی کە بایەخ بە مەسەلەی مافەکانی ژنان لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمدا دەدەن.

## ٣. دیدگا

### ٣-١ باکگراوندی گشتیی

بارودۆخ و بەرهەڵستییە سەختەکان شوێنەوارێکی چەند بارەیان لەسەر ژن لە هەرێمی کوردستان هەبووە، بە شێوەیەکی تایبەتی بێبەشی کردووە یان هۆکارەکانی بێبەشبوونی زیاتر کردووە لە مافەکانی خۆی لە کارکردن و فێربوون و تەندروستیی و چاودێریی کۆمەڵایەتیی پەیوەندییە خێزانییەکان لەسەر بنەمای رێزی بەرامبەر، ئەمەش وا دەکات کە هەوڵدان بۆ دانانان بەم مافانە پێویست بێت بۆ یەکسانبوونی ژن، سەرباری ئەوەی کە پێویستییەکە بۆ هەستانەوەی کۆمەڵگە و دەوڵەت.

بەڵگەنامەی ستراتیژیی بۆ گەشەپێدانی ژن دەستکەوتێکی نیشتیمانییە، دیدێکی ئایندەیی بنیاتدەنێت کە پشت بە مەرجەعە نیشتیمانییەکان روحی یاسا و مەرجەعە نێودەوڵەتییەکان دەبەستێت کە لە بنەماکانی مافەکانی مرۆڤەوە بۆ ژنان سەرچاوە دەگرێت لە پێناو بنیاتنانی جیهانێك کە تیایدا ئاشتی بەرقەراربێت، و کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن بێت و وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ تەحەدیەکانی سەردەم و پەرەپێدانی مرۆیی بەردەوام بەروویەکی دیکەی ئازادی هەژمار بکات وداد‌پەروەری لەسەربنەمای جێندەر بکاتە

میتۆدێك بۆ دامەزراندنی پەیوەندی مرۆڤانەی ئەوتۆ کە هاوتایی و هەست بەرپرسیاریەتی و گیانی هاوولاتی بوون رووی گەشی ئەو پەیوەندییە بن.

ئەو هەلانەی بۆ ژن رەخساون هەمە جۆرن، بەڵام بە بێ هەوڵێکی رێکخراو و دیدێکی روون، و دەشتنیشانکردنی ئاماژەکانی واقیع، و میکانیزمگەلێکی دامەزراوەیی کارا و بنیاتێکی یاسایی کە چەقەکەی یەکسانیی و دادپەروەریی و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بێت، و سیستمگەلێکی کۆمەڵایەتیی و تەندروستیی و پەروەردەیی وفێرکاری و هەلی سیاسیی و ئەرکیی کە تیایدا پیاوان و ژنان یەکسان بن لە سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزاریەکان بەهاوکاری بەبێ هەموو ئەمانە ئەو هەلانە ناکرێت ببنە راستییەکی واقیع بینانە. لە پێناو هەلکشان بەرەو ئامانجە گەورەکان.

ئەم ستراتیژە بۆ بە تواناکردنی ئافرەتانی کوردستان و وەدەستهێنانی مافە مرۆڤایەتییەکانیان هاتۆتە ئاراوە.

## ٣-٢ میتۆدی ستراتیژییەتەکە

بنەمای ستراتیژییەتەکە لەسەر میتۆدی بەتواناکردن، مانای ئەم چەمکە فراون دەکاتەوە، بە لایەنی رۆشنبیریشەوە، پێویستە رەهەندی رۆشنبیریی بۆ بەتواناکردن لە هەموو دیدێکی پەرەسەندندا ئامادەبیێت، وەك بەرهەڵستییەك بۆ رۆشنبیریی جیاکاریی و پێشێل کردنی مافەکان، ئەوەش ئاماژە بۆ شتێك دەکات کە زۆر لە کۆنترۆڵکردنی داهاتەکان و بنیتانانی تواناکان و وەرگرتنی پۆستەکانی بڕیاردان و چاککردنی بەرهەمهێنان دوورترە، بەتواناکردن لایەنێکی دەروونیی گرنگ لەخۆدەگرێت کە خۆی لە گەشەپێدانی وێناکردنی ئەرێنی لەسەر خود و متمانەکردن بە توانای بەرهەمهێنان

و بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵگە و یەکسانیی لەگەڵ پیاواندا، دەبینێتەوە.

بەتواناکردن پرۆسەیەکە لەخۆوە دروست نەبووە، بەڵکو دیدێکی ستراتیژیی واقیعییە، دەکرێت بۆ ڕێوشوێنی پلان و پرۆگرامگەلێك بگوازرێتەوە کە پوختەکەی هەوڵێکی تەواوکارییە لەنێوان دەزگا فەرمییە دەوڵەتییەکان و کۆمەلگەو پەیوەندییەکان لە نێوان پیاوان و ژناندا.

## ٣-٣ هەلە ڕەخساوەکان بۆ سەرخستنی ستراتیژییەتەکە

- پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کارکردن بۆ بەدیهێنانی یەکسانی نێوان ئافرەتان و پیاوان کە بە شێوەیەکی فەرمیی لە دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانماندا ڕەنگیداوەتەوە ئەمەش بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
- دامەزراندنی لیژنەی باڵا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیاندا.
- بوونی چەندین دامودەزگای حکومی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار لە پرسە گشتییەکانی پەیوەست بە کاروباری ئافرەتان دەکەن: لە هەموو قۆناغەکانی ژیان وەك بەشێك لە دەستە بە ئامانجکراوەکانی وەك کەرتەکانی خوێندن و تەندروستی و کارکردن.... یان بەشداری لە چارەسەرکردنی هەندێ پرسی هەستیار وەك بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان وەکو وەزارەتی ناوخۆ بەتایبەتیش بەڕێوبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، هەروەها وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کە پەناگەی دابینکردوە بۆ داڵدەدانی

ئەوانەی لەو توندوتیژیانەی لەسەریانە دەربازبوون، لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی.

- رۆڵی کۆمەلگەی مەدەنی چالاك و کارا لە بواری مافە مرۆییەکانی ئافرەتان کە بەرەگەزێکی سەرەکی لە سەرنجڕاکێشان دادەنرێت لەبارەی پرسە هەستیارەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کە توانستە گرنگەکان رێی پێدەدات بۆ بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی و بەدیهێنانی گۆڕانکاری خوازراو.
- پابەندبوونی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە کار لە بواری ئافرەتان دەکەن لە رووی هونەری و داراییەوە ئەمەش دەبێتە رەگەزێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی ئامادەکردنی ئەم ستراتیژیەتە و کارەکانی و جێبەجێکردنی.
- بوونی ژمارەیەك یاسا و بڕیار کە دەرژێتە نێو بەرژەوەندی مافە مرۆییەکانی ئافرەتانەوە لەهەرێمی کوردستان، و لەوانەشی کە داهێنراوە سەبارەت بە ناوچەکە بە گشتی هەر وەك ئەوەی کە تایبەتە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و هەندێ هەموارکردنی یاسای باری کەسێتی و یاسای سزادانی عێراقی و... هتد.
- ئەو گۆڕان و کرانەوەیەی کە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستانیدا هاتووە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و سیاسی هتد.. کە بەشێوەیەکی ئەرێنیی لەسەر هیواکان وئایندەیەکی گەش و پەرەسەندوو رەنگیداوەتەوە.

- گـۆڕین و جێبەجێکردنـــی هەنـــدێ مـــادەی یاســـایی لەیاســـاکانی عێراقیدا کە زیان بە مافی ئافرەت دەگەیەنێنن بە مەرجێك کە دژ بە دەســتوور نەبێــت تەنهــا بــۆ نمــوونە پرســی ســەفەرکردن بــێ (مەحرەم) و هەندی لە مادەکانی یاسای باری کەسێتی وسزادان.
- بوونی دامودەزگای ڕاگەیاندنی هەمەڕەنگـی ئەهلـی و نـائەهلی و بەردەستبوونی توانایەك کە سوود بگەیەنێت و ئاراسـتەبکرێت لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و کارکردن بۆ نەهێشـتنی جیاکـاری دژ بە ئافرەتان و بەدیهێنانی یەکسانی نێـوان پیـاوان و ئافرەتـان لە کوردستاندا.

## ٣-٤ ئەو کۆســـــــپانەی ڕووبەڕووی جێبەجێکردنـــــــــی ستراتیژییەتەکە دەبێتەوە

- کـــــۆمەلگەی کوردســـــتانی کـــــۆمەلگەیەکە لە ژینگەیەکـــــی کشـتوکاڵییەوە هـاتووە و داب و نەریتێکـی کـۆمەڵایەتی ئەوتـۆی هەیە هــانی جیاکــاری نێــوان ژن و پیــاو پیادەدەکــات و ئەمەش لەیاساو لە کرداریشدا رەنگدەداتەوە
- کـــــــاریگەری دابەشـــــــکردنی کـــــــۆمەلگەیی بـــــــۆ ڕۆڵ و بەرپرسیارییەتییەکانی نێـوان ئافرەتـان و پیـاوان و دەرهاویشـتەی شێوازو پیادەکردنی نەریتیانە.
- تێروانینــی نەریتیــی کــۆمەلگە بــۆ بەشــداریکردنی ئافرەتـــان لە پرۆسەی ئـابووری و پەرەسـەندنی بەردەوام و لەنـاوبردنی هەژاری لەنێوان ئافرەتاندا.
- لاوازی لە بـــوونی ســـتراتیژێکی ڕوون و بەردەوامـــی حکـــومەت، دەربارەی جیاکاری جێندەری.

- لاوازی لە پێـوەر و شـەفافیەت لە پڕکـردنەوەی پۆسـتە سـیادی وسـەرکردایەتییەکان لەسـەر ئاسـتی حکـومەت و حزبەکـان و پەرلەمان و کارگێری و ئەوانی دیکەش بەهۆی گەندەڵی کـارگێڕی و دارایی واستە و واستەکاری ئەمـانە دەبـنە بەربەسـت لە بەردەم بـوونی هاوسـەنگی لە پڕکـردنەوی پۆسـتە باڵاکـان و گەیشـتنی خاوەن توانا بۆ پێگەکانی دروستکردنی بڕیار.
- لاوازی ژێرخانی ئابووری کە دەبێتە هۆی نەڕەخساندنی سـەرچاوەی مرۆیـی و دارایـی پێویسـتە ئەو بەرنامـانەی ئامانجیـانە ژنـان لە پرۆسـەی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی بەشـداربن، بـۆ بەتواناکردنیـان لەناو کۆمەلگە و خێزاندا.
- قەیرانە سیاسییەکان و نەبوونی ئارامیی سیاسی کە ئەولەویاتێکی دیکە بەسەر چوارچێـوەی سیاسـەتە گشـتییە لۆکـاڵییەکەی هەرێـم دەسەپێنێت.
- شەری بەرەنگاربونەوەی تیرۆرستان و کاریگەری بۆتە هـۆی ئـاوارە و پەنابەری سـەدان هەزار کەس دەرەنجـامی ئەو شـەڕە ئەوانە لە شارو ناوچەکانی هەرێمدا جێگیربـون، و بـوونی ژمـارەیەکی زۆر لە کەمپـی پێشـوازی لە ئـاوارەو پەنـابەران و هەلـومەرجی سـەختی ژیانی ئەو کەمپانە و قەیرانی دارایی.
- دابین نەکردنی بودجەی دیاری کراو لە دامەزراوەکـانی حکومەتـدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مافە مرۆڤایەتییەکـانی ژنـان (بـودجەی هەسـتیار بە جێنـدەر) هەروەهـا بەردەوام نەبـوونی هاوکـاریکردنی دارایـی ڕێکخراوەکـانی کـۆمەلگەی مەدەنـی لە لایەن دامەزراوە حکومیەکـان و دامەزراوە نێودەولەتیەکـانەوە، (بە مانـا دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی داهات بە ئامانجی کەمکـردنەوەی

بۆشـاییەکان لە نێـوان ژن و پیـاودا، لەگەل زیـادکردنی ئاسـتی دارایی دیاریکراو بۆ بەرنامە تایبەتمەندەکان).

- ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری لەکۆمەلگەدا و بە تایبەتیش لەنێـوان ئافرەتاندا هۆشـیاری و زانینـی یاسـاکانی پەیوەسـت بە مافەکـانی ئافرەتانەوە پەکدەخات.
- کەمیـــی ئەو کـــادیرانەی کە بـــایەخ بە جـــۆری کـــۆمەلایەتی دامەزراوەیی دەدات لە دامودەزگا حکومییەکاندا.
- کەمیـــی تـــوێژینەوە ولێکـــۆڵینەوەی پێویســـتی پەیوەندیـــدار بە پرسەکانی جیاکاری دژ بە ئافرەتان.

# بەشی دووەم

# ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان
# بوارە سەرەکییەکانی گرنگیپێدان

## ١.دەروازەی گشتی

### ١-١ ناوەرۆك

ئەم ستراتیژیەتە، ئەو زانیاریانە دەخاتەڕو كە باس لە كێشەكان لە چوارچێوەی بەتواناكردنی ئافرەتـان دەكەن لە هەمـوو قۆناغەكـانی ژیانی ئافرەتـان لە وەرگرتنـی مـافە مرۆییەكـانی هەر وەك (خوێنـدن و تەندروســـتی و تەندروســـتی وەچەخســـتنەوە) بەشـــدای ئـــابووری وبەشــداریكردن لە وەرگرتنــی بڕیــاردا، بەدەســتهێنانی داهاتەكــان و تەحەكـومكردن پێیــان، لەگەڵ بەشـێكی تەرخـانكراو بـۆ ڕێسـا ویاسـا نیشـتمانییەكان لەبەر تێهەڵكێشـراوی و كاریگەرییـان لەسـەر ڕەوشـی ئافرەت و مافەكانی لە ژیانی تایبەتی و ژیانی گشتیدا.

لە كاتێكدا كە گرنگترین ئاماژەكـانی پەرەسـەندن كە بوارەكـانی گرنگیـدان دەپێوێـت ودەخـاتەڕو لەهەمـان كاتیشـدا دەریـدەخات و ڕوونیدەكاتەوە كە بۆچی (بوارەكای گرنگیپێـدان) وەكـو یەكەمینەكـان هەڵبژێـردراون كە پێویسـتە چارەسـەر بكرێـت لە پێنـاو پەرەسـەندن و بەتوانـــاكردنی ئافرەتـــانی كوردســـتان لە بـــواری مـــافە یاســـایی و مرۆییەكــان كە دواتــر دەخــرێنەڕوو و پێــداچوونەوەی بــۆ دەكرێــت بەگەڕانەوە بۆ چوارچێوە نیشتمانیەكەی و سەرچاوە نێودەوڵەتییەكـان كە پەیوەندیـــدارن بە ڕێكەوتننامەكـــان و بەرنامەكـــانی كـــۆنگرە تایبەتمەندەكان.

### ١-٢ كۆششەكان بـۆ بەتوانـاكردنی ئافرەتـان لەسـەر ئاستی هەرێمدا

حكومەتی هەرێمـی كوردسـتان هەر لەسـەرەتای دامەزرانـدنیەوە بە پـلەی جیـاواز گرنكـی داوە بە دانـان و گـرتنبەری ڕێوشـوێنەكان و پـلان بـۆ ڕەخسـاندنی هەلەكـانی بەتوانـاكردنی ئـافرەتی كوردسـتانی (خوێندن و تەنـدروسـتی و سـەنتەری ڕاهێنـان و هتـد...). بەڵام لەگەڵ

پێویستی ئەوانەشدا بۆ بەتواناکردن، گرتنەبەری ڕێوشوێنە (تەکنیکییەکان) بەپێی پێویست نەبوون. گرینگترین پێداویستیەکان بریتییە لە دارشتنی ئامانجێکی ورد بۆ گۆڕینی کولتوور و هەلسوکەتەکان و دامەزراندنی کولتووری هاوتایی و یەکسانی بە گشت ڕەهەندە دەرونی و یاسایی و دامەزراوەیی و ڕەهەندی بەهاکان.

## ٢. چوارچێوەی یاسایی و یاسادانان

دەستووری عێراق و یاساکانی کوردستان بڕیاری لەسەر چەندین مافی ئافرەتانی داوە وەك: (مافی بەشداری سیاسی و ئابووری، مافی کارکردن، مافی تەندروستی، مافی خوێندن، مافی هەڵبژاردنی هاوسەر، جیابوونەوە لە کاتی زەرەرمەنبووندا، نەفەقە... کە ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان هەیە) ، بەڵام چەندین کەلێن و دژەیەکیش لە سیستەمی یاسایی و تەشریعی و پیادەکردندا هەن کە کاریگەری نەرێنییان دەبێت و هەڕەشە لە بنەمای یەکسانی و بەدەستهێنانی مافە مرۆییەکانی ئافرەتان دەکەن . سەرباری هەموارکردنی چەندین مادەی هەندێ لە یاساکان (یاسای سزادان، یاساکانی باری کەسێتی) و یاسایی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لە نەهێشتنی جیاکاری و توندوتیژی دژ بەژنان لە کوردستان هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کەلێن و دژیەکییەکانیش وەك گشتێك هەر لە چواچێوەی یاسادانانەدا (تەشریعی) هەن (دەستوور و یاساکانی دیکە) لە لایەك، و لەنێوان یاسا و جێبەجێکردن یان جێبەجێنەکردنی و مومارەسەدا لە لایەکی دیکەوە.

ناکرێت نکۆڵی لەو دەستکەوتانەی لە بەرژەوەندی بەرەوپێشبردنی ئافرەتاندا بەدیهاتوون بکرێت، بەڵام جیاکاری دژ بە ئافرەتان بوونی هەیە چ ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ بێت، بەتایبەتی لەهەندێ لە یاساکاندا بۆ نموونە:

- پرۆژەی دەستوور
- یاسای هاوڵاتیبوون
- یاسای سزادان
- یاسا کۆمەڵایەتییەکان (بیمەی کۆمەڵایەتی، باج و بەرزکردنەوەی پیشەیی).

ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستییەکی زۆرمان بە پێداچوونەوە بە سیستمی یاسایی و یاسادان و هەندێ لە دەقە یاساییەکان هەیە و گرنگترینیشیان ئەوەیە کە لەسەرەوە باسیان لێکراوە، لە پێناو:

- چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیانەی لە نێو دەستووردا هەن لە نێوان بنەماگەلێك کە پشتیوانی لە یەکسانی دەکەن و ئەوانەشی لەخزمەت جیاکاریدان.
- نەهێشتنی ناکۆکی نێوان ژمارەیەك لە یاساکان و یاسا سەرەکییەکە (واتا دەستوور) بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن بە ژنانی کەمینە ئاینییەکان بۆ نمونە یاسای باری کەسێتی.
- نەهێشتنی ناکۆکی نێوان یاساکان و مافە بەخشراوەکان لە لایەك و ئازادییە زەوتکراوەکان لە لایەکی دیکەوە، جا ئەگەر دەقێکی یاسایی لەسەر هەبێت و یان هەندێ جار لە یاساش بەهێزتربێت.
- وەرگێڕانی پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان (پەسەندکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان) بۆ واقیعێك کە هەموو هاوڵاتییەکان مافە مرۆییەکانی خۆیانیان هەبێت بە شێوەیەکی یەکسان لە ژیانی تایبەتی و لە بەرانبەر یاساشدا.

## ٣. ئامازەكانی گەشەسەندن و كەلێنەكان لە سوودبینین لە مافە مرۆییەكان

### ٣-١ فێركردن

فێركردن: لە نێوان مافێكی شەرعی و واقعێكی بەرجەستەكراودا لە مادەكانی (١٤ - ١٦)دا، دەستوور، وەك فاكتەرێكی بنەڕەتی بۆ پێشكەوتنی كۆمەلگە و زامنكردنی مافی فێركردن و فێركردنی بەزۆر لە قۆناغی بنەڕەتیدا، جەخت لەسەر خوێدن دەكاتەوە و خۆڕاییبوونیشی لە قۆناغە جیاكانیدا هەلێكی شارستانییە پاڵپشتی لە یاسا ئاكتیڤكراوەكان دەكات (یاسای فێركردنی بەزۆر ژمارە ١١٨ ساڵی ١٩٦٧ی هەمواركراو و یاسای هەڵمەتی نیشتمانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بەزۆر ) و لەگەڵ كرۆكی بنەماكانی مافی مرۆڤ دەگونجێت بە تایەبەتیش كە هیچ ئامازەیەكی جیاكاری لەخۆ ناگرێت كە رێگر بێت لە بەردەم كچاندا لە سوودوەرگرتن لە مافی فێركردن. هەرچەند ئەو جیاكارییانە دەكەونە چوارچێوەی مومارەسەكردن و رێوشوێن و هەڵوێستە كۆمەڵایەتییەكان كە تەركیز دەكەنە سەر ئەو رۆڵانەی دراونەتە پاڵ كچان و فەرامۆشكردنی لەو رۆلانەی كە رەنگە لە میانەی فێركردنەوە بەدەستی بهێنن وەك ئامرازیكی گرنگی بەتواناكردن.

- لە زۆربەی ناوچەكانی هەرێمدا، رەگەزی مێینەلە فێركردن و لە هەموو ئاستەكانیشدا، مافی خۆیان بە یەكسانی لەگەڵ كوڕاندا وەرناگرن. زۆرێكیش لە نەریت و مومارەسە خێزانیی و كۆمەڵگەییەكانی وەك هاوسەرگیری پێشوەخت و رۆڵی لە كەمكردنەوەی هەلەكانی چوونی كچان بۆ قوتابخانە یان بەردەوامی و تەواوكردنی فێربونیان، رۆڵ دەبینن. فاكتەرێكی دیكەش هەیە رۆڵێكی گرنگ دەبینێت لە سنووردار‌كردنی هەلی كچان بۆ خوێندن كە بریتیە لە هەژاری كە وا لە باوكان دەكات فێركردنی كوڕانیان لا لە پێشتر بێت زۆرترین ناوچە كە ئەمە دەیگرێتەوە ناوچە دوورەدەستەكان و

ناوچە پەراوێزخراوەکانەو ئەو ناوچانەی بە هۆی درندەی داعشەوە ئاوارەبون.

سەرباری ئەمانەش ئەگەر کچان بەخت یاوەریان بووبێت بۆچوونیان بۆ خوێندن و بەردەوامبوونیان ئەوە زۆرجار دەچنە بواری پسپۆڕییەکانی (هونەرەکان و ئەدەب) لە کاتێکدا کوڕان دەچنە بواری پسپۆڕییەکانی (زانست و تەکنەلۆژیا)، ئەمەش کچان دەخاتە دۆخێکەوە کە نەتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ هاوەڵە کوڕەکانی لە بازاڕی کاردا بکات.

- کۆششە بەردەوامەکان لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی نەخوێندەواری لە کۆمەڵگەدا ئاکامی خۆی بووە لە کەمبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لە ٢٧,٤% بۆ ١٦% لە ساڵی ٢٠١٢ و بە گوێرەی زانیاری سەرچاوە فەرمیەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەها بۆ ساڵی (٢٠١٥- ٢٠١٦) ڕێژەی بەشداری کچان لە قۆناغەکانی خوێندن ( ٣٦% بۆ رەگەزی مێ وە ٣٩% بۆ رەگەزی نێر) هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ زانیارییە فەرمیەکانی بەردەست وا دەخوازین کەکرداری خێرا بگرینەبەر لەوانەش:

- کاراکردنی یاسای خوێندنی بەزۆر و درێژکردنەوەی بۆ کۆتایی قۆناغەکانی بنەڕەتی و جەختکردنەوە لە بەخۆڕاییبوونی لە ڕێگای لێپرسینەوە لە کەسە پەیوندیدارەکان هەر لە کەسوکاری کچانەوە تا دەگاتە بەرپرسانی کەرتی فێرکردن.
- بەهێزکردن / باشکردنی ژێرخان لە رووی چەندایەتی و چلۆنایەتیەوە بە زیادکرنی ژمارەی قوتابخانەکانی کچان.
- دەستپێکردنی هەڵمەتێکی نوێ بە ئامانجی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ گەورە و بچوك لەوانەی کە لە قوتابخانە دابڕاون و بۆ هەموو قۆناغەکانی فێرکردن و دانانی بەرنامەی

ڕێکخســـتنەوەی ئاســـتەکانی خوێنـــدن (فێرکـــردن) بە مەبەســـتی گەڕانەوەی گەنجان بۆ سیستمی فێرکردن.

- دابینکردنی سەرچاوەی  یارمەتیدەر بۆ فێرکردنـی کچـان کە لەگەڵ واقیعــی کــۆمەڵایەتیی و ئابووریانــدا بگونجێــت هەر  لە پێــدانی دەرمـاڵە بـۆ کەمـدەرامەتەکان تـا دەگـاتە دابینکردنـی هـاتوچۆ لە نـــاوچە دوورەدەســـتەکان  و هاوکـــاریکردنی خێزانەکـــان لە ڕووی ئابوریەوە.
- پەرەدان بە تـــوێژینەوەو لێکـــۆڵینەوە لە هەرێمـــدا کە خـــاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوی بـێلایەن بـن و ئەنجامـدانی لێکـۆڵینەوەو توێژینەوەی مەیدانی لەبارەی واقیعی ئافرەتی کوردستانی لەهەموو قۆناغەکـــانی ژیانیـــدا، (کـــۆمەڵایەتی، و سیاســـی و ئـــابووری و ڕۆشنبیریی) بکەوێـتە سـەر شـانیان و هاوکـاری بڕیـار بەدەسـتەکان بــکەن بە  پێـدراو و ئاماژەگەلێـك کە پلانـی گەشـەپێدان ئاسـان بکـات، واتـا ئاسـانکاربێت لە دەسـپێکی فێرکـردنەوە بە هەمـوو قۆناغەکانییەوە.
- چـاککردن و پشـــتگیرییکردن و زیـــادکردنی ناوەنـــد و پەیمـــانگە فێرکارییەکان کە پەیوەندییان بە تـوێژە پەراوێزخراوەکـانەوە هەیە و بە تـــایبەتیش خـــاوەن پێداویســـتییە تایبەتییەکـــان لە ڕەگەزی مێینەدا.

## ٣-٢ تەندروستی گشتی و تەندروستی وەچەخستنەوە

### پێناسە

چاودێریی تەندروستیی ئافرەتان و وەچەخستنەوە بەوە پێناسە دەکرێت کە" کۆمەڵێك شێواز و ڕێگا و خزمەتگوزارییین کە بەشداریی لە خۆشگوزەرانی دەکەن لە میانەی قەدەغەکردنی ڕوودانی کێشەکانی تەندروستی ژنان و تەندروستی وەچەخستنەوە و چارەسەرکردنیان، هەروەها تەندروستی سێکسیش لەخۆدەگرێت کە ئامانجی باشکردنی جۆری ژیان و پەیوەندییە تایبەتیەکانە نەك تەنیا پێشکەشکردنی ڕێنمایی و چاودێری پزیشکی پەیوەندیدار بە وەچەخستنەوە و نەخۆشییە سێکسییەکان." کەواتە، چەمکی تەندروستی ژنان و وەچەخستنەوە سنووره تەقلیدییەکانی پێناسەکانی تەندروستی و نەخۆشی تێدەپەڕێنێت و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێکهاتووە لە چەند ڕەگەزێکی زانستی و کرداری پەیوەندیدار بە (دایکایەتی زانمکراو و تەندروستی سێکسی و دۆزینەوەی پێشوەختی نەخۆشی شێرپەنجە و نەهێشتی نەزۆکی و بەتواناکردنی ئافرەتان و دابینکردنی یەکسانی و دادپەروەری) کە دەچنە خانەی مافە سەرەکییەکانی تاك و توێژە کۆمەڵایەتییەکانەوە و بە نیازی گەشەی مرۆیی بەردەوام[(١)].

### مافی تەندروستی ومافەکانی وەچەخستنەوە لەهەرێمی کوردستان

ڕەشنووسی پلانی گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژە بەوە دەکات کە (١٨،٣%)ی خێزانەکان بێبەشن لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی تەندروستیی، گوندەکانیش لە شارەکان زیاتر بێبەشن بە تێکڕای دووجار کە گیشتووەتە (٢٤،٢%) لە گوند و

(١) لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوای ئاسیا - ئالاسکوا، فەرهەنگی چەمکەکانی گەشەپێدان، بەیروت، ١٩٨٤، ل١٣٧.

(١٢،٣%) و له شاردا. پاش شالاوه دڕندەکانی داعش و زۆری ژمارەی ئاواره سود وەرگرتن لەم خزمەت گوزاریە کەمتر بۆتەوە.

لەگەڵ فراوانبـوونی ژمـارەی بنکەکـانی چـاودێری تەندروسـتی سـەرەتایی بەڵام ئەم فراوانبـوونە بە شـێوەیەکی تەندروسـت نە توێژینەوەو نە پلانی بـۆ دانـراوە، تـا ئێسـتاش بەهـۆی کەمـی ئامێرو کـادری بەتوانـا زۆربەی ئەم بنکـانە بـێ توانـان لە دابینکردنـی خزمەتگوزاری و چاودێری تەندروستی بـۆ دایکـان ومنـداڵان، هەروەهـا ڕێـژەی زۆری هاوڵاتیـان پەنـادەبەنە بەر کەرتـی تـایبەت بـۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوازاری چاودێری تەندروستی لەگەڵ بەرزبـوونی تێچوونەکانیشی.

بەدەسـتهێنانی خـزمەت گـوزاریە تەندروسـتیە زیادەکـانی تـر تائێستاش زۆر دەگمەنن، بۆ نموونە خزمەتگـوزاری خێزانـی لە زۆربەی بنکە تەندروستیە سەرتاییەکان ودامودەزگـا تەندروسـتیە گشـتیەکان دابـین نەکـراوە وبەتـایبەتی بەربەسـتیکردن لە دووگیـانبوون پشتدەبەسترێت بە کەرتی تـایبەت، ئەمەش وایکـردوە کە نیـوەی ئەو ژنانەی کەهاوسەرگیریان کردوە لە تەمەناکانی (١٥-٤٩) سـاڵیدا هـیچ بەربەسـتێك بـۆ دووگیـانبوون بەکـارنەهێنن (بەگـوێرەی ئەنجـامی ڕووپێوی فره نیشاندرەکانی ساڵی ٢٠١١).

ڕەشنوسـی پلانـی گەشـەپێدانی هەرێمـی کوردسـتان ئامـاژە بەوەدەدات کە نـزیکەی ١٨,٣% خێزانەکـان بێـبەرین لە دابینکردنـی پێداویستە تەندروستیە سەرەکیەکانیان، گوندەکان بەڕێژەی دووجار لە شـارەکان زیـاتر بێبەریتـرن ، ئەم ڕێـژەیە لەگونـدەکان گەیشـتووەتە ٢٤,٢% ولەشارەکانیش گەیشتووەتە ١٢,٣%.

بەربەسـتەکۆمەڵایەتی وکەلتوورییەکـان ڕێگـرن لەبەردەم تەندروسـتی و خۆشـگوزەرانی ئافرەتانـدا، تـا ئێسـتاش ڕێـژەی هاوسـەرگیری پێشـوەخت بەرزە و لە بەرزبـوونەوەدایە بەتـایبەت لە نـاوچە گوندنشـینەکاندا، کە هەڕەشـەیە لەسـەر لە تەندروسـتی

وەچەخستنەوە ودەروونی ئەو کچە منداڵانەی کە هێشتا ئامادە نین لە رووی جەستەی وفکری بۆ هاوسەرگیری ودووگیانی (وەچەخستنەوە). ئەم دیاردەیە لەگەڵ هاتنی تەوژمی ئاوارەو پەنابەراندا رووی لە زیادبون کردووە. سەرباری ئەمانەش بیروباوەڕە کۆمەڵایەتی وئاینیە نادروستەکان رێگرن بۆ ئافرەتان لەبەکارهێنانی شێوازەکانی رێکخستنی خێزان وسنورداركردنی توانای هەڵبژاردنی ئازادانە وپشتبەستووی زانستیانە لە ماوەی نێوان منداڵەکانی و ژمارەی منالەکانی، سەرەڕای ئەمانەش پێکهێنانی خێزانی گەورە هەڕەشەن لەسەر ئافرەتان کاتێك کە خزمەتگوزایەکان بۆ چاودێری دایکایەتی بەشێوەیەکە تەواو دابیننا کرێت وبیروباوەڕە باوەکانی دەربارەی ژنان بەربەست دروستدەکات وهەروەها مامەڵەی پەسندبوونی زیاتری کورانیش بەربەستن لەبەرانبەر تەندروستی ژناندا.

زۆر جار جۆری چاودێری تەندروستی ئافرەتان بەشێوازی جۆراوجۆر ناکاملە، بەگوێرەی بارودۆخی لۆکاڵیەوە هەرلە سەرەتایی پێشوازیکردنی ئافرەتان لە بنکەکان یان کلینیکەکان یان نەخۆشخانەکان. زۆرجار ئەوە تێبینی دەکرێت کە ئافرەتان بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت و تایبەتمەندی نهێنی دابیننا کریت، وزانیاری تەواویان دەستناکەوێت بەتایبەتی لەسەر هەڵبژاردەکان و خزمەتگوزاریە بەردەستەکان.

## ڕەهەندی گەشەپێدان و چوارچێوەی مافپەروەری

بەرنامەی کاری کۆنگرەی قاهرەی ساڵی١٩٩٤ دووپات لەسەر پەیوەندی بەهێزی نێوان دانیشتوان وگەشەپێدان دەکاتەوە جەخت لەسەر دابینکردنی پێداویستەکانی تاکەکان وبەتایبەتی ئافرەتان دەکات لەرێگای فراوانکردنی بەدەستهێنانی هەلی خوێندن و خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان.

جارنـــامەو پەیڕەوەکـــانی بیجینـــگ لە بـــڕگەی ٨٩ی دووپـــاتی دەکـاتەوە کە" مـافی ژنـانە بەبەرزتـرین ئاسـتی پێویسـت تەندروسـتی جەسـتەیی و هۆشـمەندی بەپێناسـە گشـتیەکەی هەبێـت و هەبـوونی ئەم مـــافە کـــارێکی گـــرنگە بـــۆ ژیـــان وخۆشـــگوزەرانی وتوانـــای بەشـــداریکردن لەهەمـــوو بوارەکـــانی ژیـــانی گشـــتی و تایبەتیـــدا. و تەندروستی ئافرەت و سەلامەتی سۆزداری و کـۆمەڵایەتی وجەسـتەیی لەخۆدەگرێت.

مادەی ١٢ لە ڕێکەوتننامە سیداو داوادەکات ، جیاکاری دژ بەژنان لە بوارەکـــانی چـــاودێری تەندروســـتی نەمێنـــێ و لەنێویانیشـــدا خەتەنەکردنـــی کچـان وخۆباراســتن لە نەخۆشــی ئایــدز و چـاودێری تەندروستی بۆ ئافرەتانی دووگیان.

**حکـــومەت بە دامەزراوە پەیوەندیـــدارە جـــۆراو جۆرەکـــانیەوە دەتوانێت وەبەرهێنان لەم بوارانەی خوارەوە بکات:**

- دووبارە بنیاتنانەوی ژێرخان وسیستمی تەندروسـتی بـۆ زامنکردنـی دەستڕاگەیشتنی ئافرەت بە تەندروستی خۆی بە شێویەکی گشتی و تەندروسـتی وەچەخسـتنەوە بە شـێوەیەکی تـایبەتی ئەمەش بـۆ هەمـوو قۆناغەکـانی ژیـان هەر لە تەمەنەی هەرزەیـیەوە تـا دوای تەمەنی وەچەخستنەوەش.
- پەرەپێـدانی سیاسـەتێك کە گرنگـی بـدات بە تەندروسـتی گشـتی ژنـان بەتـایبەتی تەندروسـتی وەچەخسـتنەوە لەسـەر بنەماکـانی جـــۆری کـــۆمەڵایەتی وریزگـــرتن لە لە مافەکـــانی مـــرۆڤ وپشـــتیوانیکردنی ژنـــان بە هەمـــوو توانـــا مـــاددی و دارایـــی ودامودەزگاییەکانەوە.
- دانـان وپاڵپشـتیکردن لە جێبەجێکردنـی ئەو بەرنامـانەی کە مـافی ئافرەتـــان دابـــین دەکەن لە ڕێکخســـتنی خێـــزان ودابینکردنـــی خزمەتگـوزاری گونجـاو کە پشـکدارە لە پرۆسـەکانی دووگیـانی

ومناڵبوون ودایکایەتی تەندروست وخۆپاراستن لە مردنی دایکان وبنیاتنانی خێزانێکی جێگیر.

- پیادەکردنی رێوشوێن بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجەی مەمك و فراوانکردنیشی بۆ جۆرەکانی تری شێرپەنجە کە توشیی ژنان دبنەوە و هەروەها ئەو نەخۆشیە گواستراوانەی کە یارمەتیدەرن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری گونجاو.
- دەستنیشانکردنی کەڵێنەکانی جیاکاری دژ بەژنان لە یاسا وریسا و هەڵسوکەتە خێزانی وکۆمەڵگەییەکان لەدانانی ستراتیژی خۆپاراستن وهۆشیارکردنەوە، بۆ پەرەپێدانی ئافرەتان لە دەستڕاگەیشتنیان بە مافەکانی خۆیان بەشێوەیەکی گشتی ومافی وەچەخستنەوە بە شێوەیەکی تایبەتی.
- زامنکردنی دەسەڵاتدارێتی ئافرەتانی کوردستان لەهەر کوێیەك بن، چ لەشاربن یان لە گوند لە پرۆسەی پیتاندن، ئەمەش لە رێگای دابینکردنی خزمەتگوزاری وشێوازەکانی رێکخستنی خێزان و وەرگرتنی رێوشوێنی گونجاو دەبێ بۆ پشتیوانیکردنی توانای ئافرەتان لە هەڵبژاردنی ئازادانەو بڕیاری زانستیانە.
- فراوانکردنی هەل و سەرچاوەکان بۆ ئافرەتان لە سەرچاوەی ئابووری و توانای وەرگرتنی بڕیاری تایبەت بە تەندروستی گشتی، بەتایبەت تەندروستی وەچەخستنەوە، بۆ سوود وەرگرتن لە سیستمی تەندروستی (سیاسەتەکان وبەرنامەکان وخزمەتگوزاریەکان) بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ پیاودا.
- بوونی ژمارەیەکی زۆر ئاوارەو پەنابەر لە هەرێمی کوردستان، کە زۆربەیان لە بارودۆخی تەندروستی نالەباردان و بە زۆری پەنا دەبەنە بە خزمەتگوزارییە تەندروستەفەرمیەکان ، ئەمانە پێویستی بە پلانی تایبەت هەیە و ئەمانە ئەوە دەخوازێت کە ژمارەی ناوەندە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان زیاد بکرێن.

### ٣-٣ بەشــداریکرنی ئافرەتــان و بەتواناکردنیــان لە بواری ئابووریدا

بەشداری کردنی ئافرەتان و بەتواناکردنیان لە بـواری ئـابوری دا بونیادی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، لەسەر بنەمای جیاکاری نێوان ژن وپیـاو، رەنگـدانەوەی قـولی لە ئیـدارەدان و دارشـتن و جێبەجێکردنـی سیاسـەتەکان و داڕشـتنی یاسـا و دامەزراوەو میکانزیمەکـانی کـردووە، ئەمەش دەبێـتە رێگـر لەبەردەم ئافرەتانـدا بـۆ گەیشـتن بە داهـاتی ئـابووری – کـارکردن، خاوەنـداریێتی، دارایـی ، داهـاتی کـۆمەڵایەتی – فێربون (خوێندن)، هەروەك لەبڕگەی (٥) هاتووە پەیوەندی راسـتەوخۆ هەیە لە نێـوان هەژاری ئـافرەت و نەبـونی دەرفەتـی ئـابووری و وە ســەربەخۆیی لاوازی توانـــایی بەگەیشـــتن بە داهاتەئابوورییەکـــان تەنـانەت لە قەرزکـردن و خاوەنـداریێتی زەوی وزارو سـود وەرگـرتن لە مێـرات وە کەم توانـایی لە گەیشـتن بە خوێنـدن و خزمەتگـوزارییە یارمەتیـدەرەکان و لاوازی بەشـداری لە پرۆسـەی بڕیـاردان و کێشـەی هەژاری هەنـدێك جـار پـاڵ بەژنـانەوە دەنێـت بـۆ هەنـدێك حـاڵەت کە بیخاتە گریمانەی باری چەوساندنەوەی سێکسی.

رەوش و رۆڵــی ژنــان لە پرۆســەی بەرهەمهێنانــدا لە هەرێمــی کوردستان

دەکرێـت دیـدی دەسـتوری عێـراق ، لە مـافی کاراکردنـدا (م٢٢/ اولا)، لە روانگەی پرنسیپی یەکسانیەوە کە لەمادەی (م١٤) داهاتووە ، شـیکاری بـۆ بکرێـت، ئەم دیـدەلەرێی (م٣٠) وە پتەوتردەردەکەوێـت کاتێك کە بەرپرسیارێتی دەخاتە سەر دەوڵەت بـۆ دابینکردنـی بـیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی تاك و خێزان وە بەتایبەتی ژن و منـداڵ لە چەند حاڵەتێکدا لە ناویاندا بێکارییە.

## ڕەوش و ڕۆلی ژنـان لە پرۆسـەی بەرهەمهێنـان لە هەرێمـی کوردستان

دەکرێـت شـیکاری بکرێـت بـۆ تێڕوانینـی دەسـتور لە مەڕ مـافی مـووۆڤ لە کـارکردن ، ئەم تێـڕوانینە گشـتیە پاڵپشـتێکی پراکتیکـی جێبەجێکـــردنە بە زامنبـــوونی تـــاك و خێـــزان لەلایەن دەوڵەتەوە وبەتایبەت ئافرەت ومناڵ.

لەگەڵ گرنگیەکەی ئەوە ناگەیەنێت کە هەلـی کـار بـۆ ئافرەتـان یەکسان کراوە، چونکە ئەم بابەتە لەسەر چەند فاکتەرێك وەستاوە لە پێشیشـەوە جیاکـاری بەهەمـوو شـێواز وبوارەکـانیەوە کە تواناکـان و شارەزایی و والا بوونی هەلەکان بۆ ئافرەتان سنووردداردەکات، هەر لە خوێنـدن و چـوونە بـواری پسـپۆرێتی و هەڵوێسـتە کـۆمەلایەتی - کەلتوریەکـــان زالکردنـــی رۆڵە نەریتیەکـــانی ئافرەتـــان ســـەرباری بەربەستەکانی دیکە کە رووبەڕوی ئافرەت دەبێنەوە لە بازاری کاردا.

سەرەڕای ئەوەی ئافرەتی کوردستانی پێشکەوتنی گرنگی لە بوارە جیاکانــدا بەدەســتهێناوە لەپــێش هەومووویانیشــدا خوێنــدن وکــاری کۆمەلایەتی ..هتد، بەڵام تا ئێستاش ڕێژەی چالاکی ئابووری ئافرەتـان نزمە وبەتایبەت کاری ئابووری بەبەرانـبەر (بەکـرێ)بەراورد بە چـالاکی پیاوان.

سەبارەت بە دابەشبوونی توێژەکانی دانیشتوانی چالاك لە رووی ئــابوریەوە رەشنووســی پلانــی گەشــەپێدانی حکــومەتی هەرێمــی کوردســـتان ئامـــاژە بەوە دەدات کە ڕێـــژەی چـــالاکی نێـــرینە دەگـــاتە ٦٩،٧% لە کاتێکدا ئەم ڕێژەی چالاکی ئابووری مێیـنە تەنهـا دەگـاتە ١٢،٩%. ئەمەش رەنگـدانەوەی دابەزینـی ئاسـتی بەشـداری ژنـانە لە چـالاکیە ئابوریەکـان. لەگەڵ ئەوە پێکهـاتەی دیـاریکراوی دانیشـتوان ئەوە دەردەخەن کە ڕێـژەی نێـر ومـێ لە قەبـارەی گشـتی دانیشـتوان لەیەك نزیکن، سەرەڕای ڕێژە هاوشـێوەکانی تەمەنـی کـارکردن. بەڵام

بەنسبەت ڕێژەکانی بێکاری لە نێوان ژنان بەرز دەبێتەوە بۆ( ٣٤,٣٩%) بەراورد لەگەڵ نێرینە تەنها( ٩,٥٦.(%

بەهۆی دابەشبوونی نادادپەروەرانەی هەل و سەرچاوەکان لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا تا ئیستاش ئافرەتی کوردستانی بەرزترین ڕێژەی هەژاری و بێکاری پێکدەهێنێت، سەرباری ئەمەش پیادەنەکردنی سیاسەتی ئەوتۆ کەپاڵنەرن بۆ ئافرەتان لە تەحداکردنی واقعی کۆمەلایەتی و کلتووری کە ناهێڵێت ببێت بە خاوەنی توانا و شارەزای تەکنیکی وزانستی وشارەزایی پێویست وای لێبکات سەرچاوەکان قۆرخ بکات ودەسەڵاتی بەسەریاندا هەبێت بۆ باشکردنی ڕەوشی ئابووری خۆی لە ڕووی گەیشتنی بە سەربەخۆیی ئابووری کە لەسەر ڕەوشی کۆمەلایەتی ڕەنگدەداتەوە جاچی لەشار بێت یان گوند.

لەم بارەیەوە دەبێت ئاماژە بدرێت بە ڕێژەی کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵ کە تەنها ٣٥% دانیشوانی هەرێمیان پێکهێناوە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا و دواتر دادەبەزیت و لەساڵی ٢٠٠٣ گەیشتوەتە نزیکەی ٢٣%، ئەمەش بەگوێرەی ئەنجامەکانی تویژینەوەی ئابووری وکۆمەلایەتی ٢٠٠٦-٢٠٠٧. گوندەکانی هەرێمی کوردستان دوو دیاردەی زۆر دیار دەخەنە ڕوو:

**یەکەم:** تایبەتە بە بەدواداچوونی چالاکییە ئابووریەکانی گوندەکان، لە کۆی هێزی کار لە نزیکەی ٣٩,٢٥% و لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ و بۆ نزیکەی ٣٥% لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٤دا، بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەیی بێکاری و بەتایبەت لە نێوان گەنجاندا بە فاکتەرێکی هاندەری کۆچکردن بۆ شار دادەنرێت.

**دووەم:** بەڵام دیاردەی دووەم تایبەتە بە زیادبوونی پشتبەستن بە ئافرەتان لەبواری کشتوکاڵیدا، ڕێژەی ژنان لە کەرتی کشتوکاڵی لە ساڵی ٢٠٠٦ گەیشتە زیاتر لە ١٢,٩% لەکۆی گشتی کرێکارانی کەرتی کشتوکاڵ وچاوەڕوان دەکرێت ئەم

ڕێــژەیە بەرزبێــتەوە لە ســالی ٢٠١٦ هەروەهــا لە نیــوەی دووەمــی ســالی (٢٠١٥) ڕێـژەی ڕەگەزی مــێ (١٤,٧٨ %) وە ڕەگەزی نێـر ( ٦٤,٢١%) (بەگـوێرەی دراوەکـانی ڕێکخـراوی نێودەوڵەتی خۆراك وکشتوکاڵ)، ئەمەش ئافرەت دەکاتە هێزی کاری سەرەکی لە بواری کشتوکاڵیدا.

- پشتبەستن بە ژنانی گوندنشین لە بواری کشـتوکاڵدا دەبێـتە هــۆی زیــادبوونی قورســایی سەرشــانی و چــالاکییە کــۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیرییەکانی سنووردار دەکات، بــۆ ئەوەی کە وەك پێویسـت مـافە ئــابووریی و مرۆیــی و یاســاییەکانی دیــکەی بەدەســت بهێنێــت. بە گەڕانەوە بۆ ئەم واقیعە بە باگگراوندە جۆربەجۆرەکانییەوە و لە پێنـاو زامنکردنــی بەشــداری پێکردنــی ژنــان لە گەشــەپێدانی ئابووریيــدا، پێویستە حکومەت کێشەکانی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی بێنێـتە نـاو کایە ئابووریەکانیەوە و ئەم ڕێوشوێنانە بگرێتەبەر:

- لابردنــی ئەو بەربەســتانەی کە چوونەنــاوەی ئــافرەتی کوردســتانی سنوردار دەکات لە بازاڕی کار وکەرتی گشتی سنوداردەکەن.
- داڕشــتن و پیــادەکردنی پلانــی تــایبەت بە تواناســازی ئــابووری ئافرەتانی ئاوارەو پەنابەر.
- کاراکردنی ڕۆلی ژنان و کچـان لە کەرتـی گەشـت وگـوزاردا، لەگەڵ فەراهەم کردنی تواناسازی ئەکادیمی و زمانەوانی بۆیان.
- وەرگرتنــی ڕێوشــوێنی دارایــی و ئــابووری هانــدەربیت بــۆ کەرتــی تایبەت لەبەگەڕخستنی ژنان.
- پاڵپشــتیکردنی ڕۆڵ و دەســڵاتەکانی ئەنجـومەنی بــاڵای کاروبــاری خانمــان بــۆ هەمــاهەنگی کـردن لەگەڵ لایەن ودامەزراوە ئــابوریە پەیوەندیــدارەکان سیاســەت وپــارەدان وکــارکردنی پراکتیکــی تواناسازی ئــابووری ژنــان لە گـرتنەبەری ڕێ وشـوێنی ئەرینـی وەك کۆتا بۆ نموونە.

- کارکردن بۆ والاکردنی هەل بۆ ئافرەتان وبەتایبەت ئەو ئافرەتانی کە پشتیوانی خێزانیان نیە(بەتایبەتی ژنان لە قوربانیانی ئەنفال و قوربانیانی دەستی داعش و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان) بۆ گەیشتن بە بەخششە داراییە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان وقەرزەکان
- پشتیوانیکردنی پێکهێنانی کۆمەڵە پیشەییەکان و کۆمپانیاکان بۆ ژنانی خاوەن کار.
- حکومەتی هەرێم ستراتیژییەکی تایبەت بۆ سنووردارکردنی دیاردەی هەژاری دیاری بکات.
- وەرگرتنی رێوشوێنی پێویست بۆ پشتیوانیکردن لە مافی ژنانی گوندنشین لە موڵکدارێتی ئەو زەوی وزارانەی کە خزمەتیان دەکەن وسوود وەرگرتن لە سەرچاوەسروشتیەکان بۆ مەبەستەکانی بازرگانی لە چوارچێوەی گەشەپێدانی دادپەروەریانە و پاراستنی ژینگەدا.
- زیادکردنی هەلی کاری رەخساو بۆ ژنان لە رێگەی گەشەپێدانی کەرتە جیاوازەکانی ئابووری و دامەزراندنی ژێرخانی پێویست.
- دابینکردنی بەرنامەی راهێنانی ئافرەتان لە دامەزراندن و بەرێوەبردنی وە بەرهێنانی پرۆژەی بچوك و پرۆژە بازرگانیەکان وئاسان کردنی قەرز....

### ٣-٤ بەشداریکردن لە بواری سیاسی و بڕیارداندا

**واقیعی بەشداریکردنی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا**

بەشداری ژنانی کوردستانی لە هەموو ئاستەکان بەرەوپێشچووە، بەڵام تـــا ئێســـتاش دوورە لە خواســـتەکانی خـــودی ئافرەتـــان و داخوازیەکـانی یەکسـانی، ومـافی مـرۆڤ وگەشـەپێدان. نیشـاندەرە بەردەستەکانی دەربارەی ئافرەتـان لە پێگەکـانی بڕیاردانـدا (٢٠١٥-٢٠١٦) بەوەی تایبەتە بە حکـومەت ودەزگاکـانی ئەوە دەردەخەن کە لە پێهاتەی کابینەی حکومەتی ئێستا تەنها یەك وەزیرێکی ژن هەیە

بەڵام هەرچـــی پەیوەنـــدی بە بەشـــداری سیاســـییەوە هەیە، نوێنەرایەتی ژمارەی ژنان لە پەرلەمـانی کوردسـتان لە ئێسـتادا ٤٣ لە کـۆی ١١١ ئەنـدام، ئەمەش بە هـۆی بـوونی سیسـتمی کۆتـا، ئەمە لەگەڵ بـوونی کەمـی ژنـان لە ناوەنـدە سـەرکردایەتیەکانی پـارتە سیاسیەکان کە دەگاتە زیاتر لە ٣٠ ژن.

سـەبارەت بە کەرتـی داد وئاسـایش و دادوەر ، (٥٦) داواکـاری گشـتی وە (٣٠) دادوەری ئـافرەت لە دادگاکـان. بەرێـوبەری نـاحیە و بەرێـوبەری قەزا و٥٠ ئەفسـەری ئـافرەت هەیە وسـەرباری ژمـاریەك راوێژکاری ئافرەت، هەروەها یەك بەڕێوەبەری ناحیەو ٣ قائمقام هەیەو لە بواری سەربازیشدا ٣٨٣ ئەفسەر و پلەکانی تری سـەربازی کە سـەر بە وەزارەتی ناوخۆن، سەرباری ژمارەیەك لە ژنانی پلە تایبەت.

ڕێژەیەکـی نزیـك لەیەکسـان لە هەردوو ڕەگەز لە وەرگرتنـی پۆستەکانی کارگێڕی هەیە، وەك بەرێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەیی و خزمەتگوزاریەکان و بەبێ خوێندنی باڵا بەهۆی دیـدی کـۆمەڵگە بـۆ ئەمجـۆرە رۆڵە نەریتـیەی کە نزیـك لەرۆڵـی وەچەخسـتنەوەی خـۆی، ئەمەش لاوازی پێکەی وەزیفی دووپاتدەکاتەوە بەتایبەتی (سیاسـی و ئابووری) کە لەو باوەڕەدان ئەمانە کاری نێرینەن.

- واژووکردن له سەر یاسایەك له پێناو فراوانکردن وپاڵپشتیکردنی چاکسازی وتوانای پرۆگرامی ودارایی ئەنجومەنی باڵای خانمان راسپێردراو به کاروباری ئافرەتان وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ بەتواناکردنی ئافرەت وخێزان وکۆمەڵگه ووەرگێرانی پابەندیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ واقعێکی بەرجەسته.
- دانانی چوارچێوەیەکی قۆناغی گواستنەوه لەپێناو جێبەجێکردنی سیستەمی جیاکاری پۆزەتیڤانه/ سیستەمی کۆتا له پۆسته سەرکردایەتیەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەوانەش وەزارەتەکان تا ئەو کاتەی گۆڕانکاری له عەقڵیەت و ژمارەکان روودەدات.
- بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری ژنان له ئەنجومەنەکانی ئاشتەوایی نیشتمانی وکۆنگرەکانی ئاشتی وپۆسته دبلۆماسیەکان.
- دانانی بەرنامه وگرتنەبەری رێوشوێنی ئەوتۆ کەیارمەتی دەربن له بەتواناکردنی ئافرەتان له خودشارەزایی و سەرچاوه پێویستیەکان له پێناو بەشداریەکی کارا لەوەرگرتنی بریاره چارەنووس سازەکان له ژیانی گشتی وتایبەتدا.
- کاراکردنی یاسای رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی که رۆلی کارا بگێرن بۆ دانانی میکانیزمی هاوکاری شەراکەت لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی هەرێمدا.
- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان رۆلی کارا بگێرێت له بەدواداچون بۆ قەبارەی نوێنەرایەتی ئافرەتان له دامەزراوەکان و بەشداری کردنیان و پرسەکانیان له ناویانیشدا راگەیاندن وسەرچاوەکانی پەیوەندیکردنی جۆراوجۆر وبەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی دەوری له پێناو دانانی سیاسەتێك که لەکاتی پێویست یان هەموارکردنەوه یان دەستکردن بەڕێ وشوێن وەرگرتن به ئامانجی هاوسەنگی و راستکردنەوەی نێگەتیڤەکان و هاندانی پۆزەتیڤەکان بێت (سیستمی قەرەبووکردنەوه/ سزادان.(

- دەستپێکردن بە پرۆژە ستراتیژەیەکان وکەمپەینی چڕ وڕێکخراو لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە ورای گشتی و تەرخانکردنی رۆشەنبیری سیاسی بنیاتنراو لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی ومافەکانی مرۆڤ و گۆرینی وێنە کلاسیکە باوەکان تایبەت بە ژنان وپیاوان لە کۆمەڵگەدا، لە رێگای ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو.
- بێگومان دەکرێت کۆمەلێکی دیکە بەربەست و روبەروبونەوە دەستنیشان بکرێت، کە دەکرێت بەفراوان کردنی دەرفەتەکانی ژنان لە بەشداربونیان لە پێگەکانی برپاردا،تێپەرێنرێن و بنەما و کۆلەکەکانی ئاشتی پتەوتربکرێن ئەویش لەرێگەی ئەنجامدانی گۆرانکاری یاسایی و دامەزراوەیی و هۆشیارییەوە.

## ٤. بەرئەنجامەکان

ئامانجی سەرەکیی لە ستراتیژییەتەکە بەتواناکردنی ژنی کوردستانییە لە پیادەکردنی مافە مرۆییەکانیدا،

بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجەش لە مەودایەکی درێژخایەندا، لە میانەی کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان ژنان و پیاوان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، چەند بەرئەنجامێك دیارکراون کە رۆڵ لە وەدیهێنانی ئەنجامگەلێکی بەرجەستەکراو دەبینن لە مەودای مام ناوەند و کوورتدا، (دەرهاویشتەکان) بۆ ئەوەی ئامانجی ستراتیژییەتەکە بە شێوەکی پلەبەندیی ببێتە واقیعێك لە ژیانی ژنی کوردستانیی و بونیاتنانی کۆمەڵگەیی (هەیکەلی) ستراتیژییەتەکە بە شەش بەرئەنجام و ژمارەیەك دەرهاوێشتە تەواو دەبێت کە رۆڵیان لە وەدیهێنانی هەر یەکێکیاندا وەك لە خوارەوە دەستنیشانکراون، دەبینن:

**بەرئەنجامی یەکەم:** ژینگەیەکی یاسایی و تەشریعیی کە لەگەڵ پرنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا یەك بگرێتەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ڕێوشوێنی یاسادانانی پێویستە بگیرێتەبەر، کە پرەنسیپەکانی یەکسانیی و دادپەروەریی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا لە ئەرك و مافەکان وەدی دێنێت، ئەمەش لە سێ دەرهاویشتە پێکهاتووە:

**دەرهاویشتەی ١. ١:**

رەشنووسی یاساگەلێك/ رێوشوێنی پشتپێبەستراو بۆ لەناوبردنی کەناڵەکانی جیاکاریی دژی ژنان و وەدیهێنانی یەکسانیی ژن - پیاو.

**دەرهاویشتەی ١. ٢:**

دەزگاگەلێکی حکومیی تایبەتمەند بۆ جێبەجێکردنی یاساو بڕیارەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان.

**دەرهاویشتەی ١. ٣:**

هاوپەیمانیگەلێك بنیاتنراو بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری لە پێناو پشتبەستن بە چوارچێوە یاسایی/ رێوشوێنە پێشنیازکراوەکاندا.

**بەرئەنجامی دووەم:** سیاسەتێکی فێرکاریی جۆریی پشتپێبەستراو کە یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتیی جێبەجێبکات

بۆ ئەمەش پێویستە کچان لە قۆناغی بنەڕەتییەوە خوێندن بەجێنەهێڵن و زیادکردنی پەیوەندیکردنیان بە فێرکردنی ئامادەیی و فێرکردنی باڵا و فراوانکردنی فێرکردنی تەوزیمی بۆ قۆناغی بنەڕەتی و کاراکردنی داخوازییەکان، بۆ ئەمەش گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانە کە گشتاندنی مەسەلەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لە پرۆگرامەکانی خوێندن،

و چـاككردنی ژيـنگەی قوتابخـانەی كچـان بەشـێوەيەك بێـت كە پێويستييە فێركارييەكانيان دابين بكرێت.

**دەرهاوێشتەی ۲. ۱:**

ڕێوشـوێنگەلێكی پێشـنيازكراو بـۆ پڕكـردنەوەی كەميـی و لەبەرچاوگرتنی پێويسـتييەكانی كچـان لە قوتابخـانە بە تـايبەتيش لە ناوچە بێبەشكراو و پەراوێزخراوەكان وەك قەزا و ناحيە و گونـدەكان و كەمپەكان.

**دەرهاويشتەی ۲. ۲:**

بەگەڕخسـتنی تواناكـانی كـاديرە فێركارييەكـان پاڵپشـتكراوە بە تێكڵكردنـی جـۆری كـۆمەڵايەتی و مافەكـانی مـرۆڤ لە پرۆگرامەكـانی خوێندن.

**دەرهاويشتەی ۲. ۳:**

پرۆگرامێكی پەرەپێدراو بۆ كردنەوەی بەشگەلێكی پسپۆريی لە پەيوەسـت بە ژنـان و جـۆری كـۆمەڵايەتيی لە زانكـۆ حكـوميی و ئەهلييەكاندا.

**دەرهاويشتەی ۲. ٤:**

ئاسـتی هۆشـياريی ڕای گشـتيی هانـدراو لەبـارەی تەوزيميـی و خۆڕايی فێركردن لە گۆشەنيگای ياسايی و مافپەروەرييدا.

**بەرئەنجامی سێيەم:** سياسەتێك بۆ تەندروستی ژنان و وەچەخسـتنەوە لە قۆناغەكـانی ژيانـدا ، پشتپێبەسـتراو/ كـاراكراو لە هەرێمـی كوردستاندا.

وەزارەتـــی تەندروســـتيی هەوڵـــی ئامـــادەكردنی پێدايســـتييە زەروورييەكـــان دەدات كە مـــافی هاوڵاتيـــان زامـــن دەكـــات لە

ســـوودمەندبوون لە خزمەتگوزارییەکـــانی تەندروســـتیی گشـــتیی و تەندروستیی وەچەخستنەوە بەتایبەتی لەلایەن دەزگاکانی خۆپاراسـتن و چارەســـەریی و شـــیاندنەوە بەڕێوەدەبرێـــت. هەروەهـــا لەســـەر پێشکەشـکردنی چـاودێریی تەندروسـتیی و هۆشـیاریی تەندروسـتیی کاردەکات. هەوڵی دامەزرانـدنی سیسـتمێکی تەندروسـتیی دەدات کە پشـت بە چـاودێریی تەندروسـتیی دەبەسـتێت، وەك کـۆڵەگەیەکی بنەڕەتیـی کە خزمەتگـوزاریی تەندروسـتیی زامـن بکـات، ئەمـیش پێویسـتییەکان دابـین دەکـات و سـوود لە مافەکـان وەردەگرێـت ، لە میانەی کارکردن لە وەدیهێنانی تەواوکاریی هەردوو کەرتـی گشـتیی و تایبەتییدا.

**دەرهاوێشتەی ٣ . ١:**

لە ریـزی پێشـەوەی بەڵگەنـامەی سـتراتیژییەتی نیشـتیمانیی سەبارەت بە تەندروستی ژنان و وەچەخستنەوە بەڵگەنامەکـانی سـاڵی ٢٠١١ – ٢٠١٥ لە گۆشـەنیگای جـۆری گـۆمەڵایەتیی و مافەکـانی مرۆڤدا، نوێکراوەتەوە.

**دەرهاوێشتەی ٣. ٢:**

فراوانکردنـــی خزمەتگـــوزارییە تەندروســـتییەکان بەگـــوێرەی ستاندارد و پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی.

**دەرهاویشتەی ٣. ٣:**

تواناکـــانی پێشکەشـــکارە خزمەتگوزارییەکـــان، لەو بـــوارەدا پتەوکراوە.

**دەرهاویشتەی ٣. ٤:**

هەڵمەتێکـی نیشـتیمانی جێبەجێکـراو بـۆ هۆشـیارکردنەوە و رۆشـــنبیرکردنی خێـــزان و بەتـــایبەتی ژنـــان لەبـــارەی گرنگیـــی

خزمەتگوزارییەکـانی تەندروسـتیی وەچەخسـتنەوە ئەنجامـداراوە، لە ڕێگـای کەنـاڵە ڕۆشـنبیریی و میـدیاییە بینـراو – بیسـتراو و خـوێنراو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

**بەرئەنجامی چـوارەم:** بەرزبـوونەوەی ڕێـژەی ژنـان لە بـازاڕی کـاردا لە (١٢،٩%) بۆ (٢٣%) لە ماوەی ستراتیژییەتەکەدا

-سیاسەتی پێویست لەم بارەیەوە خۆی لە گرتنەبەری ڕێوشـوێنی تەشـریعیی و جێجبەجێکـاریی دەبینێـتەوە لە دابینکردنـی هەلـی کـار و پاراسـتنی ژنـی کـارگەر بە کەرتـی نافەرمیشـەوە هەروەك لە کەرتـی کشـتوکاڵی و لە گونـد و گـرتنەبەری سـتراتیژییەتی ئەوتـۆ پاڵپشـتی تێکەڵکردنـی مەسـەلەکانی جـۆری کـۆمەڵایەتی لە وەزارەتە ئابوورییەکان دەکـات و پیـادەکردنی سیاسـەتگەلێك کە هـانی کەرتـی تایبەت دەکات لەسەر دابینکردنی هەلی کار بۆ ژنـان لە هەر کـوێیەك بن بە تایبەتیش ئەوانەی کە لە هەموویان هەژارترن.

**دەرهاویشتەی ٤. ١:**

هەمـوارکردنی یاسـاکانی تـایبەت بە کـار و خانەنشـینیی و وەبەرهێنان کە پێشنیازکراوە بۆ پێدانی پاداشتی هانـدەریی بـۆ ژنـان پێشنیار دەکەن.

**دەرهاویشتەی ٤. ٢:**

توانای ژمارەیەك لە ژنان و دەزگا و ڕێکخراوەکانی ژنـان لە ڕووی تەکنیکـی بنیـاتنراون بـۆ پشـتگیریکردنی تواناکانیـان بـۆ چـوونە نـاو بازاڕی کار چ لە کەرتی گشتیی یاخود لە کەرتی تایبەتدا بێت.

**دەرهاویشتەی ٤. ٣:**

ژنانی گوند و تواناکانیان لە رووی ئـابووریی و کـۆمەڵایەتییەوە، کە پەرەپێدراون لەسەر ئاستی هونەریی و دامەزراوەییدا.

دەرهاویشتەی ٤. ٤. هەڵمەتی جێبەجێکـراو و هاوپەیمـانیگەلێکی بنیـاتنراو لەگەڵ رێکخـراو و یەکێتیـی و دەزگـاگەلێکی پیشـەیی لەپێناوهاندانی ژنان بۆ بەئەنـدامبوون تیایانـدا و بەشـداریکردنیان لە بەڕێوەبردنییدا.

**دەرهاویشتەی ٤. ٥:**

زیـادکردنی تواناکـانی ژنـانی کوردسـتان لە بـواری رەخسـاندنی هەل بـۆ تەواوکردنـی خوێنـدی بـاڵا و سـوودوەرگرتن لە پرۆگرامـی حکومەت لەبارەی تواناسازییەوە.

**بەرئەنجامی پێنجەم:** بەرزکردنەوەی ئاستی ژنان و بەشداریکردنیان لە بڕیارو بنیاتنانی ئاشتیدا

گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ زیـادکردنی بەشـداری ژنـان لە کاروبـاری سیاسـیی و بڕیـاردان پێویسـتی بەکـارکردن هەیە لە ئاسـتەکانی تەشـریعیی/ یاسـایی و سیاسـیی و رۆشـنبیریی ئەمەش پێویسـتی بە گۆڕانکـاری هەیە لە بنیـات و لەو مومارەسـانەی کە دەتوانێت هانی ئەو بەشداریکردنە بدەن.

دەرهاویشتەی ٥. ١. بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش (١٣٢٥) رێوشـوێنگەلێکی یاسـایی و تەشـریعیی و کـرداری پیشـنیازکراو خراوەنەتەگەڕ بۆ بەرزکرنەوەی ژمارەی ژنان لە پێگەی دانانی سیاسەت و دروستکردنی بڕیاردا.

دەرهاویشـتەی ٥. ٢. توانـا و لێهاتووییەکـانی ژنـان لە بەتواناکردنی خودیی و سەرکردایەتییکردن بنیاتنراوە.

دەرهاویشتەی ٥. ٣. بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵگەو ژنـــان، گرنگیـــی بە مافەکانیـــان لە پڕکـــردنەوەی پۆســـتە سەرکردایەتییەکاندا.

**بەرئەنجـامی شەشـەم:** دامەزراوە تایبەتمەنـدەکان بە کاروبـاری ژنـان پشـتگیریی کـراو بە داهـات و دەسـەڵات تـا بـواری لە چـالاکی وئەرکەکان هەبێت کە لە گۆڕانکارییەکاندا کاریگەریی دەبێت:

-پابەنـــدبوونی حکـــومیی لە ئاســـت مەســـەلەکانی جـــۆری کـۆمەڵایەتی گـرتنبەری ڕێوشـوێنێك ئەوە دەخوازێـت کە زامنـی بە دامەزراوەییکردنـی مەسـەلەکانی جێنـدەر بکـات لە زۆربەی لە دەزگـا پیشەییەکان بە تێکەڵاوکردنی هاوڵاتیان و گەشەپێدانیان لە میـانەی ناسـینی دەزگـاگەلێکی سـەربەخۆ کە ڕۆڵ لە بەهێزکردنـی پـێگەی ژن دەبینێـت، سـەرباری پشـتگیریکردنی ئەوانەی کە هەن، بە داهـات و دەسـتەڵاتی تەواو. هەروەهـا بنیـاتی توانـا دامەزراوەیـی و هـونەریی دەخوازێـــت لەنـــاو دەوڵەت و پێکهـــاتە جۆربەجۆرەکـــانیی بـــۆ تەرجەمەکردنـــی پابەنـــدبوون بـــۆ سیاســـەتێکی پشتپێبەســـتراو و میتـــۆدێکی کـــار لە هەمـــوو کەرتەکانـــدا و هەروەهـــا واقیعێکـــی بەرجەستەکراو لە ژیانی پیاوان و ژناندا لە کـۆمەلگەدا. بـۆ دڵنیـایی و سەرخســـتنی ئەم ڕێـــڕەوەش پێویســـتە پشـــت بە دامەزراوەگەلێـــك ببەستین کە بەرپەس بێت لە بروەدان بە وێنە راسـتەقینەکانی ڕۆڵـی ژنان لە خێزان و کۆمەلگادا.

**دەرهاویشتەی ٦. ١:**

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەسەڵات و داهاتی مـادیی و شەرعییەتی یاسایی گونجاوی هەیە.

**دەرهاویشتەی ٦. ٢:**

رەشنووسێك بۆ چوارچێوە و رێوشوێنگەلێکی پێشنیازکراو بۆ تێکەڵکردن و بەدامەزراوەکردنی جێندەر لە وەزارەتە جیاوازەکاندا.

**دەرهاویشتەی ٦. ٣:**

میتۆدی تێکەڵکردن و بەدامەزراوەکردنی جێندەری پەرەپێدراو بۆ بنیاتنانی تواناگەلێك لە هەموو وەزارەتەکاندا.

**دەرهاویشتەی ٦. ٤:**

پلانێکی میدیایی پشتپێبەستراو هانی بنەماکانی یەکسانیی و لەناوبردنی جیاکاریی دژی ژنان دەنێت، کە دەبێتە بنەمای بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی گشتییدا.

# بەشی سێیەم

# میکانیزمی دامەزراوەکان بۆ جێبەجێکردن،چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن

## ١. میکـــــانیزمە دامەزراوەییەکـــــان لە پێنـــــاو جێبەجێکردن، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن

### ١-١ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

ئەنجـومەنی بـاڵای کاروبـاری خانمـان وەك مەرجەع "میکـانیزمی نیشـــتمانی"یە لە سـاڵی (٢٠١٠) دامەزراوە، تـــایبەتە بە کاروبــاری ژنانەوە لە هەرێمی کوردستاندا، ئەم ئەنجـومەنە کـار بـۆ پەرەپێـدانی واقیعـــی ژنـــان دەکـــات، بە هاوکـــاری و هەمـــاهەنگی لەگەڵ لایەنە فەرمییەکان، و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، و ڕێکخراو و دەستە هەرێمیـی و نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدار، لە ڕووی ئامادەکردن و بەدواداچـوون و هەڵسەنگاندنی سیاسەت و بەرنامەو یاساکان کە پەیوەندیـدارن بە پرســـەکانی ئافرەتـــان و مـــافە مرۆییەکـــان و مـــافی گەشـــەپێدان بەشێوەیەکی گشتی.

### ١-٢ رۆڵی کەرتە حکومییەکان

پلانـــی داڕشـــتنی تـــایبەت بە ســـێکتەرە پەیوەندیـــدارەکان، بە ڕێوشوێنێکی پێویسـت دادەنرێـت نەك تەنهـا لە ڕووی پسـپۆری یـان ئەرکەوە بەڵکـــو بـــۆ گرنگـــی تێکەڵکـــردن و لەخـــۆگرتنی پرســـەکە بەشـــــــێوەیەکی روون لە پرنســــــیپ و ئەو ئەنجامــــــانەی کە چاوەڕوانـــــدەکرێت، لەگەڵ تەرخـــانکردنی بـــودجەی تـــایبەت بـــۆ جێبەجییێکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن.

### ١-٣ ڕۆڵی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان

ئەم ئەنجـــومەنە هەڵبژێـــردراوانە (پەرلەمـــان و ئەنجـــومەنی پارێزگاکـان) ڕۆڵێکـی سـەرەکیی دەبیـنن لە وێنەکێشـانی سیاسـەت و

ڕێوشوێنە پێشنیازکراوەکان و پشتگیریی هەموو ئەمانەش دەکات بە تەرخانکردنی بودجەی پێویست و پشتگیریی و چاودێری دەکات بۆ جێبەجێکردنی.

١-٤ رۆڵی دەستە سەربەخۆکان

ڕۆڵی دەستە سەربەخۆکان بە تایبەتی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ و، دەستەی پاراستنی ژینگە و دەستەی وەبەرهێنان، ئەمانە کەمتر نییە لە گرنگیی دامەزراوەکانی تر لە ڕووی کاراکردنی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە و چاودێرییکردنی.

١-٥ ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و خودی ژنان لە هەر شوێنێك بن، ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیای بە مافەکانی و بەتواناکردنی لەداواکردنیاندا وەك ئەرکێکی سەرەکی لەبڕوابوونیانەوە بە پێویستی کارکردن لە پێناو بەدیهێنانی دادوەری و یەکسانی و ئازادبوون لە فشاری کلتووری کۆنی باوی میرات هەڵگری دواکەوتن و، وەرگرتنی شارەزایی نوێ و چەسپاندنی بڕوابەخۆبوون و بە تەنگەوەهاتن لەسەر ئەنجامدان و سەرکەوتندا.

هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی کارابوونی زیاتری ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بە هاوبەشێکی سەرەکی لە پاراستنی مافەکانی ئافرەتان و داکۆکیکردن لێی و داواکاری بۆ هەوڵدان لە پێناو بەدیهێنانی یەکسانی ڕاستەقینە دادەنرێت، دەتوانین رۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم خاڵانەی خوارەوە دەستنیشانبکەین:

- بەشداریکرن لە دارشتنی بەرنامە و چالاکییەکان و هۆشیارکردنەوە وکەمپەینەکانی داکۆکیکردن.
- پێکهێنانی تۆڕەکان و هاوپەیمانێتییەکان لە پێناو چاکسازی و گۆڕانکاریی و پرسەکانی داکۆکیکردن.
- بەشداریکردن لە گفتوگۆی پەیوەست بە کاراکردنی راسپاردە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە ڕێککەوتننامە پەیوەندیدارەکان بە نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ژنان.
- بەشداریکردن لە زامنکردنی ئەو ئافرەتانەی کە مافەکانیان زەوتکراوە بە مەبەستی ئامادەکرن و بەتواناکردنیان لە داواکردنەوەی مافەکانیان.
- تێکەڵکردنی بابەتە پەیودەنیدارەکان بە هاوڵاتیبوون و یەکسانی لە مافەکان لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا.
- هاندانی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کوردستان بۆ هاوکاریکردن و تەمویلکردنی پرۆژەگەلێك بۆ بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە.

١-٦ رۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن

رۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن گشتی بێت یاخود تایبەتی، بەجیاوازی شێوازی دەربڕینیان و هەمەچەشنی جۆرەکانییەوە ڕۆڵێکی جەوهەری دەبینن لە رووبەڕووبوونەوەی ئەو جیاکارییانەی کە لە بەها و مافە مرۆییەکانی ژنان کەمدەکاتەوە و برەو بە کەلتوورێکی جیاوازتر دەدات لەوەی کە لە ئێستادا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمەلگەدا، هەیە. دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنیش بە هاوبەشێکی سەرەکی دادەنرێت لەگەڵ هاوبەشەکانی تر بۆ کارەکانی ستراتیژییەتەکە هەروەها ڕاگەیاندکار (ژنان و پیاوان) لە بەئامانجکراوەکان دەبن لە بواری

پاڵپشتیکردنی تواناکانیان و بەشداریکردنیان لە گـۆڕینی وێـنە کـۆن و تەقلیـــدییە زیانبەخشــەکان و کەمپەینەکـــانی داکـــۆکیکردن بـــۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی زیاتر لە پێناو گۆڕانکاریدا.

## ٢. میکانیزمەکانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

٢-١ دابینکردنی زانیارییەکانی هێڵی سەرەکی

میکانیزمەکـــــانی بەدواداچـــــوون و هەڵســـــــەنگاندنی زانیارییەبنەڕەتییەکان بەردەستبوونی زانیـاری پێویسـتی بە کـاراکردنی پرۆسـەکانی بەدوداچـون دەدات، کە یارمەتیـدەرە بـۆ ئەو لایەنـانەی ستراتیژەکە جێبەجێدەکەن و هەروەها بۆ بڕیار بەدەستان، بۆ داڕشتنی پلانـی بەدواداچـون و دلنیـابوون لە ڕەوشـی جێبەجێکردنـی لە ڕێـگەی راپـۆرتی دەوریەوە، بـۆ راسـتکردنەوەی هەر کەموکـوریەك لە حـاڵەتی سســتی، یــان خــاوی لە جێبەجێکردنــدا لە ئەنجــامی زیــادبونی ئەو مەترسیانەی ڕێگەگرن.

٢-٢ ژێرخانی دامەزراوەیی:

هەماهەنگی وهاوکاری نێوان ئەنجومەنی باڵای کاروبـاری خانمـان و کەرتە حکـومی و ناحکومییەکـان بنـاغەی سـەرەکییە بـۆ پرۆسـەی بەدواداچــوون و هەڵســەنگاندنی ڕەوشــی ئافرەتــانی کوردســتانی بە شـێوەیەکی گشـتی و بەدیهێنـانی ئامانجەکـانی ئەم سـتراتیژییەتە بە شێوەیەکی تایبەتی، پێکدەهێنن.

ناکرێــت هــیچ ســتراتیژییەتێك جێبەجێبکرێــت بەبــێ ژێرخــانێکی ســتراتیژی دامەزراوەیــی کە توانــای چــاودێریکردن و هەڵســەنگاندنی

دەستکەوتەکان و دەستنیشانکردنی هەڵەکانی هەبێت لەجێبەجێکردندا لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەمانەی خوارەوە:

أ- لە نێوان هەموو دامەزراوەکانی نێو هەرێمدا دەبێ هاوکارییەکی کارا و روون و ئاشکرا و بەرپرسیارێتی هەبێت بەتایبەتی لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکانی ژنان.

ب- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەبێت سوود لە شارەزایی تەکنیکی و ئەو دراوپێدانەی کە دەکرێت بەدەستبێت و وەربگیرێت.

ت- هەبوونی بەرێوەبردنێکی ژیرانە بۆ ستراتیژییەتەکە کە دەسەڵاتێکی دارایی و کارگێڕی و تەکنیکی هەبێت و، لەگەڵ گرنگیی سراتیژیەتەکەدا بگونجێت.

پ- بنیاتنانی تواناکانی بەرپرسانی جێبەجێکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ستراتیژییەتەکە.

ج- پێکهێنانی لیژنەیەك لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان کە نوێنەری (ژنان وپیاوان) لە وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەخۆبگرێت بۆ کاراکردن و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە بە بەشداری ژمارەیەك لە شارەزایانی هەردوو رەگەز.

ح- هاندانی تۆڕێك بۆ چاودێرییکردن و جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە لە نوێنەرانی بزافی ژنان و پسپۆران لە مەسەلەکانی جۆری کۆمەڵایەتی ، نوێنەرانی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و دەزگاکانی راگەیاندن.

### ٢-٣ دانانی سیستەمی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

دانانی سیستەمی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنیش پێویستی بە دابینکردنی ئامرازی گونجاو هەیە وەك:

أ. داتا بەیسێك هەموو كەرتەكان و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی زانیاری پێببەخشن.
ب. گەڵاڵكردنی چوارچێوەیەكی ڕێكخراو بۆ بەدواداچوونی جێبەجێكردنی سیاسەتەكان و پلانەكانی پەیوەندیدار و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەكانی.
ت. پەیوەست بە (أ) و (ب)، دەركردنی ڕاپۆرتێكی گشتگیر لەبارەی ڕەوشی ژنان و جۆری كۆمەڵایەتی و مافەكانی مرۆڤەوە و بەتوندوتیژی دژ بەژنانیشەوە، كە ساڵانە لە ئەنجامی هەڵمەتێكی نیشتمانی و لۆكاڵیدا و دواتر هەر دوو ساڵ جارێك، بڵاودەكرێتەوە. هەروەها دەكرێت ئەم ڕاپۆرتە ببێتە چوارچێوەی بنچینەیی (مەرجەعی) بۆ پلانە ستراتیژییەكان لەلایەك و لەلایەكی تریش بۆ ئامادەكردنی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەكان كە چاوەڕوان دەكرێت دەوڵەتی عێراق وەك بەشێك لە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەكان (ڕاپۆرتی سیداو، كۆنگرەی بیجینگ و كۆنگرەی قاهیرە)، بەشێوەیەكی ڕێكوپێك پێشكەشی بكات.

## ٢-٤ ئامارژەكانی جێبەجێكردنی ستراتیژییەتەكە

بۆ پلانی بەدواداچوون لەگەڵ تواناو شیانی تاقیكردنەوە و پێداچوونەوەی لە كاتی دانانی پلانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن و دەستپێكردنی جێبەجێكردنی ستراتیژییەتەكە دەكرێت ئامارژە بەم پێشنیارانەی خوارەوە بكات:

- ژمارەی كۆبوونەوەكانی لیژنەی باڵا بۆ بەتواناكردنی ئافرەتان لە هەرێمی كوردستان، نووسینگەی جێبەجێكردن و پێكهاتە هاوتەریبەكان لە وەزارەتەكان و دەرهاوێشتەكانی ئەو كۆبوونەوانە لە ڕاپۆرت و ڕێژەكانی بەشداریكردن.

- ژمارەی پلانە واژووکراوەکان.
- ژمارەی ئەو چالاکییانەی کە لە پلانە ساڵانەییەکاندا جێبەجێکراوە.
- ژمـارەی ئەو خـولانە و جۆرەکانیـان کە جێبەجێکـراون و ژمـارەی ڕاهێنەرەکـان (هەردوو ڕەگەز) بە پێـی هەر کەرتێـك بەو شـێوەیەی کە بەرمەجە کراوە.
- ژمـارەی هەڵمەتەکـانی هۆشـیارکردنەوەی میـدیایی کە بە گـوێرەی پلانەکە جێبەجێکراون.
- ژمارەی ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ڕاپۆرتانەی کە دەرکراون.
- هەرچـی ئاماژەکـانی هەڵسـەنگاندنە، دەبێـت ئەدا و ڕێـڕەوەکە پێوانەبکـات و ئەو ئاماژانەشـی کە بـۆ ئاسـتە بەرزەکـان دانـراون دەبێـت ڕێـگە بـدات بە پێـوانەکردنی گۆڕانەکـان بە بەراورد بە خواستەکانی ستراتیژییەتەکە (بگەڕێوە بۆ ڕیزکراوەی بەدواداچـوون و هەڵسەنگاندن لە هاوپێچی (١).

## ٣. میکانیزمەکـــانی هاوکـــاری و هەمـــاهەنگی و جێبەجێکردن

٣-١ چوارچێوە ومەرجەکانی پێکهێنانی میکانیزمەکان

بـۆ هاوکـاری و هەمـاهەنگی پێویسـتە ئەم ڕەهەنـدانە لەبەرچـاو بگیرێت:

- بەشـــداریکردنی هەمـــوو ئەو لایەنـــانەی کە لە ئامـــادەکردنی ســـتراتیژییەتەکە و لە پرۆســـەی جێبەجێکـــردن و بەدواداچـــوون و هەڵســـەنگاندندا لە چوارچێـــوەی ڕۆڵ و شـــیانی هەر دەزگـــایەك، بەشداربوونە.
- نەرمیـــی نوانـــدن لە پرۆســـەی جێبەجێکـــردن و بەدواداچـــوون و دوورکەوتنەوە لەمەرکەزییەت، کە لەوانەیە پرۆسـەی جێبەجێکـردن پەکبخات.
- بەخاوەنکردنی (تەبەنیکردن) بەرنـامەیەك بـۆ بنیاتنـانی تواناکـانی دامەزراوە حکومییەکـان و دامەزراوەکـانی کـۆمەڵگەی مەدەنـی کە بەشـــداردەبن لەجێبەجێکردنـــی ســـــتراتیژییەتەکەدا لە پێنـــاو یەکخستنی دید و چەمك و میتۆدەکان.
- پێکهێنانی لیژنەی باڵای نیشتمانی بۆ پەرەپێدانی ژنان لە هەرێمـی کوردستاندا.
- پێکهێنـانی نووسـینگەی جێبەجێکـردن بـۆ پەرەپێـدانی ژنـان لە هەرێمی کوردستاندا.

٣-٢ لیـژنەی بـاڵای نیشـتیمانیی بـۆ پەرەسـەندنی ئـافرەتی کوردستانی و وەدیهێنانی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەز

٣-٢-١ ئەندامبوون

بە ڕابەرایەتی ئەنجومەنی بـاڵای کاروبـاری خانمـان، ئەم لیـژنەیە لە نـــوێنەرانی (هەردوو ڕەگەز)، پێکـــدێت بەتـــایبەتی لە وەزارەتـــی

پلانــدان، وەزارەتــی دارایــی، وەزارەتــی نــاخۆ، ئەنجــومەنی دادوەری، وەزارەتــی کشــتوکاڵ، وەزارەتــی داد، وەزارەتــی تەندروســتی، وەزارەتــی پەروەردە، وەزارەتی کـار و کاروبـاری کـۆمەڵایەتی، وەزارەتـی خوێنـدنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، وەزارەتی ڕۆشـنبیری، دەسـتەی سـەربەخۆی مافەکـانی مـرۆڤ، دەسـتەی تـایبەت بە ژیـنگە، لیـژنەی داکـۆکیکردن لەمافەکـانی ئافرەتـان لە پەرلەمـان، سـەرۆکایەتی هەرێـم سـەرباری نوێنەرانی (هەردوو ڕەگەز) لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

نــوێنەرانی ڕێکخــراوە نێودەوڵەتییەکــان و شــارەزایانی نــاوخۆ لە هەردوو ڕەگەز (شـــارەزایانی نێـــودەوڵەتی ئەگەر بەشـــدایکردنیان پێویسـت بێـت) بە شـەریکی سـەرەکی دادەنـرێن، لە پێکهێنـانی ئەم لیژنەیە.

### ٣-٢-٢ ئەرکەکان

- سەرپەرشـــتیکردنی گشـــتی لە جێبەجێکـــردن و بەدواداچـــوونی ستراتیژییەتەکە.
- پەسەندکردنی پلانی کاری سـاڵانە بە هەمـاهەنگی لەگەڵ هەمـوو لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- دەست نیشانکردنی ئەرکی لایەنە سـەرەکییەکان لە جێبەجێکردنـی پلانی کارکردنەکە.
- دابینکردنـــی ســـەرچاوەی دارایـــی پێویســـت بـــۆ جێبەجێکردنـــی چالاکییەکان بەگوێرەی پلانی کارەکە.
- بەدواداچـوونی جێبەجێکردنـی پلانـی سـاڵانە لە چوارچێـوەی پلانـی ستراتیژەکە.
- بەستنی کۆبـوونەوەی شـەش مـانگی و سـاڵانە بـۆ بەدواداچـوونی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە.

- بەشـــداریکردن لە پرۆســـەی بەدواداچـــوون و پشـــتیوانیکردنی هەڵســـەنگاندن بەبـــێ بەشـــداریکردن بـــۆ زامنکردنـــی بێلایەنـــی و بابەتێتی.
- بەشـــدایکردن لە دانـــانی ســـتراتیژییەکی نـــوێ بـــۆ بەتوانـــاکردنی ئافرەتان بۆ ئەوەی لەگەڵ تەواوکردنی ئەم ســتراتیژییەتە هاوکـات بێت.
- بەدواداچـوونی جێبەجێکردنـــی پلانـــی کـاری ســاڵانە لە چوارچێـوەی پلانی ستراتیژییەتەکەدا.

٣-٣ لێــژنەی جێبەجێکــاری تواناســازی ئافرەتــان وبەدیهێنــانی یەکسانی

٣-٤ ئەندامبوون و ئەرکەکان

٣-٤-١ ئەندامبوون

ئەم لێژنەیە لە نوێنەرانی وەزارەتی پلانـدانان ودارایـی سـەرەڕای شـارەزایانی نـاوخۆیی پێکـدێت، ئەنجـومەنی بـاڵای کاروبـاری خانمـان سـەرکردایەتی دەکـات بـۆ جێبەجێکردنـی ئەو ئەرکـانەی کە پێـی سپێردراون.

٣-٤-٢ ئەرکەکان

- گرتنە ئەستۆی بەرنامەیەکی ڕاهێنان بۆ بنیاتنانی توانای دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە.
- کۆکردنەوە و بەدیهێنانی پشتگیری بۆ پاڵپشتیکردنی چالاکییەکانی ستراتیژییەتەکە.
- ئامــادەکردنی ڕاپۆرتەکــان و دابینکردنــی ئەو زانیارییــانەی کە یارمەتی نوسینی ڕاپۆرتە دەوریـیە فەرمییەکـان دەدەن کە تـایبەتە بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و ڕاپۆرتەکانی چـاودێریکردنی ئەو بەرنامە و چالاکییانەی کە دامەزراوە حکومییەکان جێبەجێیانکردوە.
- دانــانی پلانــی کــاری ســاڵانەی ســتراتیژییەتەکە، پەرەپێــدانی و هەمـوارکردنی لە کـاتی پێویسـتدا و بەرزکـردنەوەی بـۆ دەسـتەی باڵای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان بۆ پەسەندکردنی.
- ئامادەکردنی بـودجەی پێویسـت بـۆ جێبەجێکردنـی چـالاکییە پـلان بۆدانراوەکان لە پلانی کاردا و بەرزکردنەوەی بۆ دەسـتەی بـاڵا لە دابینکردنــی ســەرچاوەی دارایــی پێویســت بــۆ پاڵپشــتیکردنی جێبەجێکردن وهەماهەنگیکردن.

- دانــانی خشــتەی کارەکــانی لیــژنەکە و بەرواری کۆبونەوەکــانی: نووســینگەی جێبەجێکــردن کۆبــوونەوەی مانگــانە و نیــو مــانگی ئەنجامــدەدات بە مەبەســتی بەدواداچــوون و هەڵســەنگاندنی بەرێوەچــوونی ئەو کــار و چالاکییــانەی کە لە ســتراتیژییەتەکەدا بڕیاری لەسەردراوە، لە دوای چەسپاندنیدا.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە جێبەجێکردن و بەدواداچوونی دەوری بۆ بەرنامە و چالاکییەکان لە چوارچێوەی پلانە کەرتییەکاندا (دامەزراوە حکومییەکــان و ڕێکخراوەکــانی کــۆمەڵگەی مەدەنــی) لە هەرێمی کوردستاندا.

# هاوپێچی یەکەم

# شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی زنجیرەی ئەنجامەکان

ئافرەتی کوردستان دوای (١٠) ساڵ
بەتوانایی سوومەندبوون لە مافە مرۆییەکانی خۆیان

<table>
<tr><td colspan="2">دەرئەنجامی یەکەم:<br>ژینگەیەکی یاسایی یاسادانان کە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان یەکبگرێتەوە</td></tr>
<tr><td>دەرچە ١. ١<br>ڕەشنووسی یاسا/ ڕێوشوێنگەلێکی پشپێبەستراو بۆ لابردنی کەلێنەکانی جیاکاری دژ بە ژنان، بەمافی ژنانی کەمینەکانیشەوە.</td><td></td></tr>
<tr><td>دەرچە ١. ٢<br>دامەزراوە حکومییە تایبەتمەندەکان ئامادەکراون لە پێناو جێبەجێکردنی یاساکان و بڕیارەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان</td><td></td></tr>
<tr><td>دەرچە ١. ٣<br>هاوپەیمانیگەلێکی بنیاتنراو بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی لە پێناو پشتبەستن بە چوارچێوە یاساییەکان/ ڕێوشوێنی پێشنیارکراو</td><td></td></tr>
</table>

<table>
<tr><td colspan="2">دەرئەنجامی دووەم:<br>سیاسـەتێکی فێرکـاری چۆنـایەتی پشپێبەسـتراو بە یەکسـانی جـۆری کۆمەڵایەتی و پیادەکردنی.</td></tr>
<tr><td></td><td>دەرچە ۲. ۱<br>ڕێوشـوێنگەلێکی  پێشـنیارکراو بـۆ پڕکـردنەوەی کەموکورتییەکان و لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی کچان لە قوتابخانەکانی کچان لە ناوچە بێبەشکراو و پەراوێزخراوەکـان و بە تـایبەتیش قەزا و ناحیەکـان و لە گوندەکان</td></tr>
<tr><td></td><td>دەرچە ۲. ۲<br>تواناکـانی کـادیرە فێرکەرەکـان پتەوبکرێـت لە پێنـاو تێکەڵکردنـی جـۆری کـۆمەڵایەتی و مافەکـانی مـرۆڤ لەناو پرۆگرامەکانی خوێندندا.</td></tr>
<tr><td></td><td>دەرچە ۲. ۳<br>بەرنامەیەکی پەرەپێدراو بۆ پێکهێنانی بەشی پسـپۆڕ لە خوێنـدی ژنـانە و جـۆری کـۆمەڵایەتی لە زانکـۆ حکومی و ئەهلییەکاندا.</td></tr>
<tr><td></td><td>دەر چە ۲. ٤<br>ئاسـتی هۆشـیاری  ڕای گشـتی بەهێزبـووە لەبـارەی خوێنـدنی تەوزیمـی و خوێنـدنی خـۆڕایی لە روانـگەی یاسایی و مافپەروەرییەوە.</td></tr>
</table>

| | |
|---|---|
| دەرئەنجامی سێیەم:<br>سیاسەتێك بۆ تەندروستی وەچەخستنەوە لە قۆناغەكانی ژیان پشتپێبەستراو/ كاراكراو لە هەرێمی كوردستاندا. | |
| **دەر چە ٣. ١**<br>ئەولەوییەتەكانی بەڵگەنامەی ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ تەندروستی وەچەخستنەوە بۆ ساڵی ٢٠١١-٢٠١٥ تازەكراوەتەوە بەوانەشەوە كە تایبەتن بە تێڕوانینی جۆری كۆمەڵایەتی و مافەكانی مرۆڤ. | |
| **دەرچە ٣. ٢**<br>تواناكانی پێشكەشكارانی خزمەتگوزارییەكان پتەوبووە لە (٤) پێكهاتە لە تەندروستی وەچەخستنەوە (بەلایەنی كەمەوە). | |
| **دەرچە ٣. ٣**<br>فراوانبوونی خزمەتگوزاییەكانی تەندروستی وەچەخستنەوەی گونجاو لەگەڵ پێوەرەكانی ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی و فراوانكراوە لە بنكەكانی تەندروستی وەچەخستنەوە. | |
| **دەرچە ٣. ٤**<br>هەڵمەتێكی نیشتمانی جێبەجێكراو بۆ هۆشیاریكردنەوە و ڕۆشنبیركردنی خێزانەكان و ژنان لەبارەی گرنگی خزمەتگوزارییەكانی تەندروستی وەچەخستنەوە لە ڕێگای كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری بینراو و بیستراو و خونیدراو و تۆڕە كومەڵایەتییەكان | |

| دەرئەنجامی چوارەم:<br>ڕێژەی ژنان لە بازاری کارد لە ١٢,٩٪ بۆ ٢٣٪ بەرزبۆتەوە. | |
|---|---|
| **دەرچە ٤. ١**<br>هەموارکردنی تەشریعات و یاساکانی تایبەت بە کار و خانەنشینی و وەوەچەخستنەوەی پێشنیارکراو بۆ بەخشینی حوافزی هاندەری بۆ ژنان/ هەموارکراوەتەوە. | |
| **دەرچە ٤. ٢**<br>زیادبوونی تواناکانی ژنان و دامەزراوەکان و کۆمەڵەکانی ژنان کە لە ڕووی تەکنیکییەوە بنیاتنراوە بۆ پشتیوانکردنی چوونە ناوەوەی ژنان بۆ بازاری کار لە کەرتە گشتی و تایبەتەکاندا | |
| **دەرچە ٤. ٣**<br>تواناکانی ئافرەتانی گوندنشین بە راددەیەك پێشکەوتووە کە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لەسەر ئاستی تەکنیکی و دامەزراوەیی کارابن. | |
| **دەرچە ٤. ٤**<br>هەڵمەتێکی جێبەجێکراو و هاوپەیمانێتیگەلی بنیاتنراو لەگەڵ ڕێکخراو و کۆمەڵە و دامەزراوە پیشەییەکان لە پێناو هاندانی ئافرەتان بۆ ئەندامبوون تیاندا و بەشداریکردن لە بەڕێوبردنیاندا | |
| **دەرچە ٤. ٥**<br>زیادکردنی تواناکانی ئافرەتانی کورستانی لە بواری دابینکردنی هەل بۆ تەواکردنی خوێندی باڵا لە ڕێی سوودوەرگرتن لە بەرنامەی حکومەت لەبارەی بنیاتنانی تواناکان | |

| دەرئەنجامی پێنجەم:<br>ئاستی بەشداریکردنی ژنان لە پێگەکانی بڕیاردان و بنیاتنانی ئاشتیدا | |
|---|---|
| **دەرچە ٥. ١**<br>پاڵبشــت بە بڕیــاری ئەنجــومەنی ئاســایش ١٣٢٥، ڕێوشــوێنگەلی یاســایی و تەشــریعی و ئامادەســازی کــارگێڕی پێشــنیارکراو بــۆ بەرزکــردنەوەی ژمــارەی ئافرەتــان لە پێگەکــانی دانــانی سیاســەتەکان و بڕیاردانــدا بە ڕێــژەیەك لە ٤٠% کەمتــر نەبێــت لە ئەنجومەنە هەڵبژێدراوەکان و دامەزراوە حکومییەکان و لە ٤٥% کەمتــر نەبێــت لە پــارتە سیاســییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا | |
| **دەرچە ٥. ٢**<br>توانــا و لێهاتووییەکــانی ژنــان لەســەر خــود بەتواناکردن و پێشەواییکردن بنیاتنراوە | |
| **دەرچە ٥. ٣**<br>ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە و ئافرەتان لەبارەی گرنگی مافەکــانی ئــافرەت لە پرکــردنەوەی پۆســتە سەرکردایەتیەکاندا، بەرزە . | |

| | |
|---|---|
| دەرئەنجامی شەشەم:<br>ئەو دامەزراوانەی تایبەتن بە کاروباری ئافرەتان پشتیوانیکراوە بە داهات و دەسەڵاتەکان، بە ئاستێك کە بە چالاکییەکی کاریگەرانەوە، هەستێت بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. | |
| **دەرچە ٦. ١**<br>ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەستەڵات و داهاتی مادیی و مرۆیی گونجاوی هەیە. | |
| **دەرچە ٦. ٢**<br>ڕەشنووس لە چوارچێوە و ڕێوشوێنگەلێکی پێشنیارکراو بۆ تێکەڵکردن و بەدامەزراوەییکردنی جۆری کۆمەڵایەتی لە پلانی گەشەپێدانی و بودجەی وەزارەتە جیاوازەکاندا | |
| **دەرچە ٦. ٣**<br>پرۆگرامی تێکەڵکردن و بەدامەزراوەییکردنی جۆری کۆمەڵایەتی پەرەپێدراو بۆ بنیاتنانی تواناکان لە هەموو وەزارەتەکاندا | |
| **دەرچە ٦. ٤**<br>پلانێکی میدیایی باوەڕپێکراو پشتیوانی پرنسیپەکانی یەکسانی و نەهێشتنی جیاکاری دژ بەژنان دەکات هەروەها بنەمای بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی گشتی و تایبەتیدا. | |

# هاوپێچی دووەم

## له ریزبەندی دەرئەنجامەکانەوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی هاوبەشەکان و گروپە بە ئامانجکراوەکان

دوای ١٠ ساڵ ئافرەتی کوردستان لە سوودەرگرتن لە
مافە مرۆییەکانی بەتوانادەبێت

| | |
|---|---|
| **دەرئەنجامی یەکەم:**<br>ژینگەیەکی یاسایی و تەشریعیی کە لەگەڵ بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت. | |
| دەرهاوێشتەکان | دەرچە ١. ١.<br>ڕەشنووسی یاساگەلێك/ ڕێوشوێنی پشتپێبەستراو بۆ لابردنی کەلێنەکانی جیاکاری دژ بەژنان و بەدیهێنانی یەکسانی پیاو – ژن، بەمافی ژنانی کەمینەکانیشەوە. |
| | دەرچە ١. ٢.<br>دەزگا حکومییە تایبەتمەندەکان ئامادەکراون لە پێناو جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان |
| | دەرچە ١. ٣.<br>هاوپەیمانیەتی بنیاتنراو بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی لە پێناو پشتبەستن بە چوارچێوە یاساییەکان/ ڕێوشوێنە پێشنیارکراوەکان |
| ڕۆڵی شەریکەکان | بۆچوون و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم و لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان لە مەیداندا و کاریگەری لەسەر گروپە بە ئامانجکراوەکە |

| | |
|---|---|
| ئەنجومەنی باڵا بە هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ کەرتە وزاریـــیە پەیوەندیـــدارەکان وڕێکخـــراوە هاوبەشەکان و بە تایبەتیش وەزارەتی داد | |
| دادوەری و پارێزەران و شارەزایان پەرلەمـــان، ئەنجـــومەنی وەزیـــران، ڕێکخـــراوە مـــافپەروەرە ناحکومییەکـــان بڕیاردەرەکـــان لە دامەزراوە رۆشنبیریی و لەمیدیاکاندا. | گـــــــروپە بەئامانجکراوەکان |
| حکـومەت، هاوبەشـە نێودەوڵەتییەکـان، بەخشـەرە ناوخۆییەکان | ســـــــەرچاوەی دراوپێدەر |

| دەرئەنجامی دووەم: سیاسەتێکی فێرکاری چۆنایەتی پشتپێبەستراو بە یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی پشتپێبەسراو جێبەجێبکات. | |
| --- | --- |
| دەرهاوێشتەکان | دەرچە ٢. ١.<br>ڕێوشوێنگەلێکی پێشنیارکراو بۆ پڕکردنەوە و ڕەچاوکردنی پێویستییەکانی کچان لە قوتابخانەکانی کچان لە ناوچە بێبەشکراو و پەراوێزخراوەکان و بەتایبەتیش قەزا و ناحیەکان و گوندەکان |
| | دەرچە ٢. ٢.<br>تواناکانی کادیرە فێرکارەکان پشتیوانیکراوە لە پێناو تێکەڵکردنی جۆری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ لە بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندندا. |
| | دەرچە ٢. ٣.<br>بەرنامەی پەرەپێدراو بۆ نوێکردنەوەی بەشگەلێکی پسپۆر لە خوێندنی ژنانە و جۆری کۆمەڵایەتی لە زانکۆ حکومی و ئەهلییەکاندا |
| ڕۆڵی شەریکەکان | وێناکردن و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم و لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە وێنە بۆکێشراوەکان لە مەیداندا و کاریگەری لەسەر گروپە بە ئامانجکراوەکەئەنجومەنی باڵا هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان وڕێکخراوە هاوبەشەکان دەکات، بەتایبەتیش وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی |

| | |
|---|---|
| | دارایی و پلاندان |
| گـــــــــــروپە بەئامانجکراوەکان | کچان و ژنان<br>پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران<br>قوتابخانە و زانکۆکان<br>دەسەڵاتە ناوخۆییەکان<br>کۆمەڵەکانی ژنان و ڕێکخراوە مافپەروەرەکان<br>ڕاگەیاندنەکان<br>شارەزاکان |
| ســــــــەرچاوەی دراوپێدەر | حکومەت<br>هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان<br>بەخشەرە ناوخۆییەکان |

| | |
|---|---|
| **دەرئەنجامی سێیەم:**<br>سیاسەتێك بۆ تەندروستی وەچەخستنەوە لە ڕێگای هەموو قۆناغەکانی ژیان پشتپێبەستراو/ کاراکراو لە هەرێمی کوردستاندا | |
| دەرچە ٣. ١.<br>یەکەمینەکانی بەڵگەنامەی ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ تەندروستی وەچەخستنەوە بۆ ساڵی ٢٠١١-٢٠١٥ نوێکراو لەوانەش لە هەردوو تێڕوانینی جۆری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤەوە | دەرهاوێشتەکان |
| دەرچە ٣ . ٢.<br>فراوان بوونی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی وەچەخستنەوە گونجێنراوە بۆ پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی پەرەپێدراو لە بنکە تەندروستییەکانی وەچەخستنەوەدا. | |
| دەرچە ٣. ٣.<br>بە توانایی پێشکەشکارانی خزمەتکوزارییەکان بەلایەنی کەمەوە لە (٤) پێکهاتەی تەندروستی وەچەخستنەوە، پشتیوانیکراوە | |
| دەرچە ٣. ٤.<br>هەڵمەتێکی نیشتمانی جێبەجێکراو بۆ هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی ژنان و خێزانەکان لەبارەی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستی وەچەخستنەوە لە ڕێگای کەناڵە ڕۆشنبیری وراگەیاندنە بینراو و بیستراو و خوێندراوەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە. | |
| بۆچوون و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن | ڕۆڵی شەریکەکان |

| | |
|---|---|
| | لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە وێنە بۆکێشراوەکان لە مەیداندا و کاریگەری لەسەر گروپە بە ئامانجکراوەکە<br>ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە هاوبەشەکان دەکات، واتا وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی دارایی و پلاندانان |
| گروپە بەئامانجکراوەکان | ژنان و پیاوان، گەنجان لە هەردوو ڕەگەزدا<br>پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران<br>سیستمی تەندروستی بە لق و پسپۆڕییەکانییەوە، پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، شارەزایان، کۆمەڵەکانی ژنان و ڕێکخراوە مافپەروەر و پیشەییەکان (تەندروستی، ڕیکخستنی خێزان، ئەیدز ....) |
| سەرچاوەی دراوپێدەر | حکومەت، هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان<br>بەخشەرە ناوخۆییەکان |

| | |
|---|---|
| **دەرئەنجامی چوارەم:**<br>ڕێژەی ئامادەبوونی ژنان لە بازاڕی کاردا، بەرزبووەتەوە لە ١٢,٩% بۆ ٢٣% | |
| دەرهاوێشتەکان | دەرچە ٤,١.<br>هەموارکردنەکانی تەشریعات و یاساکانی تایبەتەکان بە کار و خانەنشینی و وەچەخستنەوە بۆ دابینکردنی بەشداری زیاتری ژنان لە بازاڕی کاردا (سیستەمی کۆتا لە کەرتی گشتی). |
| | دەرچە ٤. ٢. |

| | |
|---|---|
| | تواناگەلێك لە ژنان و دامەزراوەکان و کۆمەڵەکانی ژنان لە ڕووی تەکنیکییەوە بەرپاکردووە، بۆ پاڵپشتیکردنی چوونەناوەوەی ژنان بۆ بازاڕی کار و کەرتە تایبەت و گشتییەکان، پێشنیارکراوەکان. |
| | دەرچە ٤. ٣.<br>تواناکانی ئافرەتانی گوندنشین پەرەپێدانی بۆ بەتواناکردنیان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە لە سەر ئاستی تەکنیکی و دامەزراوەییدا |
| | دەرچە ٤. ٤.<br>هەڵمەتێکی جێبەجێکراو و هاوپەیمانێتی بنیاتنراو لە گەڵ ڕێکخراو و کۆمەڵە و دامەزراوە پیشەییەکان بکرێت لەپێناو هاندانی ئافرەتان لە بوونە ئەندام و بەشداریکردن لە بەڕێوبردنیاندا. |
| | دەرچە ٤. ٥.<br>زیادکردنی تواناکانی ئافرەتانی کوردستانی لە بواری دابینکردنی هەل بۆ تەواوکردنی خوێندنەکانی باڵا لە ڕێگای سوودوەرگرتن لە بەرنامەکانی حکومەت لەبارەی تواناسازیدا |
| ڕۆڵی شەریکەکان | وێناکردن و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم و لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە وێنە چاوەڕوانکراوەکان و کاریگەری لەسەر گروپە بە ئامانجکراوەکە<br>ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە هاوبەشەکان واتا وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و |

| | |
|---|---|
| | وەزارەتی دارایی و پلاندانان |
| گـــــــروپە بەئامانجکراوەکان | ژنان وپیاوان، گەنجان لە هەردوو ڕەگەزدا پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، دامەزراوە پیشەیی و ڕاهێنەرییەکان، دامەزراوەکانی قەرزدان، کۆمەڵەکانی ژنــان و ڕێکخـــراوە مـــافپەروەر و پیشـــەیی و سەندیکاکان)... شارەزایان |
| ســــــەرچاوەی دراوپێدەر | حکومەت، هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان |

| | |
|---|---|
| **دەرئەنجامی پێنجەم:** ڕێــژەی بەشــداریکردنی ژنــان لە پێگەکــانی بڕیــاردان و لە دامەزرانــدنی ئاشتیدا. | |
| دەرهاوێشتەکان | دەرچە ٥. ١.<br>پاڵپشــت بە بڕیــاری ئەنجــومەنی ئاســایش ژمــارە ١٣٢٥، ڕێوشــوێنگەلێکی یاســایی و تەشــریعی و ئامادەباشیی کارگێڕی پێشنیارکراو بۆ بەرزکردنەوەی ژمــارەی ئافرەتــان لە پێگەکــانی دانــانی سیاســەت و بڕیاڕدانــــدا، بەڕێـــــژەیەك کە لە ئەنجـــومەنە هەڵبژێردراوەکــان و لە حکومەتــدا لە ٤٠% کەمتــر نەبێـــت، لە حیـــزب و ڕێکخراوەکـــانی کـــۆمەڵگەی مەدەنیشدا لە ٤٥% کەمتر نەبێت. |
| | دەرچە ٥. ٢.<br>توانا و لێهاتووییەکانی ژنــان لە خودبەتوانــاکردن و پێشەواییکردندا بنیاتنراوە |
| | دەرچە ٥. ٣.<br>ئاســتی هۆشــیاری کــۆمەلگە و ئافرەتــان لەبــارەی گرنگـــی مافەکانیـــانەوە لە پڕکـــردنەوەی پۆســـتە |

| | |
|---|---|
| | سەرکردایەتییەکاندا، بەرزە. |
| ڕۆڵی شەریکەکان | وێناکردن و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم و لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە وێنە بۆکێشراوەکان لە مەیداندا و کاریگەری لەسەر گروپە بە ئامانجکراوەکەئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە هاوبەشەکان واتا وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی دارایی و پلاندانان |
| گروپە بەئامانجکراوەکان | پارتە سیاسییەکان<br>ڕێکخراوە مافپەروەرییە ناحکومییەکان<br>بڕیاردەرەکان لەسەر ئاستی ناوەند<br>شارەزایان |
| سەرچاوەی دراوپێدەر | حکومەت، هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان |

<table>
<tr><td colspan="2">دەرئەنجامی شەشەم:<br>ئەو دامەزراوانەی کە تایبەتن بە کاروباری ئافرەتان، پشتیوانکراون بە داهات و دەسەڵاتێك کە یارمەتیان دەدات بە کاراییەکی کاریگەر لەسەر پرۆسەی گۆڕاندا، ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات</td></tr>
<tr><td>دەرهاوێشتەکان</td><td>دەرچە ٦. ١.<br>ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەستەڵات و داهاتی مادی و مرۆیی و شەرعییەتی گونجاوی هەیە</td></tr>
<tr><td></td><td>دەرچە ٦. ٢.<br>ڕەشنووسی چوارچێوە و ڕێوشوێنگەلێکی پێشنیارکراوەکان بۆ تێکەڵکردن و بەدامەزراوەییکردنی جۆری کۆمەڵایەتی لە پلانی گەشەپێدان و بودجەی وەزارەتە جیاوازەکاندا</td></tr>
<tr><td></td><td>دەرچە ٦. ٣.<br>پرۆگرامی تێکەڵکردن و بە دامەزراوەییکردنی جۆری کۆمەڵایەتی پەرەپێدراو بۆ بنیاتنانی توانای هەموو وەزارەتەکان</td></tr>
<tr><td></td><td>دەرچە ٦. ٤.<br>پلانێکی میدیایی پشتپێبستراو کە پشتیوانی بنەماکانی یەکسانی و لابردنی جیاکاری دژ بە ژنان و بنەمای بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی گشتیدا دەکات.</td></tr>
</table>

| | |
|---|---|
| ڕۆڵی شەریکەکان | وێناکردن و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم و لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە وێنە بۆکێشراوەکان لە مەیداندا و کاریگەری لەسەر گروپە بە ئامانجکراوەکە<br>ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە هاوبەشەکان واتا وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی دارایی و پلاندانان |
| گروپە بەئامانجکراوەکان | ژنان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیاندا و لەهەر شوێنێکدا بن<br>پەرلەمان و کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان<br>پارتە سیاسییەکان<br>ڕێکخراوە مافپەروەرییە ناحکومییەکان<br>بڕیاردەرەکان لەسەر ئاستی ناوەند<br>شارەزایان، دەزگا میدیایی و ڕۆشنبیرییەکان |
| سەرچاوەی دراوپێدەر | حکومەت، هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان، بەخشەرە حکومییەکان |

# هاوپێچی سێیەم

## لە ریزبەندی ئەنجامەکانەوە بۆ
## دەستنیشانکردنی چوارچێوەی بەدواداچوون و
## هەڵسەنگاندن

| | |
|---|---|
| ئاكامەكان/ئەنجامەكان | غ: ئافرەتانی هەرێمی كوردستان، دوای ١٠ ساڵ لە هەموو مافە مرۆییەكانیان بە توانا و سوودمەند دەبن. |
| ئاماژەكان (هێڵی بنەڕەتی) ( ) | -باشبوونی ریزبەندی (كوردستان) بەپێی ڕابەری جیاوازییەكانی نێوان هەردوو ڕەگەز ڕێژەی قوتابخانە بەجێهشتن لەلایەن كچانەوە لە ٨٠% دابەزیوە.<br>-دابەزینی تێكڕای مردنی دایكان لە ماوەی نێوان ٢٠١٤ - ٢٠٢٤ بە ڕێژەی ١٥%.<br>-دابەزینی تێكڕای مردنی منالانی خوار تەمەن (٥) ساڵ لە ماوەی نێوان ٢٠١٤-٢٠٢٤ بە ئەندازەی سێ یەك.<br>-دابەزینی تێكڕای هەژاری لە نێوان ژناندا لە ١٠% بۆ ٣% لە ماوەی كای ستراتیژییەتەكەدا<br>-دابەزینی تێكڕای بێكاری لە نێوان ژناندا لە لە ماوەی كاتی ستراتیژییەتەكەدا ٢٠١٤ – ٢٠٢٤ لـــە ٣٤,٤% وە بۆ ١٠% واتا بەئەندازەی سێ یەك. |
| سەرچاوەكانی دڵنیابوون ( ) | راپۆرتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان<br>رووپێوەكان و بنەمای زانیارییەكان (داتا بەیس) نیشتمانی و سێكتەرەكان |
| راپۆرتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكان رووپێوەكان و بنەمای زانیارییەكان (داتا بەیس) نیشتمانی و سێكتەرەكان | -دابینكردنی كارگێڕی سیاسی و كۆمەڵگەیی بۆ پاڵپشتیكردن و بەتواناكرنی ئافرەتی كوردستانی<br>-ئاراستە نێودەوڵەتییەكان و سیاسەتە نیشتمانی و هەرێمییەكانی تایبەت بە مافە مرۆییەكانی ژنان<br>-كاریگەری ئەرێنی چاوەڕوانكراو لەسەر گەشەپێدان و پەرەپێدان<br>-دابینكردنی داهاتی دارایی و مرۆیی تەواو بۆ جێبەجێكردنی ئاكامەكان و دەرهاوێشتەكانی ستراتیژییەتەكە<br>-خراپبوونی سەقامگیری سیاسی<br>-گۆڕینی پەیژەی ئەولەوییات لە سەر ئاستی هەرێم بە هۆكاری ناوەكی و دەرەكی/ وەك ئەم بارودۆخەی لە ٢٠١٤ رووبەڕووی عێراق و كوردستان بووەوە. |

## ئاكامی یەكەم:
## ژینگەیەكـــی یاســـایی و تەشـــریعی كە لەگەڵ بنەماكـــانی مافەكانی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەكاندا بگونجێت

| | |
|---|---|
| ئاماژەكـــــان (هێڵـــــــی بنەڕەتی) | ژمارەی یاسا پشتپێبەستراوەكان زامنی نەبوونی جیاكاری دژ بە ژنـان و یەكسـانی ژن و پیـاو (نەهێشـتنی بازرگـانیكرن بە مـرۆڤەوە و یاسـای نەهێشتنی لەشفرۆشی، بیمەی كۆمەڵایەتی، فرەژنی و میرات)<br>ڕێگرتن لە گرێبەستی هاوسەرگیری دانیشتووانی هەرێمی كوردستان لە دەرەوەی دادگاكانی هەرێم لە پێناو نەهێشتنی دیاردەی فرەژنی<br>ڕێگرتن لە هاوسەرگیری وجیابوونەوە لە دەرەوەی دادگا<br>ژمارەی دەقە یاساییە بڵاوكراوەكان لە ڕۆژنامە فەرمییەكاندا<br>دادگـایەكی تـایبەت بە تونـدوتیژی خێزانـی لە هەمـوو پارێزگاكـانی هەرێمدا<br>بەرزبوونەوەی ئاستی لایەنگرانی مافە مرۆییەكانی ژنان<br>بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو ژنـانەی كە ئامـادەن داوای مافەكـانی خۆیـان بكەن<br>سكاڵانی ژنان لەبەردەم دادگادا بۆ داواكردنی مافەكانی خۆیان |
| سەرچاوەكانی دڵنیابوون | بەڵگەنـــامە نیشـــتمانی و نێودەوڵەتییەكـــانی تـــایبەت بە یاســـاكان و مافەكانی مرۆڤ ڕۆژنامە فەرمییەكان<br>ڕاپۆرتەكانی حكومەت و پەرلەمان<br>وتاری ڕۆژنامەوانی |
| مەترسـیی و گریمانەكان | پەرلەمـان و حكـومەتی كوردسـتان ئەو تێبینـی و ڕەخنـانە بەهەنـد وەردەگــرن كە لە لایەن ڕێكخــراوە نێودەوڵەتییەكــان و دەســتەكانی نەتەوە یەكگرتووەكـانی تـایبەت بە مافەكـانی مـرۆڤەوە، ڕووبەڕوویـان دەكرێتەوە<br>بوونی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێكخراوەكانی ژنـانی چـالاك بۆ فشار خستنەسەر پەرلەمان<br>بــوونی لایەنــی حكــومی و نـــاحكومی كە ڕەشنووســی یاســاكان پێشكەشـبكات بــۆ زامنكردنــی بەدیهێنـانی یەكسـانی و نەهێشـتنی جیاكاری بۆ ئافرەتان<br>بــوونی ئـارەزوو لەلایەن چەنـد گروپـی كـۆمەڵگەوە بـۆ بەرزكـردنەوەی |

| | |
|---|---|
| کوردستان بۆ ئاستی دەوڵەتە پێشکەووتوو و دیموکراتییەکانی جیهان سەختی ڕازیکردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە دانانی ڕەشنووسی ئەو یاسایانەی کە پشتیوانی لە ژنان دەکەن لە ئەولەویاتی ئەجنداکەیدا. هەندێك ئەندام هەن لە پەرلەمان بڕوایان بە پرسەکانی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان نییە. بوونی جیاوازی سیاسی لە نێوان کوتلەکانی پەرلەمان و بەتایبەتیش ئۆپۆوسیۆن و دەسەڵات ئەوانەی کە هەندێ پرۆژە ڕەتدەکەنەوە کە لە لایەنەکەی ترەوە پێشکەشدەکرێت. قبوڵنەکردنی بەشێك لە ناوەندە ئاینییەکان بۆ یاسا نوێییەکان کە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە و پەکخستنی جێبەجێکردنی و تێڕوانینیان بۆی کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانیان. | |
| | |

| | |
|---|---|
| | دەرچە ١. ١.<br>ڕەشنووسی یاساکان/ڕێوشوێنە پشتپێبەستراوەکان بۆ نەهێشتنی کەلێنەکانی جیاکاری دژ بە ژنان |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | • ئەو یاسایانەی کە پێداچوونەوەیان بۆ کراوە<br>• ڕەشنووسی ئەو یاسایانەی کە ئامادەکراون<br>• ئەو دامەزراوانەی کە لە ڕەشنووسەکان ئاگادار کراونەتەوە<br>• لائیحەی پشتیوانی بەڵگەنامەکە (% ئەندامانی هەوپەیمانێتی و شارەزایانی بوارەکە) بەڵگەنامە بۆ پرۆژەی یاساکە/ ڕێوشوێنی باوەڕپێکراو لە ڕووی تەکنیکی و ستراتیژییەوە<br>• ئەو هاوپەیمانانەی کە واژوویان لەسەر ڕەشنووسەکان کردووە/ دەسەڵاتە پێشنیاکراوەکان |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | بەڵگەنامەی کانی یاسا پێشنیارکراوەکان<br>راپۆرتی کۆبوونەوەکان |
| مەترسیی و گریمانەکان | شیانی ئەنجامدانی هەمووارکردنی یاساکان بە پێی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان<br>پشتیوانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان بۆ دامەزراوە تەشریعی و جێبەجێکارەکان لە پێشنیارکردنی پشتگیریکردنی ئافرەتاندا<br>ئەزمونێکی کاری پێشووتری هاوبەش هەیە لە نێوان ئافرەتان لە پارتە سیاسیە جیاوارەکاندا<br>دابینکردنی شارەزایی تەکنیکی و داهاتی دارایی پێویست.<br>وەستانەوەی هێزی رەشبین و هەندێ پیاوانی ئاینی دژ بەهەمواركردنەوەكان بەوەی کە دژ بە شەریعەتی ئیسلامییە<br>سەختی ڕازیکردنی پیاوان بە بنەمای کێبڕکێ لە نێوان پیاوان و ئافرەتان لە ناو پارتە سیاسییەکاندا. |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ١. ٢.**<br>**دامەزراوە حکومییە تایبەتمەندەکان ئامادەکراوە لە پێناو جێبەجێکردنی یاساکان و بڕیارەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | • جۆرێتی دامەزراوە لێهاتووەکان<br>• لائیحە و چوارچێوەکانی جێبەجێکردن<br>پرسگەلێکی تایبەت بە مافەکانی ژنان کە بۆ چارەسەرکردن دەخرێنەڕوو |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | |
| مەترسیی و گریمانەکان | – سەرەتای پێکهێنانی دادگایەکی تایبەت بە توندوتیژی خێزانی لە هەندێ لە پارێزگاکاندا.<br>– بوونی دەزگایەکی حکومی تایبەت بە برسەکانی ژنان کە لەسەر هەماهەنگی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ جێبەجێکردنی یاساکان کاردەکات.<br>– ئامادەیی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ هەماهەنگی لەگەڵ دامەزراوە حکومییەکان لە جێبەجێکردنی یاساکاندا<br>– لاوازی تێگەیشتن لە گرنگی جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی کۆمەڵگەو هەندێك لایەنی جێبەجێکاری دەسەڵاتدارەوە<br>– ئاسانیی فێڵکردن لە یاساکان بە هۆی لاوازی میکانزمەکانی پرۆسەی چاودێریکردن و پشکنین بۆ ڕێگرتن لە گرێبەستی هاوسەرگیری لە دەرەوەی دادگاکانی هەرێمی کوردستان وەك هەنگاوێك بۆ ڕێگرتن لە فرەژنی.<br>– کەمی کادری یاسایی و دادوەری کە ئامادەیی و بڕوایان بەم گۆڕانکارییانە هەبێت<br>– کەمی سەرچاوەی دارایی تەواو بۆ کارکردن لە سەر جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ١. ٣.**<br>**هاوپەیمانیگەلێکی بنیاتنراو بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی لە پێناو پشتبەستن بە چوارچێوە یاساییەکان/ ڕێوشوێنی پێشنیارکراو** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | # هاوپەیمانییە بنیاتنراوەکان و ژمارەی و ڕێکخراوانەی کە هاتوونەتە ناو هاوپەیمانێتتیەکەوە.<br>لیستی ئەندامانی هاوپەیمانەکە/<br>بەڵگەنامەی پەیڕەوی ناوخۆیی و پشتبەستن بە ئامانجەکانیهەڵمەتەکە<br>بەڵگەنامەی پلانی کارەکە<br>لیژنەی هەماهەنکی نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بەپێی یاساو پەیماننامە نێودەوڵتییەکانی تایبەت بە مافەکانی ئافرەتان<br>پلانی کار بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە مافە یاساییەکانی ئافرەتان |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | ڕاپۆرتی کۆبوونەکان<br>وتارە ڕۆژنامەوانییەکان |
| مەترسیی و گریمانەکان | شارەزایی هەماهەنگیکردن لە دەزگا حکومیەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان<br>بوونی گەلێك دەزگای ڕاگەیاندن و دابینکردنی توانا لە بەکارهێنانی پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا.<br>بوونی دەزگایەکی حکومی تایبەت بە کاروباری ژنان<br>بەدەستهێنانی پشتگیریی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکان و کەرتەکانی دیکە.<br>تەرخاننەکردنی بودجەیەکی تەواو<br>چڕبوونەوەی بەرنامەکانی هۆشیاریکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەنتەری شارەکان بە شێوەیەکی زیاتر<br>ڕەتکردنەوەی هەندێ ڕێکخراو و پارتی سیاسی بۆ چوونە ناو هاوپەیمانێتیەکانەوە |
| | |

| ئاکامی دووەم:<br>سیاســـەتێکی فێرکـــاری چۆنـــایەتی پشتپێبەســـتراو کە یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی پشتپێبەستراو جێبەجێبکات | |
|---|---|
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | بوونی سیاسەتێکی فێرکاری بە بناغەیەکی مەدەنیانەی هەبێت و پشت بە بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ ببەستێ.<br>پرۆگرامگەلێکـــی فێکـــاری و پەروەردەیـــی بە ڕەچـــاوکردنی یەکســـانی کۆمەڵایەتی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا.<br>• قوتابخانەی نوییەکان لە قەزا و ناحیە و ناوچە گوندنشینەکان<br>• ئەو کچانەی لە مینحەی خوێندن سوودمەندبوونە<br>ڕێوشـــوێنگەلی جیاکـــاری ئەرێنییـــانەی پشـــتیوانکراو لە ئاراســـتەکردنی فەرمانبەریی و پیشەیی کچان بۆ پەیوەندیکردنەوەی بە خوێندنی باڵای (زانستی و تەکنیکی) بە ڕێژەی ٤٠%.<br>زیادبوونی داخوازیی لە پسپۆڕییەکانی تەکنیکی و زانستی<br>زیـــادبوونی ڕێـــژەی قوتابخـــانەی تـــێکەڵ لە قۆناغەکـــانی خوێنـــدنی دواناوەندیدا<br>دابەزینی تێکڕای نەخوێندەواریی ژنان و کچان بەرێژەیەکی بەرچاو. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | لائیحەکانی وەزارەتی پەروەردە<br>ئامار و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتی و هەرێمی و نێشتمانییەکان<br>پێوانە و داتە بەسی نێشتمانیی و کەرتییەکان |
| مەترسیی و گریمانەکان | بوونی یاسای خوێندنی زۆرەملێ کە دەکرێت هەموار بکـرێتەوە تـا قۆناغی ئامادەیش بگرێتەوە. دابەزینی دیاردەی پەیوەنـدینەکردن و وازهێنان لە خوێندن لە کۆمەڵگەی کوردستاندا.<br>گرنگیدانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بە کەرتـی خوێنـدن و پەروەردە و تەبەنیکـــردن و هەمـــوارکردنەوە لە هەنـــدێك لە پرۆگرمەکانی خوێندن لە ساڵانی ڕابردوودا.<br>دابینکردنی قوتابخانەی تەواو بۆ لەخـۆگرتنی کچـان لە خوێنـدنی ناوەندیدا.<br>دابینکردنی داهاتی دارایی تەواو بۆ دروستکردنی قوتابخانەی نوێ و دابینکردنـی داهاتەکـانی دیـکە (ئامرازەکـانی هـاتوچۆ، بـیمەی خوێندن،...) |

| | |
|---|---|
| بوونی ڕێکخراو و دەستەی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان و منداڵی کچ لە هەرێم.<br>دەرچوونی کچان لە قوتابخانە جێگای گرنگیپێدان نەبووە.<br>لاوازی هۆشیاری خێزان بۆ گرنگی تەواکردنی خوێندنی کچان.<br>لاوازی توانای کچان بۆ سەپاندنی ئارەزوویان بۆ خوێندن.<br>بڵاوبونەوەی دیاردەی هاوسەرگیری پێشوەخت.<br>سەختی بەپیروەچوون بۆ سیاسەتە نوێیەکان وپابەندبوون پێیان لە لایەن دامەزراوەکانی خوێندن و پەروەردەوە.<br>هاوکاری نەکردن لەلایەن ئیدارەی قوتابخانەکان و مامۆستایانەوە | |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ٢. ١.**<br>**ڕێوشـــوێنگەلێکی پێشـــنیارکراو بـــۆ پڕکـــردنەوەی کەموکورتییەکان و لەبەرچـاوگرتنی پێویسـتییەکانی کچان لە قوتابخانەکانی کچان لە نـاوچە بێبەشـکراو و پەراوێزخراوەکان بەتـایبەتیش لە قەزا و نـاحیە و گوندەکاندا.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | وازهێنانی کچان لە قوتابخانە لە قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندیدا، کەمبۆتەوە.<br>لائیحەی پێشنیارەکان بۆ لابردنی ڕێگرییەکان لەبەردەم کچاندا بۆ چوونە قوتابخانە.<br>بەڵگەنامەی لێکۆڵینەوە و بلانی کار بۆ ڕەچاوکردنی پێویستییە پراکتیکی و ستراتیژییەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لە پلاندانان و بەتایبەتیش بۆ قەزا و ناحیە و ناوچە گوندنشیەنەکان.<br>پرۆژە یاسای / ڕێوشوێن بۆ تەرخانکردنی بیمەی خوێندن بۆ کچان. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | بەڵگەنامەی لێکۆڵینەوەی هەڵسەنگاندن لەبارەی ژمارە و هۆکارەکانی دەرچوونی کچان لە قوتابخانە لە قۆناغی سەرەتایی و دواناوەندیدا.<br>بەڵگەنامەی پێشنیارەکان.<br>پێوانەکان بۆ مەبەستەکان. |
| مەترسیی و گریمانەکان | بـــوونی گەلـــێ دامەزراوەی بەرپـــرس کە توانـــای دەستنیشـــانکردنی پێویستییەکانی کچانی هەبێت بە شێوەیەکی ورد.<br>دابینکردنی داهاتی دارایی تەواو بۆ دروستکردنی قوتابخانەی نوێ.<br>هاوکـارینەکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکـانی قوتابخانەکـان لە ئەنجامـدانی تـــوێژینەوەی مەیـــدانی بـــۆ دەستنیشـــانکردنی بەربەســـتەکانی پـــێش گەڕانەوەی کچان بۆ قوتابخانە.<br>هاوکارینەکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکـانی قوتابخانەکـان و مامۆسـتاکان لە کاراکردنی ئەم ڕێوشوێنانە. |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ٢. ٢.**<br>**تواناکـانی کـادیرە فێرکەرەکـان لە پێنـاو تێکەڵکردنــی جۆری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ لەناو بەرنـامە و پرۆگرامەکانی خوێندن.** |
| ئامازەکان (هێڵی بنەڕەتی) | لائیحەی ئەندامانی لیژنە شارەزایان/ پسپۆران لە بواری خوێندن و پەروەردە و جۆری کۆمەڵایەتی.<br>ژمارەی پرۆگرامەکانی پێداچوونەوە.<br>لائیحەی هەموارکردنەوەی پرۆگرامە پێشنیارکراوەکان.<br>ژمارەی چالاکییەکانی بانگهێشتکردن بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی، کۆنگرە و هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن بۆ بەرپاکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ پشتیوانی گۆڕانکارییەکان.<br>بەڵگەنامەکانی پرۆگرامەکانی مافەکانی مرۆڤ و پەروەردەی مەدەنی و پەروەردەی نیشتمانی هەموارکراو جیاوازی نەکردن لەنێوان هەردوو ڕەگەز و قبوڵکردنی بەرانبەر.<br>بەرنامەی ڕاهێنان( ناوەڕۆك و خشتە)<br>ژمارەی خولەکانی ڕاهێنان بۆ کادیرەکانی پرۆسەی خوێندن.<br># کادیرە راهێنراوە ئامادەکراوەکان لەسەر چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی و تێکەڵاو کردنی ئەم چەمکە بە مافە مرۆیی و لێهاتووییەکانی ئافرەتان. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | پرۆگرامەکانی خوێندن.<br>هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی کادیرەکانی فێرکردن.<br>هەڵسەنگاندنی لێهاتووییەکانی تێکەڵکردنی دوای ڕێزبەندبەندیکردن.<br>هەڵسەنگاندنی پێشوەخت و پاشوەخت وەك نموونەیەك لە قوتابخانەکان (خێزانی فێکاری، بەڕیوەبەرایەتی و قوتابیان). |
| مەترسیی و گریمانەکان | بـوونی هەمـاهەنگی لە نێـوان ئەنجـومەنی بـاڵای کاروبـاری خانمـان و وەزارەتی پەروەدە و ژمارەیەك لە ڕێکخراوە نێـودەوڵەتی و ناخۆییەکـان بۆ کارکردن لە ئەنجامدانی هەموارکردنەکاندا.<br>بوونی پرۆگرامی مافەکـانی مـرۆڤ و پەروەردەی مەدەنـی لە دووتـوێی پرۆگرامەکانی خوێندن لە هەرێمدا.<br>ئەنجــامە ئەرێنییەکــان لە قوتانخــانە تــایبەتی و نموونەییەکــان کە خوێندنی چۆنێتییان هەیە بەگوێرەی پێـوەرە نێودەوڵەتییەکـان هـانی |

| | |
|---|---|
| | گۆڕان و هەموارکردن لە پرۆگرامەکاندا دەدەن.<br>سەختی وەڵامدانەوە بۆ بەرنامەکانی تواناسازی و پابەندبوون بە تێکەڵکردنی جۆری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ.<br>لاوازی هاوکاری لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکان و مامۆستاکان لە هاوکاریکردن لە بەرنامەکانی ڕاهێنان و تێکەڵکردنی زانیارییەکان و شارەزاییەکان لە فێکردن و پەراوەکردنەکانیاندا.<br>بێتوانایی لە ڕاهێنانی هەموو کادیرە فێرکارییەکاندا.<br>کەمی کادیری پسپۆڕ بە ڕاهێنان لە بواری جۆری کۆمەڵایەتیدا.<br>کەمی کادیری بەئەزموون و لێهاتووی پسپۆڕ لە ناوخۆدا بۆ دانانی پرۆگرامەکانی خوێندن.<br>کەمی سەرچاوەی دارایی پێویست. |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | دەرچە ٢. ٣.<br>پرۆگرامی پێشکەوتوو و نوێ  لە بەشەکانی تایبەت بە خوێندنی ژنان و جۆری کۆمەڵایەتی لە زانکۆ حکومی و ئەهلییەکاندا. |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | لائیحەی ئەندامانی لیژنە لە وەزارەتی خوێندی باڵا و ئەو دامەزراوانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن و سەرپەرشتیدەکەن.<br>بەڵگەنامەی دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ڕەوشی تایبەت بەو خوێندنانەی کە بەردەستن و پێویستییە تەکنیکی و دامەزراوەییەکان.<br>لیستی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی ناوچەکە و وانە سوودبەخشەکان.<br>بەڵکەنامەی پرۆژەی نمونەیی بۆ بەشە پسپۆڕییەکان لە خوێندنگەی ژنان و جۆری کۆمەڵایەتی.<br>پلانێکی کار بۆ تێکەڵکردنی بەشی پسپۆڕ و تاقیکردنەوەی لە زانکۆ بۆ ماوە ٣ ساڵ.<br>کادیرە وانەبێژە ئامادەکراوەکان لە زانکۆکاندا، لەم بوارەدا.<br># ئەو قوتابییانەی کە بەشدارن لە بەرنامەی تواناسازی لە تەواوکردنی خوێندنەکەیان لە بواری جۆری کۆمەڵایەتی لە زانکۆ زانستییەکاندا. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | خوێندنەوەی سەرەتایی لەبارەی توێژینەوەکانی تایبەت بە ژنان و جۆری کۆمەڵایەتی و زانکۆ پەیوەندیدارەکان.<br>دەرهێنانی ئەزموون و وانەی سەرکەوتوو. |
| مەترسیی و گریمانەکان | گرنگیدان لە هەرێمی کوردستان و جیهان بە گشتی بە پرسەکانی ژنان و جۆری کۆمەڵایەتی لەبەر پەیوەندییان بە مافەکانی مرۆڤ و کاریگەرییان لە سەر پەرەپێدان و سەنتەربوونیان لە زانستە مرۆڤایەتی (ئەنترۆپۆلۆجییەکان) و کۆمەڵایەتی و ئەوانی تردا...<br>ئەزموونگەلێکی ساکار لەم بوارە لە ژمارەیەکی کەم لە زانکۆکاندا.<br>هاوکارینەکردنی بەڕێوەبەرایەتی زانکۆکان و مامۆستاکان لە بەشداریکردن لە چاکسازییە پێشنیارکراوەکان.<br>کەمی سەرچاوەی دارایی و مرۆیی و تەکنیکی پێویست.<br>تەرکیزکردنی زانکۆ ئەهلییەکان لەسەر کردنەوەی ئەو بەشانەی کە بازاڕی کار دەیخوازێت. |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ٢. ٤.**<br>**ئاستی هۆشیاری ڕای گشتی پەسندکراو لەبارەی خوێندنی زۆرەملێ و بەخۆڕاییبوونی خوێندن لە دیدی یاسایی و مافپەروەرییەوە.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | خستنەڕووی بابەتی خوێندنی زۆرەملێی و بەخۆڕاییبوونی خوێندن لە لە دیدگای یاسایی و مافپەروەرییەوە، لەلایەن ڕاگەیاندنەوە.<br>% بەئامانجکراوەکان لە چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوە لە ناو دەستە پەیوەندیدارەکاندا.<br>ژمارەی نوێنەرانی دەسەڵات لە هەرێم بە کەرتی پەروەردەشەوە کە هاوکاربوون لە هەڵمەتەکەدا.<br>ئاستی درککردن بە گرنگیی خوێندنی کچان. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | لێکۆڵینەوەگەلێکی سەرەتایی لەبارەی زانیاری جەماوەری فراوانی تایبەت بە مافی خوێندن و زۆرەملێی و خۆراییبوونی خوێندن.<br>خوێندنەوەی کۆتایی بۆ پێوانەکردنی ئاستی گۆڕانکاری لە هۆشیارییدا. |
| مەترسیی و گریمانەکان | درککردنی قوتابییە کچەکان و خێزانەکانیان بە گرنگی خۆڕاییبوونی خوێندن و توانای داواکردنیان بۆی.<br>قبوڵنەکردنی سیاسەتە نوێیەکە لە لایەن هەندێ لایەنی توندڕەو و دواکەوتوو و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی باو لە کۆمەڵگەدا. |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاكامەكان | **ئاكامی سێیەم:**<br>**سیاسەتێك بۆ تەندروستی وەچەخستنەوە لە هەموو قۆناغەكانی ژیان باوەرپێكراو / كاراكراو لە هەرێمی كوردستان** |
| ئاماژەكان (هێڵی بنەڕەتی) | ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ تەندروستی دایك و منداڵ و تەندروستی وەچەخستنەوە، پشت بە پرۆگرامی كاری ستراتیژی ساڵی ٢٠١١-٢٠١٥ بەستراوە.<br>زیادبوونی لە دایكبووان لە ژێر چاودێری كەسانی شارەزا (پزیشك- پەرستار- مامان).<br>زیادكردنی ڕێژەی خەرجی حكومەت لە تەندروستی و بەتایبەتیش بەرنامە تەندروستی وەچەخستنەوە.<br>ڕێژەی بەكارهێنانی ئامرەزەكانی ڕێكخستنی خێزان لە ٥٠% بۆ ٧٠% و سەرچاوەی بەدەستهێنان لە بنكەی تەندروستی حكومی لە ٤,٧% بۆ ٢٥%. |
| سەرچاوەكانی دڵنیابوون | لائیحەكانی وەزارەتی تەندروستی.<br>ئامارە نێودەوڵەتی و هەرێمی و نیشتمانییەكان.<br>پێوانەكان بۆ مەبەستەكان |
| مەترسیی و گریمانەكان | بەڵگەنامەی ستراتیژییەتەكە لە لایەن شارەزایانی نیشتمانی و نێودەوڵەتییەوە پەرەپێدراوە لە سەر بنەمای ئەنجامەكانی ڕووپێوی مەیدانی كە تاڕادەیكیش بەسوودە بۆ هەموو دخوازییەكانی ئافرەتان بە پشتیوانی ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان.<br>ئامادەبوونی ئەنجومەنی باڵای كاروباری خانمان.<br>ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی كە گرنگی بەم پرسانە دەدەن.<br>دابینكردنی داهاتی مادی و مرۆیی تەواو بۆ جێبەجێكردنی ستراتیژییەتەكە.<br>بەرزبوونەوەی ڕێژەی خەرجی بۆ كەرتی تەندروستی لە كۆی خەرجییەكانی حكومەت لە ٤,٩٧% بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ٥,٧٧% بۆ ساڵی ٢٠١٢، بەڵام هێشتا تەرخانكراوەكان بە شێوەیەكی ڕێژەیی بەس نیە بە بەراورد لەگەڵ پێشنیارەكانی ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی كە ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە وڵاتە گەشەسەندووەكان نزیكە ٣٤ دۆلاری ئەمریكی بۆ هەر تاكێك لە بواری چاودێری تەندروستی |

| | |
|---|---|
| | خەرجدەکەن.<br>تەبەنانەکردنی چالاکییەکانی ستراتیژییەتەکە لە لایەن هەندێ وەزارەتی کەرتییەوە.<br>بوونی گرنگی و ئەولەویاتی تر.<br>زیادنەکردنی سالآنەی تەرخانکراوە داراییەکان لە بودجەی فیدراڵیدا بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە. |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ۳. ۱.**<br>**ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ تەندروستی وەچەخستنەوە لە دیدی جۆری کۆمەڵایەتی ومافەوە تازەکراوەتەوە.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | ڕەشنووسی ستراتیژییەتەکە پشتی بەرنامەیەکی کاری پەرەپێدراو بەستووە.<br>پلانی کار بۆ خزمەتگوزاریەکان. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | لائیحەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی |
| مەترسیی و گریمانەکان | وەستانی ستراتیژییەتەکە لە سەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەت و منداڵ وەك لە بەڵگەنامە نیشتمانی و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتووە.<br>ئامادەبوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.<br>تەبەنانەکردنی ستراتیژییەتەکە.<br>سەختی جێبەجێکردن بە هۆی کەموکورتی لە توانا مرۆییەکان و هەندێ بیروباوەڕی هەڵەوە.<br>دابین نەکردنی توانا مرۆییەکان کە زامنی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بێت. |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | دەرچە ٣. ٢.<br>**تواناکـــــانی پێشکەشـــــکاری خزمەتگوزارییەکـــــان پشتبەســـتووە بە (٤) لە پێکهاتەکـــانی تەندروســـتی وەچەخستنەوە (بەلایەنی کەمەوە)** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | بابەتەکـــانی ڕاهێنـــان و بەڵگەکـــان و ئاراســـتەکردنیان لە پرۆســـەی تێکەڵکردن.<br>ژمارەی ئەو بنکە تەندروستییانەی کە چوونەتە ناو بەرنامەکانەوە.<br>ژمـارەی کـادرە تەندورسـتییە ڕاهێنراوەکـان بە گـوێرەی دابەشـکردنی جوگرافی بەجۆرێـك کە زۆربەی بـنکە تەندروسـتییە نزیـك و دوورەکـان بگرێتەوە.<br>بەڵگەنـامەی پابەنـدبوونی کـارکردنی ڕاهێنراوەکـان لەو شـوێنانەی کە ڕاهێنانیان پێ کراوە. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | |
| مەترسیی و گریمانەکان | دابینبـوونی داهـاتە دارایـی و مرۆییەکـانی پێویسـت بـۆ جێبەجێکردنـی پرۆگرامەکانی تواناسازی.<br>ژمـــارەیەکی زۆر لە کـــۆلیژەکـــانی پزیشـــکی و پەیمانگەکـــانی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستاندا.<br>بەشـــەکانی ڕاهێنـــان و فێرکـــاری بەردەوام لە بنیـــاتی فەرمـــانگە تەندروستییەکاندا.<br>کارلێککردنی کادری تەندروستی لەگەڵ بەرنامەکانی تواناسازی.<br>نەبـوونی توانـــای پێویســـت بـــۆ ڕاهێنـــانی ژمـارەیەکی پێویســـت لە پێشکەشکەرانی خزمەتگوزارییەکان بەتایبەت لە ناوچە دوورەکاندا.<br>وەڵامنەدانەوە بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی ڕاهێنان لە لایەن هەندێ کادیری تەندروستییەوە بە بیانووی کارگێڕی یان شارەزایی لە ئەنجامی خزمەتی زۆرەوە.<br>پاشەکشـــەکردنی توانـــای جێبەجێکردنـــی ئەرکـــی خزمەتگـــوزارییە تەندروســـتییەکان لە لایەن کارمەنـدانەوە چـونکە بـارودۆخی پیشـەیی هاندەر نیە، بەتایبەت بۆ ژنان بۆ کـارکردن لە دەوروبەری شـارەکان و ناوچە گوندنشین و دوور دەستەکان.<br>کەمکورتی لە میلاکـاتی تەندروسـتی و پزیشـکی بە تـایبەتیش بەشـی ژنان لە دەوروبەری شارەکان و ناوچە گوندنشین و دوور دەستەکان. |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ٣. ٣.**<br>**ڕووماڵکردن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی وەچەخستنەوەی گونجاو کە هاوڕێکە لەگەڵ پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، کە لە بنکەکانی تەندروستی وەچەخستنەوەدا فراوانکراوە.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | ژمارەی ئەو بنەکانەی کە سوودمەندبوون لە تواناسازی لە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی وەچەخستنەوە.<br>ژمارەی ئەو بنکانەی کە لائیحە و خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی وەچەخستنەوەی تێکەڵکردووە.<br># بنکەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی کە خزمەتگوزاری تەندروستی وەچەخستنەوە پێشکەشدەکات، بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاد دەکات.<br>زیادبوونی ئەو ژنە دوو گیانانەی کە پێش منداڵبوون چاودێری تەندروستی وەردەگرن بەرێژەی ٥٠-٦٠%.<br>% ڕووماڵکردن بە خزمەتگوزارییەکانی ڕێکخستنی خێزان بە ڕێژەی ٦٠% بە هاتنی ساڵی ٢٠١٥.<br># پشکنینەکان بۆ دۆزینەوەی شێرپەنجەی مەمك زیادبووە بۆ سێ ئەوەندە. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | |
| مەترسیی و گریمانەکان | دابینکردنی توانا تەکنیکی و ماددییەکان لەگەڵ پشتیوانی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەتمەند بە (سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان، ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی) سەرباری پشتیوانی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان.<br>بوونی پلانی کاری ستراتیژییەتەکە بۆ پێنج ساڵی یەکەم.<br>کەموکورتی لە دامەزراوەکان (نەخۆشخانەکان، بنکە تەندروستییە سەرەکی و لاوەکییەکان) کە خزمەتگوزاری بە گشتی و خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی وەچەخستنەوە بە تایبەتتر پێشکەشدەکات بەهۆی داڕوخانی ژێرخانی سەرەکی تەندروستی. |

| | |
|---|---|
| | جیاوازی ڕێژەیی لە دابەشکردنی جزمەتگوزاری تەندروستی و میلاکاتی پزیشکی پسپۆر لە نێوان شارەکان و گوندەکان (سەنتەری پارێزگا و دەوروبەر).<br>کەموکورتی لە تەجهیزات و ئامرازەکانی کاری بەرنامەکانی تەندروستی وەچەخستنەوە بەهۆی بەهاناوەچوونی سنووردار یان پچڕپچڕی داودەرمانە سەرەکییەکان و ئامێرە پێویستەکان بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە بنکە تەندروستییەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە هۆڵی لە دایکبوونیان تێدایە.<br>بیروباوەڕ و هەڵسوکەوتە باو و تەقلیدییەکان (هاوسەرگیری و دووگیانی پێشوەختە، لاوازی لە پێشوازیکردن لە خزمەتگوزارییەکان و بەدواداچوون بۆ دووگیانبوون و ئامرازە نوێیەکانی ڕێگرتن لە دووگیانبوون و پەیڕەوکردنی چارەسەری باوی کۆن).<br>نەبوونی هۆشیاری ژنان بە گرنگی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاریی تەندروستی وەچەخستنەوە. |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | دەرچە ٣. ٤.<br>**هەڵمەتگەلێکی نیشتمانی جێبەجێکراو بۆ هۆشیارکردنەوەی خێزانەکان و ژنان لەبارەی گرنگی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی وەچەخستنەوە لە ڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری بینراو و بیستراو و خوێندراو و تۆڕە کومەڵایەتییەکان.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | بابەتەکانی راگەیاندن خزمەتی تویژە بە ئامانجکراوەکان دەکات و کەناڵ و شێوازی جۆراوجۆر بەکار دەهێندرێت.<br>داهاتی پێویست بۆ بەشی ڕۆشنبیرکردنی تەندروستی بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی.<br># هەمەجۆری و چۆنایەتی ماددەکانی ڕاگەیاندن (سوودەکانی ڕێکخستنی خێزان، زانیارییەکان لەسەر ئەو نەخۆشییانەی کە لە ڕێگای سێکسەوە دەگوێزرێتەوە و خۆپاراستن لێیان لەوانەش ڤایرۆسی کەمی بەرگری لەش /ئەیدز، گرنگی بەدواداچوونی کارێگەری دووگیانی، شیردانی سروشتی، تەندروستی ئافرەتان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی بۆ خۆپاراستن لە لە مردنی دایکان، شێرپەنجەی مەمك و گەرووی منداڵدان ... )<br># هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە لەبارەی تەندروستی گشتی و تەندروستی وەچەخستنەوە<br># بەئامانجکراوەکان لە دەستەکانی (پیاوان و ژنان و گەنجان ..) و دامەزراوەکان (ڕاگەیاندن، قوتابخانە،...).<br>% ئەو ژنانەی کە بۆ یەکەمجار هاتوون. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | |
| مەترسیی و گریمانەکان | بوونی بەنامەی هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی تەندروستی گشتی بۆ پاڵپشتیکردنی تەندروستی ژنان.<br>تەرخانکردنی سەرچاوەی پێویست بۆ کاراکردنی بەشی ڕۆشنبیری تەندروستی.<br>بوونی ژمارەیەکی زۆری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەگەری کارلێککردنی لەگەڵا هەڵمەتەکەدا. |

| | |
|---|---|
| بوونی کەناڵگەلی ڕاگەیاندنی حکومی.<br>لاوازی بەشداری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن کە لە لاوازی هۆشیاری تەندروستییەوە هاتوون.<br>تێچووەکانی بەرهەمێنانی ڕاَگەیانەکانی هۆشیارکردنەوە و دابین نەکردنی داهاتەکان و تواناکانی وەزارەت.<br>وازنەهێنانی بەردەوامی کۆمەڵگە لە بەها تەقلیدییەکان لەبارەی هاوسەرگیری و منداڵبوونەوە. | |
| | |

| ئاکامی چوارەم: <br> ڕێژەی ئامادەبوونی ژنـان لە بـازاڕی کـاردا  لە ١٢,٩% بـۆ ڕێژەی ٢٣% بەروبووەتەوە. | |
|---|---|
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | ژمارەی یاسا پشتپێبەستراوەکان کە هاندان بۆ ئافرەتان دابیندەکەن. <br> % هەلی کاری کراوە لە بەردەم ئافرەتاندا. <br> تەرخانکردنی ڕێـژەی ٣٠% بـۆ ژنـان بـۆ بەدەسـتهێنانی هەلـی کـار لە کۆی هەلی کاری تەرخانکراو بۆ دامەزراوە حکومییەکانی هەرێم. <br> تەرخانکردنی ڕێژەی ٢٥% لە بەرنامەکانی تواناسازی بۆ ئافرەتان. <br> % ژنان سوودمەن بن لە قەرزەکان. <br> # پرۆژە بچوك و مامناوەندەکان بۆ خاوەن کارەکان. <br> ڕێژەی ژنان لە کەرتی تایبەت بە کاری پـارێزراو و بە کرێـی ئەوانەی کە کاردەکەن... <br> بـانکی زانیـاری لەبـارەی هەلـی بەردەسـت و چـۆنێتی بە توانـاکرنی ئافرەتان. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | لائیحەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. <br> ئامار و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان. <br> پێوانەکانی مەبەستەکان. |
| مەترسیی و گریمانەکان | باشبوونی ئەدای ئاوبوری نیشتمانی و زیادکردنی هەلـی کـار لە کەرتـی تایبەتدا. <br> ڕۆشنبیریی تەقلیدی باو بۆ کاری ئافرەت لە چالاکی ئابووری و دابەزینی ڕێژەی بەشداریکردنی <br> ئافرەتـان لە کەرتـی تایبەتـدا بە هـۆی بەهـا و دابونەریتەکـان کە ڕۆ◌َلەکانی ئافرەت سنووردار دەکات. <br> بەردەوام بوون لە تێڕوانینە نەریتییەکان بۆ کارکردنی ژنان. <br> خێزانەکـان ئەوەیـان پـێ باشـترە کە  ئافرەتـان لە کـاری حکومیـدا کاربکەن. <br> نەتوانینی کچان/ ئافرەتـان لە تەواکردنـی خوێنـدنی زانکـۆ یـان چـوونە ئەو پسپۆڕییانەی کە لە بازاری کاردا پێویستن. <br> بڕیارنەدان لەسەر پرۆژە یاسا و بڕیاڕەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران/ پەرلەمانەوە. |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ٤. ١.**<br>**هەمـوارکردنی یاسـا و تەشـریعەکانی تـایبەت بە کـار وخانەنشـینی و وەوەچەخسـتنەوەی پێشـنیارکراو بـۆ بەخشینی هاندانی تایبەت بە ژنان** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | ژمارەی ئەو یاسایانەی کە پێداچوونەوەیان بۆ کراوە.<br>ژمارەی ڕەشنووسی ئەو یاسایانەی کە ئامادەکراون.<br>ژمارەی ئەو دامەزراوانەی لە ڕەشنووسەکان ئادارکراونەتەوە.<br>لائیحەی پستبەستن بە بەڵگەنامەکە (% ئەندامانی هاوپەیمانێتییەکە لە شارەزایانی بـوارەکە) بـۆ پـرۆژە یاسـا/ ڕێوشـوێنە پەیڕەوکـراوەکە لە ڕووی تەکنیکی و ستراتیژییەوە. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | یاسا و سیستمەکان.<br>لائیحەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.<br>ئامار و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان.<br>ڕووپێوەکان بۆ مەبەستە دیاریکراوەکان |
| مەترسیی و گریمانەکان | دابینکردنی داهاتی دارایی و مرۆیی بۆ پرۆسەی پێداچوونەوەکە.<br>وەڵامـدانەوەی هـاوبەش و نـوێنەرانی دامەزراوە ئابوورییەکـان و سـەندیکاکان بـۆ ئەنجامەکـانی پێـداچوونە و چاکسـازییە پێشنیارکراوەکان. |

| | |
|---|---|
| ئاكامەكان | **دەرچە ٤. ٢.**<br>**تواناكانی ژنان و دامەزراوەكان و ڕێكخراوەكانی ژنان كە لە ڕووی تەكنیكییەوە پاڵپشتییان دەكات بۆ چوونەناو بازاڕی كار لە كەرتی گشتی و لە كەرتی تایبەتیدا.** |
| ئاماژەكان (هێڵی بنەڕەتی) | بەرنامەی ڕاهێنانی جۆراوجۆر (تەكنەلۆژیای نوێ لە بەڕێوەبردنی كارەكان، پەرەپێدانی بەرهەمەكان، فرۆشتن و پەیوەندی...).<br>بەشەكانی ڕاهێنان و بەڵگەی تایبەت بە دامەزراندنی پرۆژەی ئابووری بە قەبارەی جۆراوجۆر.<br>#دامەزراوە و ڕێكخراوەكانی ئافرەتان كە توانای ڕاهێنانیان بە ئافرەتان هەیە.<br>ژمارەی ئافرەتانی راهێنراو بۆ چوونە ناو بازاڕی كارەوە.<br>ژمارەی ژنانی خاوەن پێویستییە تایبەتەكان كە راهێنراون لەسەر كاری گونجاو لەگەڵ تواناكانیان.<br>بەرزبوونەوەی ژمارەی ژنانی پسپۆڕ لە بوارە جیاوازەكاندا.<br>ڕەشنووسی پرۆژە ئابوورییەكان.<br>ژمارەی پرۆژە پێشنیاركراوەكان بۆ دراوپێدان.<br>ژمارەی خولاو و بڵاوكراوەكانی تایبەت بە ئافرەتان. |
| سەرچاوەكانی دڵنیابوون | لێكۆڵینەوە و ئامارە بەردەستەكان.<br>ئامار و زانیاری بۆ مەبەستی توێژینەوەكان (ئەرێنی و نەرێنییەكان).<br>لیستی كۆمەڵە و دامەزراوە پسپۆڕەكان.<br>ڕوپێوەكان و هەموو ئامارە مەیدانییەكان. |
| مەترسیی و گریمانەكان | بوونی دامەزراوە و كۆمەڵە پسپۆڕەكان.<br>بەردەستبوونی داهاتە دارایی و مرۆییەكان بۆ جێبەجێكردنی بەرنامەكانی تواناسازی.<br>بوونی شارەزایان لە هەردوو ڕەگەزدا.<br>كەمی هۆشیاری ژنان بە مافە ئابووری و پیشەییەكانی خۆیان.<br>كەمی هۆشیاری لای ژنە سوودمەندەكان بە گرنگی ئەم بەرنامانە و وەڵامنەدانەوەی كچان و ژنان بە پرۆسەی تواناسازی و خولەكانی ڕاهێنانی ئامادەسازی و خوێندن.<br>وەڵام نەدانەوەی وەزارەتە پەیوەندیدارەكان لە جێبەجێكردنی بەرنامەكانی تواناسازیدا. |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | دەرچە ٤. ٣.<br>**توانای ئافرەتانی گوندنشین پەرەپێدراوە بۆ بەتواناکردنیان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە سەر ئاستی تەکنیکی و دامەزراوەییدا.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | بەشەکانی ڕاهێنان و بەڵگەی تایبەتمەند بۆ دامەزراندنی پرۆژەی ئابووری گونجاو بە لەگەڵ بارودۆخی گوند و تایبەتمەندی و داهاتەکانی.<br># دامەزراوە و کۆمەڵەکانی ئافرەتان توانای ڕاهێنانیان بە ئافرەتان هەیە.<br>ژمارەی ژنانی ئامادەکراو بۆ چوونە ناو بازاڕی کارەوە.<br>بەرنامەی ڕۆشنبیرکردنی یاسا و تەشریعەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان و کارکردن و بواری ئابووری و چۆنێتی سوود وەرگرتن لێیان.<br>بەرنامەی هۆشاری بۆ ژنانی کەمدەرامەت و هەژار و بە تایبەت لە ناوچە گوندنشینەکان لەبارەی هەلە ڕەخساوەکان و پشتیوانی و پشتگیری.<br>ژمارەی گۆڤارو بڵاوکراوەکانی تایبەت بە ئافرەتان. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | لێکۆڵینەوە و ئامارە بەردەستەکان.<br>لێکۆڵینەوەگەلێك بۆ دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی ژنانی گوندنشین.<br>پێوانەکانەکان بۆ وەدەستهێنانی مەبەستەکان. |
| مەترسیی و گریمانەکان | بەردەستبوونی شارەزایی و داهاتی پێویست بۆ تێکەڵکردنی پرسەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتەکاندا.<br>لاوازیی ئیرادەی سیاسی لە ئەنجامدانی پرۆسەی تێکەڵکردن و تەبەناکردنی دیدی جۆری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتەکاندا. |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ٤. ٤.**<br>**هەڵمەتێکی جێبەجێکراو و بوونی هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕێکخــــراو و کـــۆمەڵە و دامەزراوە جەمـــــاوەریی و پیشەییەکان لەپێناو هاندانی ئافرەتان لە ئەنـدامبوون تیایاندا و بەشداریکردن لە بەڕێوبردنیاندا.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | ژمارەی چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوەی ئاراستەکراو بۆ یەکیەتییەکان و دامەزراوە پیشـەییەکان لەبـارەی گرنگـی بەشـداری ئافرەتـان لە بـواری ئابووری و بڕیاڕداندا.<br>هاوپەیمـانێتییە بنیاتنراوەکـان و ژمـارەی ئەو ڕێکخـراوانەی هـاتوونەتە ناوییەوە (لائیحەی ئەندامانی هاوپەیمانێتییەکە/کان).<br>بەڵگەنـــامەی سیســـتمی نـــاوخۆیی و پشتبەســـتن بە ئامانجەکـــانی هەڵمەتەکە.<br>بەڵگەنامەی پلانی کار.<br>پرۆگرامی تواناسازی خود و توانای سەرکردایەتی کردن.<br>ژمـارەی ئەو ژنـانەی کە ئامـادەکراون بـۆ کـارکردن لە بەڕێـوەبردنی یەکێتییەکان.<br>ئاسـتی هۆشـیاری ژنـان و پیـاوان لە پێویسـتی بەشـداریی ئافرەتـان لە بەڕێوەبردنی یەکێتییەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکان.<br>ژمارەی ئەو ژنە کرێکارانەی کە نییەتی خۆیان دەربڕیـوە لە چـوونە نـاو یەکێتی و سەندیکاکان.<br>ژمـــارەی ئەو ژنە کرێکـــارانەی کە نییەتـــی خۆیـــان دەربڕیـــوە لە کاندییدکردن بۆ بەڕێوەبردنی یەکێتی وسەندیکا پیشەییەکان.<br>ژمـــارەی ژنـــانی خـــاوەن کـــار، کە گوزارشـــتیان لە بەدەســـتپێکردنی بەئەنـــدامبوون لە ئەنجـــومەنە هاوشـــێوە هەرێمیـــی وعەرەبـــی و جیهانییەکاندا کردووە. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | لێکۆڵینەوە و ئامارە بەردەستەکان.<br>لیستی یەکێتییەکان و دامەزراوە پیشەییەکان.<br>لێکۆڵینەوەکان بۆ دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندنی کەلێنەکان و پێویستییەکانی ئافرەتان لە بواری بەتواناکردنی خود و شارەزایی و سەرکردایەتی کردن.<br>پێوانەکان و هەموو ئامارە مەیدانییەکان. |

| | |
|---|---|
| مەترسیی و گریمانەکان | بوونی دامەزراوەیەکی حکومی تایبەت بە کاروباری ئافرەتان.<br>نەریتەکانی هاوکاری و هەماهەنگی و ڕێخستن لە نێوان یەکێتییەکان و دامەزراوە پیشەییەکاندا.<br>بوونی دامەزراوەگەلێکی ڕاگەیاندنی زۆر و توانای سەرنجڕاکێشانیان لەبارەی ئەو پرسانەوە.<br>پشتگیری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکان و کەرتەکانی دیکە.<br>ترسی پیاوان لە ڕکابەریکردنی ژنان لە پۆستەکانی سەرکردایەتی کردن.<br>نەبوونی گرنگیپێدان یان شارەزایی لای یەکیەتییەکان و دامەزراوە پیشەییەکان لە بواری گەشەپێدان و جۆری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و کە چڕدەبێتەوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە مافە سەندیکایی و پیشەییەکان.<br>ڕەدکردنەوەی هەندێ لە ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکان لە چوونەناو هاوپەیمانێتییەکان.<br>توندڕەوی کۆمەڵگەیی لەبارەی بەشداری ژنان و بەتایبەت لەناو ئەو جۆرە ڕێکخراوانەی کە زۆر جار بە ڕێکخراوی پیاوانە دادەنرێت. |
| | |

| ئاکامی پێنجەم:<br>بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداری ژنان لە پێگەکانی بڕیاردان و بنیاتی ئاشتیدا. | |
|---|---|
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | یاسایی هەڵبژاردن کە ڕێژەی بەشداریکرنی ژنان ٤٠% زامنبکات لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا.<br>یاسای حزبەکان ڕێژەی بەشداریکردن ژنان لە پرۆسەی بڕیاردان ٤٥% زامنبکات.<br>٤٠% (لایەنی کەم) ژنان لە پۆستە سەرکردایەتییە باڵاکان لە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و داددا بەشداری بکەن.<br>٣٥% بە لایەنی کەمەوە ژنان لە لیژنە باڵاکان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا.<br>٣٥% بە لایەنی کەمەوە ژنان لە هەموو لێژنە پەیوەندیدارەکان بە ئاشتی و ئاسایشی نەتەوەیی.<br>ڕێژەی ٤٥% لە کورسییەکانی ئەنجومەنی شارەوانی هەڵبژێرداو بۆ ژنان.<br>ژمارەی ژنان لە پۆستە سەرکردایەتییەکان لە پارێزگاکان و دەستە نیشتمانی و ناوچەییەکان.<br># بەشداری ژنان لە دەستەکانی کارگێڕی و لیژنەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردنی کاروباری گوندەکان بەڕێژەی ٣٠%.<br>ڕێژەی ژنان بۆ کاری (وەك موختار/ ئەنجومەنی گەڕەك) لە ناوچە گوندنشینەکان بۆ ٢٥%.<br># سەنتەرە خزمەتگوزارییەکانی مناڵان لە دایەنگا و ئەوانی تر بۆ پشتیوانکردن لە کاری سیاسی و بەشداریکردنی ئافرەتان لە پۆستە سەرکردایەتییەکان و جێبەجێکردندا. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | لائیحەکانی پۆستە گشتییەکان و کەرتەکان و دامەزراوە و دەستە بەئامانجکراوەکان لەوانەش پارێزگاکان.<br>ئامار و ڕاپۆرتە نێودەوڵەتی و نیشتمانی و هەرێمییەکان.<br>پێوانەکان بۆ مەبەستەکان. |
| مەترسیی و گریمانەکان | بوونی ئیرادەیەکی سیاسی تەواو بۆ زیادکردنی بەشداری ئافرەتان لە پێگەکانی بڕیارداندا.<br>قبوڵکردنی پەرلەمان بۆ بیرۆکەی فراوانکردنی بەشداریکردن ژنان و |

| | |
|---|---|
| | دەرکردنی تەشریعاتی گونجاو.<br>کاریگەری جیهانگیری و کرانەوەی شارستانی و ئاسانی سەفەرکردن بۆ دەرەوەی هەرێم دەبێتە هۆی کرانەوەی ئاسۆی ڕۆشنبیریی بۆ پیاوان و ژنان.<br>زیادبوونی هۆشیاریی ژنان بە مافە سیاسییەکانیان.<br>کێبڕکێی سیاسی لەسەر پێگەکانی بڕیارداندا.<br>سیستمی بەهایی لە کۆمەڵگەدا لە عورف داب و نەریتەکان و چەمکەکان کە سنوور بۆ ڕۆڵەکانی ئافرەت لە ژیانی گشتیدا، دادەنێت.<br>لاوازی هەنگاونانی خودی ئافرەتان بۆ بەشداری سیاسی و گەیشتن بە پێگەکانی بڕیاردان بە هۆی باکگراوندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان.<br>سەختی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە دەردەچن یان هەموار دەکرێنەوە و تایبەتن بە یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی ئەمەش بە هۆی بەرگری ڕانەگەیاندراو.<br>ڕەتکردنەوەی هاوکاری لە لایەن پارت و کوتلە پەرلەمانییەکانەوە بۆ هاوکاریکردن لە بەدیهێنانی تێکەڵکردنی زیاتری ژنان لە کاروباری سیاسیدا.<br>بەگریکردنی ژنان لە بەرانبەر گۆڕانکاری لە ترسی بەربەستەکاندا. |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ٥. ١.**<br>**پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ١٣٢٥، ڕێوشوێنگەلێکی یاسایی و تەشریعی ئامادەباشیە کارگێڕییە پێشنیارکراوەکان بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی ئافرەتان لە پێگەکانی سیاسەت و بڕیارداندا.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | ڕاپۆرتی پێداچوونەوەی یاساکان و دەستنیشانکردنی کەلێنەکان.<br>لائیحەی پراوە و ئەزموونە تازەکان لە ناوچەکەدا.<br>ڕەشنووسی ڕێوشوێنە باوەڕپێکراوەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریکردنی ئافرەتە پێشنیارکراوەکان. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | ڕاپۆرتەکان و یاسا و تەشریعات و لائیحە نیشتمانی و نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان. |
| مەترسیی و گریمانەکان | بوونی سیستەمی کۆتا و ژمارەیەك لەو یاسایانەی کە ڕێ لە چەمك و عورفە تەقلیدییەکان دەگرن کە جیاکاری لە نێوان هەردوو ڕەگەز دەکەن.<br>بوونی ڕێکخراوەکان و هاوپەیمانێتییەکان لە هەرێم کە لە پێناو پرسەکەدا کار دەکەن.<br>بوونی ئەزموونی سەرکەوتوو لە ناوچەکەدا.<br>بوونی لێهاتوویی لە شیکردنەوەی ستراتیژی و وێنەکێشانی هەڵمەتەکانی بەرگریکردن.<br>هاوکارینەکردنی پارت و کوتلە سیاسییەکان لە پشتیوانیکردنی پرۆسەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی کەفیل بە زیادکردنی بەشداری سیاسی بۆ ژنان. |

| | |
|---|---|
| ئاكامەكان | **دەرچە ٥. ٢.**<br>**توانا و لێهاتووییەکانی ژنان لەسەر بەتواناکردنی خود و سەرکردایەتی کردن بنیاتنراوە.** |
| ئاماژەكان (هێڵی بنەڕەتی) | بابەتەکانی ڕاهێنان و بەڵگەی پەرەپێدراو لەبارەی شارەزایی سەرکردایەتی کردن و بڕیاردانداا.<br>ژمارەی ژنانی راهێنراو لە بەرنامەکانی گەشەپێدانی تواناکاندا.<br>ژمارەی دەستپێشخەرییەکانی ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە ژیانی گشتی و پۆستە سەرکردایەتییەکاندا.<br>% ئەو ژنانەی نیەتی خۆیان دەربڕیوە لە چوونە ناوەوەی کۆمەڵەکانی ژنان یان پارتەکان هەموو ٦ مانگ جارێك.<br>% ئەو ژنانەی کە نیەتی خۆیان دەربڕیووە لە چوونە ناوەوەی هەڵبژارنەکان. |
| سەرچاوەكانی دڵنیابوون | ئامار و ڕاپۆرتە هەرێمیی و نیشتمانییەکان.<br>لیستەکانی کۆمەڵەکان.<br>لیستەکانی پارتە سیاسیەکان.<br>لیستەکانی هەڵبژاردنەکان.<br>پلیتی چوونەناوەوە.<br>رووپێو بۆ مەبەستەکان. |
| مەترسیی و گریمانەكان | بوونی سەنتەرەکانی ڕاهێنان لە هەندێ دامەزراوەی حکومی و ناحکومی و زانکۆکان و پەیمانگاکان کە وا لە ئافرەتان دەکات سوودیان لێ ببینن.<br>دابینبوونی شارەزایی تەکنیکی تەواو بۆ زیادکردنی توانا سەرکردایەتییەکانی ئافرەتان.<br>بوونی کۆمەڵەکان و پارتەکان کە یارمەتی دەستەبژێرکردنی گروپی بە ئامانجکراو بدات.<br>بەرپرسیارێتییە خێزانییەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی ژنان.<br>ڕێکخستنی کاری سیاسی و کاری کۆمەڵگەیی لەو کاتانەی کە لەگەڵ ڕۆڵ و ئەرکە جۆراوجۆرەکانی ئافرەتاندا ناگونجێت. |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | دەرچە ٥. ٣.<br>بەرزی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە و ئافرەتان لەبارەی گرنگی مافی ئافرەتان لە پڕکردنەوەی پۆستە سەرکردایەتییەکاندا. |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | پلانێکی میدیایی کە پشتیوانی گرنگی بەشداریکردنی ژنان بکات لە ژیانی گشتیدا (بەڵگەنامەکە).<br>بابەتی راگەیاندنی جۆراوجۆری ئامادەکراو کە بۆ بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانیش بشێت.<br># هەڵمەتەکانی راگەیاندن چڕکردنەوە بۆ هۆشیارکردنەوەی مافەکانی ژنان لە هەڵبژاردن و کاندیدبوون و داکۆکیکردن لەو پرسانەی کە بەرژەوەندی گشتین وەك ئاشتی و گەشەپێدان و هاوکاری لە کۆمەڵگەدا...<br># سەنتەر و یانەگەلێکی رۆشەنبیری تایبەت بە ئافرەتان کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان بە مافەکانیان لە بەشداری سیاسی و بڕیارداندا، دەکەن.<br>ژمارەی زنجیرەی هۆشیارکردنەوە لە ژمارەیەك لە کەناڵەکانی پەیوەندیکردن و بەردەوامبوون لەوانەش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.<br>ژمارەی بڵاوکراوە و چاپکراوەکانی تایبەت بە ژنان.<br>ژمارەی کەناڵە تەلەفزیونییەکان کە بەرنامەی تایبەت بە پرسەکانی ژنان و نەهێشتنی توندوتیژی پەخش دەکەن.<br>ژمارەی دامەزراوەکان لە حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی کە بابەتە میدیاییەکان بۆ هەمان مەبەست بەکاردەهێنێت. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | |
| مەترسیی و گریمانەکان | هۆشیاریی زیادبوو لەسەر ئاستی هەرێم و کۆمەڵگە لەبارەی گرنگی بەشداری ژنان لە هەموو ئاستەکاندا.<br>سیاسەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان کە جەخت لەسەر ڕەچاوکردنی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی لە بەرنامە و چالاکیەکانیدا دەکاتەوە.<br>بوونی دامەزراوەی ڕاگەیاندنی جیاواز لە هەرێمی کوردستان کە دەشێت سوودیان لێوەربگیرێت.<br>بوونی ژمارەیەك ژنانی میدیاکار کە گرنگی بە پرسەکانی ژنان دەدەن. |

| | |
|---|---|
| | بوونی چاپخانە و خانەی ڕۆشنبیری ئەهلی و حکومی کە گرنگی بە کاروباری ڕۆشەنبیری گشتی دەدەن.<br>ئەو داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوانەی کە پشتیوانی وێنە جۆرییەکان ژنان دەکات و بەتایبەتیش لە ئاست ڕۆڵە سیاسییەکەیدا.<br>کەمی و لە هەندێ کاتدا نەبوونی ناوەندەکانی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.<br>بوونی کەناڵە بازرگانییە ئەهلییەکان کە سیاسەتی تایبەتییان گەرەنتی پابەندبوون بە ئامانجەکانی ستراتیژییەتەکە نییە.<br>زیادبوونی ڕەوتە توندڕەوەکان. |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **٦. ئاکامی شەشەم:**<br>**ئەو دامەزراوانەی کە پەیوەندیـــــدارن بە کاروبـــــاری ئافرەتـــــانەوە هەیە پشـــــتیوانکراون بە داهـــــات و دەسەڵاتێك کە بواریان پێدەدات ئەرکەکانی خۆیان بە کارایيەکی کاریگەر لەپرۆسەی گۆڕاندا، جێبەجێبکەن.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | دانانی یاسای ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان.<br>تەرخـانکردنی بـودجەیەکی بەردەوام بـۆ ئەنجـومەنی بـاڵای کاروبـاری خانمان لە هەرێمی کوردستاندا.<br>سـەنتەرەکانی چـاودێری حاڵەتەکـانی جیاکـاری لە سـەر بنەمـای جـۆری کۆمەڵایەتی.<br>بڕیـــاڕی تێکەڵکردنـــی جـــۆری کـــۆمەڵایەتی لە پلانـــی گەشـــەپێدان لە هەرێمی کوردستان.<br>بڕیارێك بۆ پشتبەستن بە بودجەیەکی هەستیار بۆ جـۆری کـۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان کە بە شێنەیی جێبەجێ بکرێت.<br>دەرکردنی یاسایەك بۆ سەرنجدانی (ترسیم) بەرپرسان (ژنـان و پیـاوان) لە سـەر چـاودێرکردنی پرۆسـەی تێکەڵکردنـی جـۆری کـۆمەڵایەتی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا.<br>ژمارەی یەکەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتەکان دامەزرێنراون. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | ئەو یاسا و تەشریعانەی کە لە ڕووی نێودەوڵەتی و نیشتمانی و هەرێمییەوە پەیوەندیدارن.<br>ئاراستەکردنە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا.<br>لائیحەی ئەرکەکانی ئەنجومەن بە گەڕانەوە بۆ دیسپلینە نێودەوڵەتییەکان، (ڕێککەوتننامەی سیداو، کۆنگرەکانی ڤییەننا، قاهیرە و پەکین). |
| مەترسیی و گریمانەکان | بـــوونی ڕێکخـــراوە نێـــودەوڵەتی و هەرێمیـــیە هاوپەیمانەکـــان و ڕێکخراوەکـــانی کـــۆمەڵگەی مەدەنـــی کە پاڵپشـــتی چالاکییەکـــانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەکات.<br>دامەزرانـدنی نـوێ بـۆ بـۆردی چـاودێری مافەکـانی ژنـان لە هەرێمـی کوردستان- عێراق.<br>ڕێکنەکەوتنی کوتلە پەرلەمانییەکان لە دەرکردنـی یاسـای ئەنجـومەنی باڵای کاروباری خانمان. |

| | |
|---|---|
| نادیـاریی (التبـاس) پەیوەسـت بە ڕۆڵـی ئەنجـومەنی بـاڵای کاروبـاری خانمان دوای دامەزراندنی بۆردی چاودێریی مافەکانی ئافرەتان.<br>گـــۆڕان و جێگیـــر نەبـــوونی ئەولەویـــاتی تـــایبەت بە ئافرەتـــان لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکاندا. | |

| | |
|---|---|
| دەرچە ٦. ١.<br>**ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەسەڵات و داهاتی ماددی و مرۆیی گونجاوی هەیە.** | ئاکامەکان |
| پەسـەندکردنی یاسـای ئەنجـومەنی بـاڵای کاروبـاری خانمـان، متمـانە پێکراو و بەرزکراوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.<br>پڕۆژەکـــانی بڕیارەکـــانی بە دامەزراوەکردنـــی جـــۆری کـــۆمەڵایەتی ڕیککەوتوون لە سەری و بەرزکراوەتەوە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان. | ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) |
| یاسا و تەشریعە پەیوەندیدارەکان لە ڕووی نێودەوڵەتی و هەرێمی و نیشتمانییەوە.<br>ئاراستەکردنە نێودەوڵەتییەکان لەم بوارەدا. | سەرچاوەکانی دڵنیابوون |
| بـــوونی ئیرادەیەکـــی سیاســـی بـــۆ دامەزرانـــدن و پشـــتیوانیکردنی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە دەسەڵات و داهاتە پێویستەکان.<br>دژایەتیکردنـــی ئەنجـــومەنی بـــاڵای کاروبـــاری خانمـــان لە هەرێمـــی کوردستان لەلایەن هەندێ لایەنەوە بەحکومەتیشەوە لەسـەر پێـدانی دەســەڵاتی چـاودێری و لێپێچیــنەوە لەبـارەی یەکسـانی و گەیشـتنی ئافرەتـــان بە مافەکـــان و جیاکـــاری نەکـــردن لە دژیانـــدا لە بەشـــداری سیاسی و وەرگرتنی پۆست و پلە باڵاکان.<br>نەتوانینی پەرلەمان لە دەرکردنـی یاسـای ئەنجـومەنی بـاڵای کاروبـاری خانمان. | مەترسیی و گریمانەکان |
| | |

| | |
|---|---|
| ئاكامەكان | **دەرچە ٦. ٢.**<br>**ڕەشنووسی چوارچێوە و ڕێوشوێنە پێشنیارکراوەکان بـۆ تێکەڵکردن و بەدامەزراوەییکردنی جـۆری کـۆمەڵایەتی لە پلانی گەشەپێدان و بودجەی وەزارەتە جیاوازەکاندا.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | بەڵگەگەلێـك بـۆ تێکەڵکردنـی جـۆری کـۆمەڵایەتی لە سیاسـەت و بەرنامەکان بە لایەنی کەمەوەلە ٣ کەرتدا.<br>بەڵگەگەلێك بۆ جێبەجێکرنی بـودجەی جۆری کـۆمەڵایەتی کونجاوبێـت لەگەڵ تایبەتمەندی ٣ کەرت بە لایەنی کەمەوە.<br>ژمارەی دامەزراوە و کادیرە بە تواناکان لە جێبەجێکردنی بەڵگەکاندا.<br>ڕێـژەی ئامـارە پێشکەشـکراوەکان بە گـوێرەی جـۆری کـۆمەڵایەتی لە گشت وەزارەتێك لە کۆی ئامارە بەردەستەکاندا |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | بەدەستهێنانی شارەزایی و داهاتی پێویست بۆ تێکەڵکردنی پرسەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتەکاندا.<br>بەدەستهێنانی داهاتی ماددی و مرۆیی پێویست بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی تێکەڵکردنەکە و دامەزراندنی یەکەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتەکاندا.<br>ئامادەنەبوونی ئیرادەی سیاسی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی تێکەڵکردنەکە و نادیدەگرتنی جۆری کۆمەڵایەتی لەم وەزارەتانەدا.<br>خاوەخاوکردنی وەزارەتەکان لە پشتیوانیکردنی پرۆسەی تێکەڵکردنی جۆری کۆمەڵایەتی لە پلانی گەشەپێدان و بودجەدا. |
| مەترسیی و گریمانەکان | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ٦. ٣.**<br>**پرۆگرامی تێکەڵکردن و بە دامەزراوەییکردنی جۆری کۆمەڵایەتی پەرەپێدراو بۆ بنیاتنانی تواناکانی هەموو وەزارەتەکان.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | # نوێنەرەکانی ئەو کەرتانەی سوودمەندبوون لە بەرنامی تواناسازی (پلاندان و کار و کاروباری دارایی و کۆمەڵایەتی، تەندروستی، خوێندن، وەزارەتی ژنان، پەرلەمان).<br>ژمارەی یەکەکانی جۆری کۆمەڵایەتی کە پەرەیان بە پلانی تێکەڵکردنی جۆری کۆمەڵایەتی داوە.<br>ڕاپۆرتە دەورییەکان لەبارەی ڕەوشی ئافرەتان.<br>کۆنگرە ساڵانەییەکان لەبارەی پرسەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | پلانەکانی گەشەپێدانی کەرتی و نیشتمانی.<br>ستراتیژییەتە پەیوەندیدارەکان.<br>لائیحەکانی کارمەندانی (ژنان و پیاوان) لە کەرتە پەیوەندیدارەکاندا.<br>لیستی شارەزایان (ژنان وپیاوان) لە جۆری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا. |
| مەترسیی و گریمانەکان | |

| | |
|---|---|
| ئاکامەکان | **دەرچە ٦. ٤.**<br>**پلانێکـــی میـــدیایی پشتپێبەســـتراو کە پشـــتیوانی لە بنەماکانی یەکسانی و لابردنی جیاکـاری دژ بە ژنـان و بنەمـــای بەشـــداریکردنی ژنـــان لە ژیـــانی گشـــتی و تایبەتیدا، دەکات.** |
| ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) | ساڵانە بەلایەنـی کەمەوە دوو هەڵمەتـی جێبەجێکـراو بە بـۆنەی ڕۆژی جیهـانی ئافرەتـان و هەڵمەتـی ١٦ ڕۆژی بـۆ سەرخسـتنی نەهێشـتنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان، یەکسانی و مافە مرۆییەکـانی ژنان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا.<br>#چاکسازییە بەرزکراوەکان لە هەموو بۆنەیەکدا. |
| سەرچاوەکانی دڵنیابوون | |
| مەترسیی و گریمانەکان | تەبەنیکردنی حکومەت بۆ چالاکییە نێودەوڵەتییەکان.<br>پشتیوانیکردنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.<br>بوونی تۆڕ و هاوپەیمانێتیگەلێك و هەماهەنگی لەگەڵیاندا هەمان هەڵمەت ڕێکدەخەن.<br>بەردەستنەبوونی داهاتی پێویست / گونجاو<br>کەشوهەوای سیاسی نەگونجاو. |